# په پڤستانی من

حمەکەریم عارف

2007



www.pertwk.com

# وتەیەك

خوێنەری هێژا، ئەم نووسینانەی لێرەدا دەیانبینی هەرهەموویان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی دوای ساڵی 1991ی هەرێمی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە، بەداخەوە ڕۆژو ژمارەی ئەو بڵاو کراوانەم بە دەست نەکەوتنەوە تا لە پاینی هەر بابەتێکدا دایبنەمەوەو ببێ بەجۆرە ئاسانکاری و زەمینە خۆشکردنێك بۆ ئەو باسکارەی دەیەوێ بایەخی مێژووییان-ئەگەر هەیانبێ- دیاری بکات.. هەڵبەتە بۆ کەسێك ئەمەی مەبەست بێ دەتوانێت لە ئەرشیفخانە گشتی و شەخسییەکاندا پەیدای بکات..

ئەوی ڕاستی بێت ماوەیەکی زۆر دوو دڵ بووم لەوەی کە لە یەك بەرگدا کۆیان بکەمەوە یان نا، بەڵام کە بیرم کردەوە سەیرم کرد بەشێکن لە بۆچوونی ڕەخنە ئامێزی بەندە بۆ ئەو دۆزە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و نیمچە سیاسیانەی کە لەو ڕۆژو ڕۆژگارانەدا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە مامەڵەم لەتەکدا کردوون و هەوڵی چارەسەرم داوون. ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی گرنگن لە چالاکی و مێژووی چەلەنگی نووسینی بەندە، بەشێکیش لە مێژووی قۆناغێکی ڕۆژنامەوانی کوردی پێکدێنن و خەمخۆرانی واری ڕۆژنامەوانی دکارن وەکو هێڵێکی بەیانی،بۆ زانینی ئاستی ڕۆژنامەوانی وەخت و ڕۆژگاری خۆی،و ڕادەی ئازادیی ڕۆژنامەڤانی کوردی،سوودی لێوەربگرن. ئەمە جگە لەوەی وەکو نموونەی پەخشان و زمانی کوردی و مێژووی پەرەسەندنی زمانی کوردی ئەو ڕۆژگارە، بۆ باسکارانی ئەو مەیدانەش لە سوودو کەڵك بەدەر نین..

بەهەرحاڵ، ئەم نووسینانە بەشێکن لە چالاکی و ئەزموونی نووسینی بەندە، ڕاستگۆیانە گوزارشت لە بیرو بۆچوونی قۆناغێکی تەجرەبەی بەندە دەکەن، هەستم کرد ئەوە دێنن کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆیان بکەمەوە.. هێڤیدارم خوێنەران لەم پەیڤستانەدا بۆ تاوێك بهێورن و هەمان ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ڕەخنە ئامێزی خودی نووسینەکان بکەن بە مەحەك و پێوانەی ڕەفزو قبوڵ..

حەمەکەریم عارف
2007-11-11
سلێمانی

## تیرۆژێکی ئەدەبی

"1"

زۆرجار دەقێکی ئەدەبی یان کارێکی هونەری لە قۆناغێکدا رەواجێکی زۆر پەیدا دەکات، دیارە مەرج نییە هەر دەقێکی رەواجدار دەقی چاك بێت. بەڵام دەقی چاك هەمیشە و بەزەبری هونەرییەتی خۆی رەواجدار دەبێت.

"2"

چیرۆك پتر مامەڵە دەگەڵ تەبع و تەبیعەتی مرۆڤانیدا دەکات، مامەڵە دەگەڵ هەستەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، بۆیە تا چیرۆکنوس شارەزایی لەتەبع و تەبیعەتی مرۆڤدا پتربێ و زانیاری قوڵ و دەوڵەمەندی لەم بارەیەوە هەبێ کارەکەی زیندووتر و دووربوردتر دەبێت.

"3"

نووسەر بەتایبەتی چیرۆکنوس بۆ ئاسودەیی ویژدان و رەواندەنەوەی نیگەرانی خۆی دەنووسێت، بۆیە دەبێ خاوەنی روانین و جیهانبینییەکی مرۆڤانی روون و دیار بێ، تا بتوانێ بەئەمانەتەوە روانین و جیهانبینی خۆی لەمەڕ مرۆڤ و دنیای دەوروبەری نەقڵ بکات.

"4"

نووسەر، ئەگەر ئەزمونی خودی خۆیشی بکات بە کەرەستەی نووسینی چیرۆك و رۆمانەکانی، نابێ هەرگیز وەکو لایەنێکی هاوکێشە هونەرییەکە دەربکەوێت. نابێ ببێ بەلایەنێکی رووداوەکان، بەڵکو دەبێ تەنیا چاودێری روداوەکان بکات و لە هەموو شوێنێکی دنیای چیرۆکەکەدا ئامادەیی هەبێ و لە هیچ شوێنێکیدا دیار نەبێت. دیارە هەندێ نووسەری زۆر گەورە هەن لەم یاساو ڕێسایە بەدەرن و بۆ خۆیان یاساشکێنی دەکەن کە خۆی لە خۆیدا جۆرە زندوێتیو نەمرییەك بەکارەکانیان دەبەخشێت.. نووسەریان چیرۆکنوس نایەت رێگە بە خەڵکی نیشان بدات یان بەرنامەی کاریان بۆ دابنێ، بەڵکو فێری چۆنیەتی لەخۆ گەییشتنیان دەکات، هەڵبەتە ئەمە بەزەبری هونەرییەت دەکات.

چیرۆکنوس نابێ ببێ بەوەعزدادەری کۆمەڵایەتی و ئامۆژگاری خەڵك ناکات کەچی بکەن و چی نەکەن، بەڵکو تەنیا چاودێرێکە کامیرایەکی زۆر حەساسی لەناو هەموو هەستەکانیدا شاردۆتەوەو زندوترین ساتە مرۆڤانییەکانی ناو بزاڤی ژیانی هونەرمەندانە پێدەگرێت و نیشانی دەدات, چیرۆك پتر نیشاندانە تاگوتن.



www.pertwk.com

"5"

یەکێك لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی چیرۆکنوس ئەزمون خیبرەیە, ئەمە بە رادەیەك بۆ چیرۆکنووس پێویستە کە دەشێت بەرەسەنترین سەرچاوە بزانرێ و هەرشتێك کە خبرەی دەربارەی نەبێ نابێ خۆی لەقەرەی بدات، چونکە بەدڵنیانیەوە تووشی ناکامی دەبێت. هەڵبەت مەبەست لە خبرە و ئەزموون تەنیا ئەزموون و تاقیکراوە شەخسییەکان نییە، بەڵکو ئەوەی دەربارەی کەسانی تریش دەیبیستێ و دەیبینێ دەیخوێنێتەوە هەر دەکاتە خبرەو دەبێ بە موڵکی چیرۆکنوس و بۆی هەیە و دەتوانێ ئەوپەڕی سوودی لێوەربگرێ.

"6"

ئاڵۆزی و غموز یەکێکە لە سیماکانی ژیانی مرۆڤ و بگرە رەگەزێکی رەسەن و جەوهەری ژیانی مرۆڤە، واتا هەر مرۆڤێك بگری، بەتایبەتی لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، کۆمەڵێك ئاڵۆزکاوی خۆی هەیە، ئەمە جگە لەمەرگ، کە رەنگە یەکێك بێ لەو فاکتەرە ئاڵۆزانەی کە خودی مرۆڤ و تەبع و تەبیعەتی ئاڵۆز بکات، لە چیرۆکدا چیرۆکنوس نایەت ڕای خۆی لەمەڕ ژیان و مەرگ دەرببڕێت بەڵکو ئەو شتە تۆمار دەکات کە خۆی بەچاو و هەستی هونەرمەندانە دەیبینێ، ئەم حاڵە ئاڵۆزە لەهەموو دەقێکی زندوودا رەنگدەداتەوە.

"7"

سەرەتاو دەسپێکی چاك، بەئاسانی خوێنەر بەگەڵ خۆی دەخات و بەرە و ناو جەرگەی ڕووداوەکانی دەبات، بەرەو قوڵایی دەقەکەی دەبات و ئیدی لەوێندەرەوە بەپێی ئاستی فامیدەیی و سەلیقە و ڕادەی تێگەییشتنی خۆی، مەبەست و رەمز و هێماکانی دەق کەشف دەکات و پێوەندی لە نێوان چیرۆکنوس و دەقدا نامێنێ یان نووسەر دەچێتە خانەی نەبوانەوەو لەبری ئەوە پەیوەندی لەنێوان خوێنەر و دەقدا دروست دەبێت.

"8"

قارەمان کۆڵەکەیەکی زۆر گرینگی چیرۆکە، بۆیە دەبێ زۆر زندوو بێ، واتا دەبێ پەیوەندییەکی زیندووی پڕژیانی لەگەڵ هەموو شتەکانی تری ناو دنیای چیرۆکەکەدا هەبێ، سەربەخۆیی خۆی هەبێ و نەبێت بە بڵندگوی بیر و بۆچونی سیاسی چیرۆکنوس، بەڵکو دەبێ بوون و ئامادەبوونێکی بەشەری ئەوەندە زندووی هەبێ کە ژیانی لێوە هەڵبقوڵێت.

"9"

هەرچەندە کەرەستە ئەدەبییەکان موڵکی باوو حەلاڵی هەموو کەسێکن، بەلام عیبرەت لەوەدایە کەهەر نووسەرێك ڕێبازی تایبەتی نووسینی خۆی هەبێ و نەفەسی خۆی بە بەر ئەو

دەقەدا بکات کە دایدەهێنێ، راستە نووسەری گەورەی ئەوتۆ لە دنیاداهەن و هەرچی بکەی ناتوانی لەکاریگەرییان دەربچێت و یاخیببی، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لاسایی مووبەموو بکرێنەوە چونکە وێڕای دوور بوردی و ئایندە ڕوانیان، هەر ڕۆڵەی سەردەمی خۆیانن، بۆیە هەر بەهەمان پێوانە، هەر نەوەیەك ڕۆڵەی سەردەمی خۆیەتی و نابێ خۆی بە یەك فۆرم و شێوەوە ببەستێتەوە و دەبێ دەقخولقێن بێ، دیارە دەق خۆی لە خۆیدا شۆڕشە، و شکاندنی شێوە و قاڵبەکانە..

"10"

چیرۆکنوس نابێ لەکاتی نووسیندا، جەماوەری خوێنەر لە هزری خۆیدا بەرجەستە بکات و لێی بترسێت، هەر لەم پێوودانگەوە نابێت سڵ لەبەکارهێنانی ئاڵۆزترین ووشە و دەستەواژە و ڕستەبکاتەوە، دەبێ سەیرترین ووشەو خواست بەکار بێنێ ئەگەر گوزارشت لەو مەبەستەبکات کە نووسەر گەرەکێتی هونەرمەندانە نیشانی بدات، بەکورتی دەقی چاك ئەگەر پڕ بێت لە ووشەو دەستەواژەی غەریب و ئاڵۆز و ناباویش، مادامێکی نووسەر دەزانێت ئەو ووشەو دەستەواژانە چ دەگەیەنن، ئەوا جەماوەری خوێنەرش تێیدەگەن، بەلام ئەمە بەو مانایە نییە کە چیرۆکنوس کەشفکردنی شەخسی لە خوێنەر بشێوێنێ و ڕوانینی خۆی بەسەردا بسەپێنێ، بەهەرحاڵ وێڕای ئەو قسانەش، باوەڕناکەم هیچ جۆرە یاساو ڕێسایەك هەبێ بۆ نووسینی ئیبداعی، چونکە ئەفراندن لە بنەڕەتدا بریتییە لە شۆڕش و یاخی بوون لەهەر دەستورو ڕێسایەك، هەرنووسەرە دەتوانێ بەدەر لە سوود وەرگرتن لە تەجرەبەو نووسینی کەسانی بەر لەخۆی و کەسانی سەردەمی خۆی، یاساو دەستوری تایبەت بەخۆی دابهێنێ و کاری پێبکات چونکە تاقە یاسایەکی نەگۆڕ لەبواری ئەفراندندا تەنیا ئەوەیە کە هیچ ڕێسایەك نییەو، دەستورو یاسای تایبەتی لەگەڵ لەدایکبوونی هەر دەقێکی تایبەتیدا لەدایك دەبێت و ئاوێتەی یەکدی دەبن.



www.pertwk.com

## رۆمان دەکاتە دەڤاندنی
## رەگەزەکانی خۆی

"1"

رۆمان, رەنگە تەڕ و تازەترین مەیدانی ئەدەب بێ, چونکە سەدان جۆگەلەی ورد و درشت لە دوور و نزیکەوە دێن و تێی دەرژێن و زۆرجار شێوەی دەریا وەردەگرێ.. واتا رۆمان دەریایەکی مەنگی بە سام و هەیبەتە و سەدان جۆگەلەی سەرهەلگرتوو دێن و خۆی پێدا دەکەن و لەوێندەر ئارام دەگرن و دەبن بە بەشێك لە پێکهاتەی ئەو دنیا بالایەی ئەدەب کە پێی دەگوترێ رۆمان. شیعر و مێژوو دوو جۆگەلەی هەرە سەرەکین لەو جۆگایانە ! بە کورتی, رۆمان چیرۆکێکە, قوولی و بەرینییەکی تایبەتی هەیە, کە رەنگە ئەم قوولی و بەرینییە بە کەمتر لە پەنجا هەزار ووشەیەك نەیەتە نیشاندان" چونکە رۆمان وێنە گرتنێکی تەواوی ژیانی بنیادەمە چ لە رووی ئاسایی و چ لە رووی قارەمانییەوە, چ لە رووی تاوتوێ کردنی ناخی روحی بنیادەمەوە, کە ئەمانە هەروا بە ئاسانی و لە چەند ووشەیەکی کەمدا نایەنە نیشاندان. ئەمە جگە لەوەی کە رۆمان ئاوێتەی تایبەتمەندییە مرۆڤانییەکانەو هەرگیز ناشێت مرۆڤ لە مەیدانی رۆمان وەدەر بنرێ. چونکە ئەمە زیان بە رۆمان دەگەیەنێت و دەیپوکێنێتەوەو لە هونەرییەتی دەخات و ئەو کاتە لە کۆمەلە ووشەیەك بەولاوە چیتر نابێ, واتا چەند جوانیش بێ, دەبێ بە کۆشکێکی بێ ئاوەدانی و چۆل و هۆل.

"2"

یەکێك لە بنەما سەرەکی و بنەڕەتییەکانی رۆمان, رەگەز و تۆخمی حیکایەت و نەقلە. ئەم رەگەزە بە رادەیەك زالە کە زۆرجار بە چیرۆکی هونەرییش گوتراوە

نەقڵ یان حیکایەت. بۆیە هیچ نابێتە زێدەڕۆیی گەر لە پێناسـەی ڕۆمانـدا بگـوترێ: "ژانرێکـی ئەدەبییـە بـە شـێوەیەکی هونـەری حیکایـەت و نـەقڵان دەگێڕێتـەوە."
کەواتە گێڕانەوەی حیکایەت یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لە هەموو ڕۆمانێکدا هـەن و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕۆمان بەبێ ئەو ڕەگەزە پێك نایەت.
هەڵبەتە ڕەگەزی حیکایەت و نەقڵ پێویستە ڕەگەزێکی دیکەش بەگەڵ خۆی بخات, ئەویش ئەوەیە کە وا لە خوێنەر یان گوێگر بکات بە تاسەوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەم پرسـیارە بکـات: پاشـان چ دەبێـت؟ واتـا ڕووداوەکـان بـەرەو کـوێ دەچـن و بـە چ ئاکامێك دەگەن, ئەمـەش دەکاتـە وروژانـدنێکی هونەریانـەو وەسـتایانەی, ئشـتیای گوێگرتن یان خوێندنەوە. دیارە ئەم ڕەگەزەش بایەخی زۆر گرینگـی خـۆی هەیـە و هەر ئەمەش لە حیکایەتـەکانی هـەزار و یـەك شـەوەدا, شـەهرەزاد لـە مـەرگ ڕزگـار دەکات. واتا شەهرەزاد دەیزانی وەستایانەو هونەریانـە چـەکی (چاوەنۆڕی) بـەکار بێنێ و وا لە بەرانبەرەکەی بکات کە چاوەنۆڕی ئاکامی ڕووداوەکان بکات. هەڵبەتـە بـۆ بـەکار هێنـانی ئـەم چـەکە پێویسـت بـە وەسـفی ورد و دڵگـیر و دروسـتکردن و خوڵقاندنی ڕووداوی تازەو هۆشمەندانەو وێنـەی زینـدوو هەیـە, واتـا ئەمانـە هـەموو دەبێ لە خزمەتی ڕەگەزی چاوەڕوانی دا بن, چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم پرسیارە:- پاشان چی ڕوودەدات؟

"3"

گوتمان, یەکێك لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی ڕۆمان, حیکایەت و نەقڵـە,.. نـەقڵ و حیکایـەتیش گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـە بـە پێـی تـەرتیبی زەمـان. ئەمـەش خـۆی لەخۆیدا, گرینگی زەمان لە ڕۆماندا دەردەخات, چونکە بـەبێ زەمـان و لـە دەرێـی زەماندا ناتوانێ هیچ شتێك بەیان بکات.

"4"

ڕەگەزێکی دیکەی زۆر گرینگی ڕۆمان بریتییە لە قارەمان. دەتوانین بڵێین هۆکـاری بەرجەستە بوونی ڕووداوە لە نێو چوارچێوەی زەمەنی هونەرییانەی چیرۆکدا. دیارە قارەمان ڕاستەوخۆو وەکو چۆن لە واقیعدا هەیە, ناگوێزرێتەوە بۆ نێو دنیای ڕۆمـان


www.pertwk.com

و چیرۆك, بەڵكو دەستكارییەكی هونەریانەی ئەوتۆ دەكرێت, كە تەنیا لە نێو واقیعی رۆمان و چیرۆكاندا, پاساو بۆ بوونی دەمێنێ, هەركە لەو واقیعە هەڵاوێردا ئیدی ئەو بوونە زیندوو كاریگەرەی نامێنێ.. واتا چیرۆكنوس و رۆماننوس, پتر بە دیوی ناوەوەی كاراكتەر و قارەماندا شۆڕ دەبێتەوەو بۆ خوێنەری كەشف دەكات. بە كورتی رۆماننوس قارەمانێك دروستدەكات و دەخوڵقێنێ كە زۆر جیاوازە لە قارەمانی واقیعی, خۆ ئەگەر لە واقیعیشەوە وەریبگرێ كوت و مت وەكو خۆی وەریناگرێ, بەڵكو دەیكات بە خەڵقەندەیەكی هونەری و پۆشاكی خوێندنەوەیەكی تازەی نووسەر یان هونەرمەندی بە بالادا دەبڕێ.. دیارە ئەم خوێندنەوەیە لایەنەكانی هەست و ئارەزوو, و خەون و خۆشی و شادی و خەم و ئەو خەون و خەیاڵ و هزرو بیر كردنەوە هەرە تایبەتیانەدەگرێتەوە كە رەنگە داب و نەریت و یاسا و رێسا كۆمەڵایەتییەكان و شەرم و حەیا رێگەی بەرجەستە بوون و دەربڕین و نیشاندانیان نەدەن.. چونكە نیشاندانی ئەم لایەنانەی تەبیعەتی مرۆڤ یەكێكە لە ئەركە هەرە سەرەكییەكانی رۆمان.. بە هەرحاڵ رۆمان, بەرهەمێكی هونەرییە. بنەماو رێسا و یاسای خۆی هەیە.. قارەمانی رۆمان وەختێ واقیعییە كە لەگەڵ ئەو یاسا و رێسا تایبەتییانەدا بگونجێن و– هەڵبەتە دەشێت هەر رۆمانێك یاساو رێسای تایبەت بەخۆی بخولقێنێ– كاتێ پێیان دەگوترێ واقیعی كە لە نێو كەش و هەواو یاسا و رێسای تایبەتی رۆمانەكەدا, وەكو كارێكی هونەری, قەناعەت بەخش بن. نەك لە نێو ژیانی رۆژانەدا نموونەو ویچنەی زۆربێ.. دیارە لە نێو قارەمانانی رۆمان و چیرۆكدا قارەمانی ئاڵۆز و فرە لایەن هەیەو قارەمانی سادەو یەك لایەن یان كەم لایەن هەیە. قارەمانی ئاڵۆز و فرە لایەن, بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و لە ئەنجامی گۆڕانی رووداوو كەش و هەوای رۆمانەكەوە دەگۆڕێن و بە شێوەیەكی قەناعەت بەخش خوێنەر رووبەڕووی سەرسامی دەكەنەوە.. بەڵام سادەو كەم لایەنەكان, زوو دێنە ناسین و ئەگەر هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ, بە ئاسانی لە هزر و بیری خوێنەردا دەمێننەوە و خوێنەر توشی سەرسامی ناكەن.. بە كورتی قارەمانی چاك ئەوەیە كە هەم بە ژیانی ئاساییەوە پەیوەست بێ و هەم لە

کەش و هەوای تایبەتی خۆیدا , واتا لە دنیای رۆمان و چیرۆکەکەدا بژی و ئەو رووداوو بەسەرهاتانەی بەسەریان دێن, تووشی هەڵچوونمان بکەن و لەزەتێکی ئستاتیکی بە روحمان ببەخشن.

"5"

گرێ, یان هۆکار و ئەنجام, رەگەزێکی هەرە گرینگی دیکەی رۆمان و چیرۆکە. لە سەرەتادا گوتمان نەقلّ و حیکایەت دەکاتە گێڕانەوەی رووداوەکانی رۆمان بە پێی تەرتیبی زەمان, هەڵبەتە گرێ–ش گێڕانەوەو نیشاندانی رووداوەکانە بەپێی ئەو پەیوەستییەی کە لە نێوان هۆو ئەنجامدا هەیە. واتا هەر هۆیەك یان چەند هۆیەك, ئەنجامێك یان چەند ئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوەو ئەمە پێی دەگوترێ رێسای هۆو ئەنجام. بۆ وێنە گەر بگوترێ: "شامردو پاشان شاژن مرد" ئەمە حیکایەت و نەقلّە.. بەلاّم کە بگوترێ: "پاشا مردو دوای ماوەیەك شاژن لە سوێیاندا مرد" ئەمە گرێیە.. هەرچەندە لێرەشدا تەرتیبی بەدوا یەکدا هاتنی زەمەن پارێزراوە, بەلاّم رێسای هۆو ئەنجام زالّە.. گوتمان نەقلّ و حیکایەت وەکو رەگەزێکی رۆمان بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئەم پرسیارە دەورووژێنێ: پاشان چی دەبێت؟ بەلاّم گرێ ئەم پرسیارە دەگرێتە خۆ: بۆچی؟! بۆ نموونە شاژن بۆچی مرد؟ واتا ئەگەر رەگەز و توخمی حیکایەت و نەقلّ کەلّکەلّە بورووژێنێ, ئەوا گرێ هۆش و هزر دەورووژێنێ. ئەمە جگە لەوەی کە هەموو گرێیەك دەبێت جۆرە نهێنییەکی وەهای تێدا بێ کە بە بێ هزر و هۆش نەدۆزرێتەوە. واتا هەر گرێیەك نهێنییەکی تایبەتی خۆی هەیەو هۆش و بیر دەدوێنێ. بەلاّم نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە ئەو نهێنییە دەبێ کورت و پوخت و پەسند و بەجێ بێت. خۆ ئەگەر هەندێ ئالۆز و تەماویش بێ ئەوا نابێ بەو رادەیە بێ کە خوێنەر چەواشەو گومرا بکات.

"6"

فانتازی وەکو چۆن هەوێنی ژیان و رەواندنەوەی سەرگەردانی مرۆڤە, رەگەزێکی پێویستی جیهانی ئەدەبیاتیشە.. فانتازی, لایەنی بەرزە خەیالّی و نائاسایی و ناواقیعی دەگرێتە خۆو بەو مەبەستە رۆماننوس و چیرۆکنوس پەنای وەبەر دەبەن


www.pertwk.com

کە پتر هونەریەت بە دەقەکانیان ببەخشێت و جوانییەکی هونەرییانەی گەشکە بەخشی پێبدات و یەکپارچەیی و شکۆی دەق بەرجەستەتر بکات.. رەگەزی فانتازی کە لە رۆمانی تازەی دنیادا زۆر لە برەودایە, پێویستە یارمەتی پێشڤەچوونی حیکایەتی چیرۆك بدات و دەوڵەمەندی بکات. واتا دەبێت لە خزمەتی پێشخستنی دەقەکەدا بێ. دەنا دەبێت بە پەڵەیەکی زەق و دەقەکە عەیبدار دەکات. چونکە فانتازیا, پتر بە مەبەستی بەرجەستە کردن و نیشاندانی هونەریانەی دیمەن و رووداوە پەراگەندەکانی ژیانە..

"7"

هەڵبەتە, ئێمە بە شێوەیەکی زۆر خێراو پەراگەندە ئاماژەمان بۆ هەندێ توخم و رەگەزی. رۆمان کرد و هەر هێندەی گوتارێکی رۆژنامەوانی هەڵبگرێ مامەڵەمان لە تەکدا کردوون, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بگوترێ کە سەراپای رەگەزەکان جۆگەلەن و دەبێ برژێنە نێو دەریای رۆمانەوەو دەقێکی یەکپارچە پێك بهێنن و بۆ زەرورەت نەبێ, نەکرێ لێکدی هەڵاوێردرێن. واتا دەبێ هەموو رەگەزەکان بە دەوری یەك بابەت دا بسورێنەوەو هەم بۆ خۆیان نەشونما بکەن و هەم گەشە بە بابەتە سەرەکییەکە بدەن و بابەتەکەش, قارەمانانی رۆمان توند لە هەمێز بگرێ و هۆکار و ئەنجام بخەملێنێ و فەراهەمی بکات و لە ئەنجامدا رۆمان وەکو دەقێکی زندووی هونەری لەدایك ببێ و هەموو رەگەزەکانی لە یەکەیەکی یەکپارچەدا پێکەوە ببەستێ و ئەوجا جاڕی هونەرییەت و بە دەقبوونی خۆی بدات.. .

**تێبینی: بۆ ئەم ووتەیە سوود لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە:**

* جنبەهای رمان
ادوارد مورگان فورستر
ترجمە: ابراهیم یونسی
چاپ چهارم/1990

"1"

هونەر بە شێوەیەکی گشتی, پێداویستی و دیاردەیەکی مرۆڤانییە, تیرەی بەشەر هەر لە کۆنی کۆنەوە جەڕباندویەتی و خۆی لێداوە, زەوقی لێوەرگرتووە. ومارەسەی کردووە, جا ئیدی لەوساوە هونەر تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ و ژیانی تێکەڵ بە هونەر بووەو لێی جیا نەبۆتەوە, هونەر لە پرۆسەی خەملێن و خەملاندنی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا, هۆیەکی بەردەوام کردنی پەیوەندییان بووە. بەشدارییەکی هەرە جددی بووە لە شارستانییەتدا, هەڵبەتە ئەمیش وەکو واقیعەکانی دیکەی ژیانی لە گۆڕان و گۆڕینی بەردەوامدا بووەو لە یاساو ڕێسای گۆڕان بەدەر نەبووە.

هونەر بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە گوزارشت لە مرۆڤ دەکات, ژانی مرۆڤ, ئاوات و خۆزگەی مرۆڤ, ڤیان و ڕق, ترس و ئازایەتی, بیرو خەیاڵ, حەقیقەت و وەهم, شادی و ناخۆشی.. واتە هونەر چالاکییەکی هەرە ڕەسەنی ئینسانیە و مرۆڤ لەو ڕێگەیەوە گوزارشت لەخۆی دەکات واتە هونەر لاواندنەوەی غوربەت و سەرگەردانی ناخی مرۆڤە و تا غوربەت و سەرگەردانی بمێنێت هونەریش دەمێنێت, غوربەت و سەرگەردانیش هەوێنی سروشتی بەشەرن و هەر دەمێنن, مەگەر بە پێی قۆناغ و ڕۆژگارو پەرەسەندنی ژیان و دنیا گۆڕانیان بەسەردابێت, هەنگینێ بە شێوازی ڕۆژ و سەردەم, هونەرییانە گوزارشتیان لێدەکرێت.

دیارە داهێنانی مرۆڤ بە زەبری کارو لە چوارچێوەی کاردا بەرجەستە دەبێت و ئەمەش ڕەنگە خاڵی یەکانگیری بێت لەگەڵ پیشەو سەنعەتدا, لەگەڵ ئەمەشدا دوو بواری جیاوازی کارکردنن, چونکە ئەگەر سەنعەت و پیشە لاسایی کردنەوەیەك بێت,



www.pertwk.com

ئەوا هونەر داهێنان و ئەفراندنی وێنەیەك یان دیمەنێکە لە ژیان, هونەرمەند, لە هەولّ و کۆششی بەردەوامدایە کە بە شێوازی تایبەتی خۆی کارێك بە شێوەیەك بهونەرێنیّ کە هەم شەقلّی تایبەتی ئەوی پێوە دیار بێت و هەم بە ئاسانی لاسایی نەکرێتەوە. دیارە ئەگەر ئەم بابەتە هەولّە سەربکەوێت ئەوا تایبەتمەندی شەخسی دروست دەبێت و هونەرمەند دەیەوێت بەهایەك کەشف بکات و لە قالّبی هونەردا بەرجەستەی بکات و گەشکە بە رۆح بدات.

زۆرجار هەست دەکەیت هونەرمەند وەکو کەسێك خۆی لە حەشارگە بنێت و کەمین بۆ نێچیر بنێتەوە, ئامادەیە, لەسەر پێیە, بۆ راوە هەست, سۆز, باری سەرنج و تێبینی تا بەهایێن ئەستاتیکی تازە راو بکات و بیهونەرێنێت, دیارە ئەمەش جۆرە نیگەرانییەك لەلای هونەرمەند دروست دەکات و بەردەوامی پێدەبەخشێت, دەنا هونەرمەند کە کارێکی هونەری ئەنجام دابا, ئیدی دادەسەکنی و روحی پاراو دەبوو و وازی دەهێنا, کەچی هونەرمەندی رەسەن هێشتا لە گەشتێکی هونەری نەبووەتەوە بیر لە گەشتێکی دی دەکاتەوە, ئەمەش جۆرە لەزەت و تازە بوونەوەیەك بە هەست و سۆز و روحی دەبەخشێت و بوونی بەشەری دەخەملّێنێت, هەر ئەم حالّەتە لە رێگەی هونەرەکەیەوە دەگەیەنێت بە هەموو خەلّکی, دەیەوێت خەلّکی لە حالّەتی تازە بوونەوەیەکی بەردەوامدا بژین و رۆژ بە رۆژ مرۆڤایەتییان پتر بخەملّێت, رەنگە ئەمە پەیامی هونەر بێت—ئەگەر هونەر پەیامێکی هەبێت—.

"2"

سەرقالّی ئێمە بە دابین کردنی ژیانی رۆژانەوە, زۆربەمانی کوشتووە, لێرەدا مەبەست لە ئەهلی هونەرە, هەم بەهرەکەی هەلّوەراندوون و هەم هونەرمەندەکەی ناخی گۆچ و ئیفلیج کردووین. واتە دەبێت نووسین و هونەر لایەنی کەمی ژیان بۆ نووسەر و هونەرمەند دابین بکات, تا بتوانێت بیکات بە پیشە و رۆژ بە رۆژ پتر تێیدا قالّ ببێتەوە و سوور بێت لەسەر ئەوەی بەرهەم لەدوای بەرهەمی بەپێزتر و نەمر تر بێت و هەر جارەی تەجرەبەیەکی ژیان کەشف بکات و بیهونەرێنێت.


www.pertwk.com

دیاره پرۆسەی هونەراندن ئەگەر هیچی نەوێت ئەوا دەبێت تواناو بەهرەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ دا بێت کە ژیان بنوێنێت, بەرجەستەی بکات و هونەریانە مامەڵە دەگەڵ تەبع و تەبیعەتی مرۆڤدا بکات, واتە هونەر بکات بە ئیعترافنامەیەکی راستگۆیانەی ئەوتۆ کە ببێت بە سەرچاوە بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤی راستەقینە, کەواتە هونەرمەند دەبێت بزانێت چۆن هەست و سۆز و گودازی خۆی لە شێوەی هونەردا نیشان بدات, هەر بۆیەش هونەرمەند لە رێگەی کارەکەیەوەو بە کارەکەی و لەناو کارەکەیدا دەناسرێت, نەك لە رێگەی قسەی زلەوە.

هونەر و نووسین بۆخۆی هەڵوێستی خاوەنەکەیەتی دەرهەق بە دیاردەیەك, رووداوێك, حاڵەتێك, حاڵەتێك, کێشەیەك, حەز و ئارەزوویەك, بەرامبەر بە ژیان, هەر ئەم مەسەلەی هەڵوێستگیرییەشە کە ناوەڕۆك و شێوە یان بابەت و فۆرم لە دنیای هونەردا دێنێتە بەر باس و گفتوگۆ, بێگومان شێوەو ناوەڕۆك بەجۆرێك ئاوێتە دەبن و لە یەك یەکەی هونەریدا جۆشدەخۆن کە ناکرێت لێکدی جیا بکرێنەوە– مەگەر لە حاڵەتی زۆر زەروریدا– کەواتە هونەرمەند یان نووسەر ئەو کەسەیە کە بەردەوام عەوداڵی دوای بەهایێن تازەیە, هەست کردنمان بە ژیان تازە دەکاتەوە. بەرگری لە ئازادی مرۆڤ دەکات و کێویەتی ناخمان کەوی دەکات . زەوقمان مشت و ماڵ دەدا, خەیاڵمان دەوڵەمەند و پاراو دەکات, لە باری ئەستاتیکییەوە پەروەردەمان دەکات و پەیوەندییە مرۆڤانییەکانمان لەلا شیرین ترو بەهادار دەکات.

"3"

هونەری راستەقینە, لە ناوەوە و خۆبەخۆ چەکەرە دەکات و نەشونما دەکات و دەڕسکێت و دەخەملێت و پەرە دەستێنێت و لە شێوەی هونەرێکی راستەقینەدا دەگیرسێتەوەو واقیع لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دەخوڵقێنێتەوە. بێگومان ئەم پرۆسەی لە نوێ خوڵقاندنەوەیە, لە وردبینی و تیژبینی بەدەر نابێت, وردبینی و تیژبینیش زادەو بەرەنجامی تێگەیشتنی قووڵ و مەنتیقی و واقعییە.


www.pertwk.com

بێگومان هەر کارێکی هونەری بگری, لە کرۆکدا زمانێکی رەمزییە و هەر زمانێك بگری هۆیەکە لە هۆیەکانی بەردەوامکردنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی, هونەرمەند هەست و سۆز و گوداز و خۆزگەو ئاوات و ئامانجەکانی, کول و کۆڤان و ژان و ژان و خەمەکانی دەهونەرێنێت, بە زمانی هونەر خەڵکی دەدوێنێت و پەیوەندییان چێ دەکات, ئەمەش بۆخۆی جۆرە هاوئاهەنگییەکی ویژدانی لە نێوان تیرەی بەشەردا چێدەکات.

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە هونەر دووبارە کردنەوەی حەقیقەتێکی حازر و ئامادە نییە, بەڵکو دۆزینەوەو کەشف کردنێکی تازەیەو بە زمانێکی رەمزی گوزارشتی لێدێتە کردن. کەواتە هەر گوزارشتێکی رەمزی بگری –مەبەست هەموو هونەرەکانە– خۆی لە خۆیدا زمانێکی رەمزییە یارمەتیمان دەدات لایەنە شاراوەکانی ئەزموونی ژیانی پێ کەشف بکەین.

یەکێك لە تەبیعەتەکانی هونەر, جوانپەروەرییە. واتە هونەری بەدەر لە ئەستاتیکا. هەر هیچ نەبێت لایەنێکی هونەرییانەی خۆی دەدۆڕێنێت, کەواتە جوانی هونەری ئەوەیە کە وێنەیەکی جوانی شتێك, ئیدی ئەو شتە لە سروشتدا جوان بێت یان ناشیرین, دەگرێت, هەڵبەتە جوانی و مامەڵە کردن دەگەڵ جوانیدا, ژیان لە چوارچێوەی جوانیدا, بەهرەو توانای گەورەی هونەری دەوێت, قاڵ بوونەوەو وەستایی تەواوی دەوێت, هەر ئەم لایەنەی تەبیعەتی هونەر وەربگریت, خۆی لە خۆیدا دەکاتە سڕینەوەی بوغز و کەرب و کینە لە دڵدا, خۆی لە خۆیدا مەحەبەت و خۆشەویستی بە دڵ و دەروون دەبەخشێت, ئاسۆی بیر و بیر کردنەوە فراوان دەکات. ئینسانیەت لە ناخی مرۆڤدا ریشاژۆ دەکات و هاوئاهەنگییەکی ویژدانی هاوبەش لە ریزەکانی تیرەی بەشەردا چێدەکات. ئەمەش بۆخۆی هاوسەنگی دنیا رادەگرێت.

"4"

هەر کارێکی هونەری بگریت, بەتایبەتی دەق, وەکو یەکەیەکی یەکپارچە, بارگەی ویژدانی و کاریگەری ئەستاتیکی رایەڵ وتان و پۆیەکەی پێکدێنێت و بەجۆرێك



www.pertwk.com

ئاوێتەی دەقەکە دەبێت کە ناکرێت جیا بکرێتەوە, مەگەر لە حاڵەتی هەرە زەرووریدا, ئەویش بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی رەگەزەکانی دەقەکە, بە هەرحاڵ جوانی دەق و ئەستاتیکا پتر لە راستگۆیی دەربڕیندا بەرجەستە دەبێت و هونەرییەتێکی بە نمود و رەونەقدار وەردەگرێت, بێگومان لێرەدا مەسەلەی شێوازیش دێتە گۆڕێ. هەر هونەرمەندێك شێوازی خۆی هەیە, هەر بابەتەش بە شێوازێکی تایبەتی دێتە نیشاندان. هەر کۆمەڵێکیش بە پێی قۆناغی مێژوویی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی شێوازی خۆی دەخولقێنێت و هەڵدەبژێرێت تا لەو رێگەیەوە گوزارشتی هونەری لە خۆی و سەردەمی خۆی بکات.

بێگومان هەر کارو بەرهەمێکی هونەری, تا لە هزر و زەینی هونەرمەندایە, موڵکی هونەرمەندەکەیە, بەڵام هەر کە خولقاو لەدایك بوو, بە شێوازێك لە شێوازەکان هاتە نیشاندان, ئیدی لە رووی ئەستاتیکی و هونەرییەوە سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت, دەکەوێتە ناو مێژوو و دەبێت بە موڵکی هەموو تیرەی بەشەر و دەبێت بە دیاردەیەکی شارستانی و بەسەنگ و تەرازووی سەردەمی خۆی دێتە هەڵسەنگاندن و نرخاندن.

"5"

تازە, تازەیی, تازە کردنەوە, بەشێکی هەرە گرنگی پێکهاتەی سروشت و تەبیعەتی مرۆڤ پێکدێنێت, واتە مرۆڤ هەر بە تەبیعەتی خۆی تازە خوازەو بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی شێوازی تازەدایە بۆ خۆ تازە کردنەوە, مرۆڤ لە ژیانی پاشکۆیەتی و لاسایی کردنەوە بێزارە. بۆیە پەنای وەبەر کاری هونەری بردووە, وەکو شێوازێك لە شێوازەکانی تازە کردنەوەو بەرجەستە کردنی بەها رەسەنەکان و هونەراندنیان, دیارە کاری هونەراندنیش جۆرە بلیمەتی و بەهرەیەکی دەوێت, کە لێرەدا دەکاتە دەرك کردنی هەموو شتێك بە شێوەیەکی جیاواز لە شێوەی باو, تا بەرهەمێکی هونەری تەڕ و تازە و بەدەر لە هەر یاساو رێسایەك بێتە بەرهەمهێنان. دیارە ئەم پابەند نەبوونە بە یاساو رێسا, واتە ئەم رێسا شکێنییە خۆی لە خۆیدا شۆڕشگێڕییە, هەڵبەتە شۆڕشگێڕی لێرەدا بە واتا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی


www.pertwk.com

نییه. بەڵکو بە واتا ئەستاتیکی و هونەریەکەیەتی, کە هەر کارێکی هونەری بەدەر لە هەر پابەندییەکی یاسایی باو, ڕێساو یاسای خۆی لەگەڵ خۆیدا دەخولقێنێت.

بێگومان پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بەو حەقیقەتەش بکرێت کە کاری هونەری ڕەسەن, لاسایی ناکرێتەوەو هەر کارێك کە وەکو خۆی گوترایەوە و وەکو خۆی کرایەوە, وەکو خۆی نوسرایەوە, ئەوە لایەنێکی ڕەسەنایەتی لەدەست داوە و خاوەنەکەی نەیتوانیوە نەفەسی خۆی پێ ببەخشێت و تایبەتمەندی خۆی وەکو تاك پێبدات و بیکات بە ناسنامەی بەهرەو توانای خۆی و لە چوارچێوەیەکی هونەریدا نیشانی بدات. کەواتە هونەرمەند لە هەر بوارێکی کاری هونەریدا بێت. لە سەریەتی بە جۆرێك کار بکات کە کەس بەر لەو کاری وەهای نەکردبێت, ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئیعتراف بە هونەرمەندانی پێش خۆی یان سەردەمی خۆی نەکات و لە نهێنی کارەکانیان ورد نەبێتەوەو نەکۆڵێتەوە, بەهرەی خۆی پێ نەتەقێنتەوە و زەوقی ئەستاتیکی خۆی پێ مشت و ماڵ نەدات و لەزەتی لێ وەرنەگرێت, هونەری ڕەسەن ئەوەیە کە ڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان. بۆ دنیا دەگۆڕێت. ڕوانین تازە دەکاتەوەو لە ڕۆتێن دەربازی دەکات, چونکە وەکو گوتمان هونەر شێوازێکی خۆ تازە کردنەوەیە, کە ئەمە بەشێکە لە پێکهاتەی سروشتی مرۆڤ و یاسایەکی هەرە دیاری ژیانەو هەوێنی زیندوویەتییە.

"6"

هەڵبەتە بیرو بۆچوون و ڕای جیاواز سەبارەت بە هونەر هەن, هەندێك دەڵێن هونەر, بەتایبەتی هونەرە جوانەکان, چ مەبەست و ئامانجێکی نییە و لە پێناوی بەرژەوەندی و قازانجدا نییە, بەڵکو جەمالییەت هەموو شتێکە, واتا ئامانجی هونەر تەنیا هونەرییەتە و هیچی دیکە. بەڵام هونەرە عەمەلییەکان مەبەست و ئامانجیان قازانجە, واتە دەچنە خانەی سەنعەتەوە و هەوێنەکەی قازانجە.

بەڵام ئەگەر هەندێ بە وردی لەو بۆچوونانە ڕابمێنین ڕەنگە خاڵی یەکانگیرییان زۆر بێت, چونکە هونەرییەت کە گوایە ئامانجی هونەرە جوانەکانە بۆخۆی جۆرە قازانجێکی مەعنەویە و ڕوانینمان دەگۆڕێت, لەزەتێکی جەمالی بە ڕوحمان

دەبەخشێت و جۆرێك لە تازە روانینمان پێ دەبەخشێت و روحمان پاراو دەكات, دیارە هونەرمەندێك كە لە چوارچێوەیەكی هونەری باڵادا, جەمالیەت بەرجەستە دەكات, ئەمە وێنەیەكە لەو وێنانەی خۆی پێ دەدوێنێت و چ سوودو قازانجێكی مەبەست نییە, بەڵام وەختێك كارە هونەرییەكە دەكەوێتە جیهانی هونەر, ئیدی ئەو لەزەتە جەمالییەی تانوپۆی كارە هونەرییەكەی پێكهێناوە, لە كارەكەوە سیرایەت دەكات بۆ خەڵكانی دیش و هیچ نەبێت زەوقی هونەرییان مشت و ماڵ دەدات و هونەرییانە دەیاندوێنێت. دەكرێت بڵێین وەكو چۆن هەر زیندەوەرێك بە زمانی تایبەتی خۆی دەخوێنێت, بە شێوازی تایبەتی خۆی گوزارشت لە ژیان, لە بوون, لە هەموو مەیلەكانی خۆی, لە هەموو پێداویستییە سروشتییەكانی خۆی دەكات. مرۆڤیش لە نێو ئەم گەردوونەدا, خوێندنی خۆی هەیەو بە زمانی هونەر گوزارشت لە بوونی مرۆڤانی خۆی دەكات و بە زمانی هونەر بۆ ئازادی مرۆڤ دەخوێنێت

سوود لە كتێبی "الفنان و الانسان"ی

د. زكریا ابراهیم وەرگیراوە



www.pertwk.com

## دروست خوێندنەوە –ناسین- قەبوڵکردن

"1"

گلەیی و گازاندەو تەنانەت ناتەبایی و ناکۆکی رۆشـنبیران لـە سیاسـەتوان و لەگـەڵ سیاسەتوانان و خودان دەسەڵاتدا, یان دەگـەڵ خـودب دەسـەڵاتدا, بـە شـێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانبینییە رەخنەییەی کە پێویستـە لەلای هەر رۆشنبیرو هزرڤانێك هەبێت, هەڵبەتە رۆشنبیر نەك هەر لەگەڵ گۆڕاندایـە, بەڵکو فاکتەریگۆڕانیشە, زەمینە خۆشکەری گۆڕانە, ئەمەش وادەکات لە سـەنگەری شۆڕشگێڕیدا بێت, شۆڕشـگێڕێکی هەمیشـەیی بێـت. بـەڵام سیاسـەتوان, ئەگـەر لـە قۆناغ و سەردەمی دەسەڵاتداری و حوکمڕانیدا بێت, زیاتر لایەنگری موحافەزکارییـە و کار بۆ چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دەسەڵات دەکـات و درەنـگ یـان زوو لـە مێـژووی شۆڕشگێڕانەی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە. ئیدی لێرەوە جۆرێك لە ناکۆکی و ناتـەبایی و چەشـنێك لـە جیابوونـەوە دەکەوێتـە نێـوان رۆشـنبیران و سیاسـەتوانان.. دەنـا ئاشکرایە کە خـەباتی و سیاسـی و خـەباتی رۆشـنبیری هاوپەیوەسـتن و پەیوەنـدی وردیان بەیەکەوە هەیە. دیارە رۆشنبیر لەم سەردەمە جەنجاڵ و لەم رۆژگارە هـەرە ئاڵۆزەی ئەمڕۆی دنیادا, رەنگە خۆی بـە دەم سپی و گـەورەو ئـاڵا هـەڵگری کـەس نەزانێت, بـەڵکو ئەوەنـدەی بتوانێـت راسـتگۆیانە مامەڵـە لەگـەڵ رووداوێـن واقیعـی خۆیـدا دەکـات. دەیـەوێت بەشـداری لـە خوڵقانـدنی واقیـع و کـەش و هەوایـەکی رۆشنبیری جدیدا بکات و کار لە ئاوەڕۆی واقیعەکان بکات و بەزەبری بیرو بۆچـوونە


www.pertwk.com

شۆڕشگێڕییەکانی بەشداری لە خولقاندنی ژیان, بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە بکات. دیارە بە هەمان ئەندازەی کە ژیان دەخولقێنێت. بەشداریی لە گۆڕینی خودی واقیع دەکات. دیارە رۆشنبیر بۆ ئەوەی رۆشنبیرییەکی جدی بەرهەم بهێنێت دەبێ بە پشتیوانی میتۆدێکی زانستی, رووداوو دیاردەو واقیعەکان بخوێنێتەوەو تەنگژەو ئاستەنگ و قەیرانەکان دەستنیشان بکات و تەنیا لەم دەرگایەوە دەتوانێت کارایی و فاعلییەت بەرهەم بهێنێت. ئیدی چ لە بواری رۆشنبیری و چ لە بواری سیاسی و چ لە بوارەکانی دیدا بێت. دیارە گۆڕینی هەر واقیعێك بەندە بە گۆڕینی کەرەستەکانی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو واقیعەدا و گۆڕینی تێگەیشتن لەو واقیعەو دامەزراندنی پەیوەندیین تازە لەگەڵ واقیعدا. بۆیە رۆشنبیر لە هەر هەڵوێست و لە هەر بوارێکی کاری رۆشنبیریدا بێت, بە پلەی یەکەم دەکاتە داکۆکیکار لە حەقیقەت و ئازادی, دەکاتە خەمخۆری ئایندەی مرۆڤ و.. بەم پێیە دیوێکی هەرە گەشی واقیعی سیاسی پێکدێنێت. هەر بۆیەش ئاساییە دەسەڵات و رۆشنبیر ناتەباو لێکدی نەبان و دڕدۆنگ و هەندێ جار ناکۆك و دژیش بن. سیاسەت و سیاسەتوانیش خۆی لە خۆیدا جۆرە بوارێکی بەرهەمهێنانی رۆشنبیرییەو نە مرۆڤ بەبێ رۆشنبیری, بە مانا گشتییەکەی, دەبێت و نە بیر و رۆشنبیری بەبێ مرۆڤ دەبێت.

قەبوڵکردن و قەبوڵنەکردنی یەکدی, بەندە بە ئاستی هوشیاری خەڵك و کۆمەڵگەی سەرمەکەوە, بەندە بە چۆنیەتی خوێندنەوەی ئەو واقیعیەوە کە هەیە. بەندە بە گۆڕینی کەرەستەکانی تێگەیشتن و مامەڵە کردن لە گەڵ واقیعی باودا. بەندە بە توانای ئێمەوە وەکو کۆمەڵ, کە پەیوەندی تازەو جیاواز لەگەڵ ئەو واقیعەدا دروست بکەین, من پێم وایە رۆشنبیران –مەبەستم کەمکردنەوەی پایەی رۆشنبیرانمان نییە– بۆخۆیان و تا ئەم رۆژگارە گوتاری گەورەو دوور بوردی ئەوتۆیان بەرهەم نەهێناوە, کە بتوانێت بەشداری جدی لە گۆڕینی واقیع بکات و تانم و پۆی تازە لە رایەڵی ژیان هەڵبکشێت و ژیانێکی هاوچەرخ بخولقێنێت.

جارێکی دی دووپاتی دەکەمەوە کە رۆشنبیرانیش رۆڵەی ئەم واقیعە ئاڵۆزەن و رەگی گلەیی و گازاندەکەیان دەچێتەوە سەر جیهانبینی رەخنەیی, کە ئەگەر لە لای ئێمە برێك سادەش بێت, ئەوا رەنگدانەوەی سادەیی واقیعەکەیە, کۆمەڵی ئێمە لە قۆناغێکدایە کە ئاوسە بە گۆڕانی گەورە و دەبێت ژیانسازانی ئەم رۆژگارە دەوری مامانی شارەزا, لە زایاندنی ئەم واقیعە بە گۆڕان ئاوسە بگێڕن.

"2"

بێگومان قۆناغی بەرهەمهێنانی رۆشنبیری, قۆناغێکی پێشکەوتووی خەملێنی رەوتی مرۆڤانی مرۆڤە, بێگومان رۆڵ و پەیامی رۆشنبیری لە تاریخیەت بەدەر نییە, لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی سەردەمی خۆیدا لە کارلێکی جدیدا دەبێت.. دیارە بە حوکمی وەزع و حاڵ و واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری, رۆشنبیرانی کورد نەیانتوانیوە وەکو پێویست دەوریان لە دروست کردنی رای گشتی و دارشتنەوەی هوشیاری کۆمەڵایەتیدا هەبێت, واتە رۆشنبیری کورد بە حوکمی بندەستی کورد و پارچە پارچەیی کوردستان و شۆڤینیەتی داگیرکەرانی کورد. نەیتوانیوە ببێت بە دەسەڵاتێکی رەمزی و شەرعییەت بە بوونی دەسەڵاتی رۆشنبیرانەی خۆی بدات و جۆرەها هاوسەنگییەك لە نێوان خۆی و دەسەڵاتی سیاسیدا چێ بکات.. دیارە هەر ئەم چەشنە گۆمڕاییە وایکردووە لە پەراوێزی حەقیقەتەکاندا هەنگڵەشەڵێ بکەن و یەکدی قەبوڵ نەکەن و خەتەکان بکەنە ئەستۆی واقیع نەك بیخەنە ئەستۆی شێوازو کەرەستەکانی بیرو بیر کردنەوەو چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ حەقیقەتەکاندا, بۆیە ئەگەر کەسێك نەتوانێت واقیع بخوێنێتەوەو بیخولقێنێتەوە, چۆن دەتوانێت بەرانبەرەکەی بخوێنێتەوەو بیناسێت و قەبوڵ بکات, چونکە هەموو قەبوڵ کردنێك رەگێکی لە دروست خوێندنەوەو ناسیندایە.

"3"

بە هەرحاڵ پێم وانییە یەك فیکری باو یان تیۆرییەکی دیاری کراوو پاك و پاکیزەو ساف و سازگاری پەتی هەبێت, هەرچی بواری رۆشنبیری هەیە, بەتایبەتی لە



www.pertwk.com

ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە کارلێکی تەواودایە و ئەمەش بۆخۆی سونەت و ڕێساو یاسای زندوویەتییە و لێ لادانی نییە. ڕاستە ململانێ و کێشمانەکێش لە نێوان ڕێبازە فیکری و ڕۆشنبیرییەکاندا هەیە, بەڵام لە هەمان کاتدا پێکەوە هەڵدەکەن و پێکەوە دەژین و کار لێکدی دەکەن, مان و ژیان بۆ فیکرو تیوری و ڕۆشنبیرییەکە کە لە گۆڕان و گۆڕینی بەردەوامدا بێت و بەشداری تەواو لە بەرهەمهێنانی حەقیقەتەکاندا بکات و لە حاڵی لەدایك بوونەوەی بەردەوامدا واقیعی تازەو مرۆڤانی بخولقێنێت.

بیرو تیۆری کە وەردەگیرێت, بۆ ئەوە نییە وەکو چۆن لە شوێنی خۆی هەبووە, بە هەمان شێوەش لێرە پیادە بکرێت, ئەمە خەتەرەو مەترسی خۆی هەیە, دەبێ بەو مەبەستە وەربگیرێت کە بە پێی واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژینگە تازەکە بێتە دارشتنەوەو بکرێت بە هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیراندنی ئەوتۆ کە بەشداری دروست کردن و ئاراستە کردنی ڕووداوەکان بکات و ژیانی پێببەخشێت و گوتارێکی فیکری یان ڕۆشنبیری دور بوردی سنوور بەزێن و سنوورشێکن و پڕ بایەخ و کاریگەر بەدەستەوە بدات.

"4"

هەر نەوەیەك ڕەنگ و دەنگی قۆناغی خۆیەتی و درێژەی نەوەی پێش خۆیەتی نەك دووبارە بوونەوەی نەوەی پێش خۆی, دیارە جۆرە نەبانییەك یان ناتەباییەك لە نێوان نەوەکاندا هەیەو ئەمە بۆخۆی هەوێنی پەرەسەندن و بەردەوامی ژیانە ژیانیش لە بازنەی گۆڕان و گۆڕانکاری بەدەر نابێت و گۆڕانیش بۆخۆی زندوویەتییە. بەڕای من ئەوەی نەوەی دوای ڕاپەڕین جیا دەکاتەوەو ئەرکی سەرشانی قورستر دەکات, ئەوەیە جگە لە بارووددۆخی سیاسی کوردستان, ئەمڕۆکە دنیا تەواو بچووك بوەتەوەو کەناڵەکان بەڕادەیەك زۆر بوون, ئەزموونی هەموو دنیا بە ئاسانی هاتۆتە بەردەستی ئەم نەوەیەو دەتوانێت سوودێکی چاکی لێوەربگرێت و لە چوارچێوەی واقیعی تایبەتی خۆیدا بە شێوەیەکی داهێنەرانە بیخوێنێتەوەو پەیوەندی زۆر کارا و کاریگەر و بونیاتنەر لەگەڵ ئەمڕۆی خۆیدا دروست بکات و ئەپستمۆلۆژیای خۆی بخولقێنێت و لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی فیکر و ڕۆشنبیری تازەوە کەش و هەواو

واقیعێکی فیکری تازە بخولقێنێت و لەگەڵ رەوتی گۆڕان و گۆڕینی سەردەمدا بڕوات و دڵنیا ببێ کە بەبێ هزرو رۆشنبیری تازەو هاوچەرخ بەبێ سازانی کەش و هەوای لەباری فیکری, هەموو هەوڵێکی گۆڕین, شەقڵی دیکتاتۆریەتی سیاسی وەردەگرێت. سەبارەت بە نەوەی پاش راپەڕین, وا دەزانم بۆی نییە خەتاکان بخاتە سەر ئەستۆی واقیع و دەبێت گرفت و کێشەکانی خۆی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ نەهێڵێت و لە هەموو بوارەکاندا خۆی بکات بە شەریکی کاروانی شارستانییەت و بەنێو نەخت دەستبەرداری روانینی رەخنەیی نەبێت.

"5"

شیعر و چیرۆکیش بوارن و بواری رۆشنبیرین, رەنگە رۆشنبیرانی کورد لەو بوارەدا هەندێك ئەزمونیان هەبێت و ئەو دوو بوارەش بە حوکمی ئەوەی پتر رەمزییەت لەخۆ دەگرن, کوردیش وەکو میللەتی بندەست و سانسۆر گەستە, ئەو دوو بوارەیان بە ئاسانتر زانیوە بۆ گوزارشت کردن لە بوونی خۆیان, ئەمە جگە لەوەی کە لایەنێکی رەسەنایەتیچیرۆك و شیعر لە محەلییەتەوە هەڵدەقووڵێت و ئەدەبی کورد پتر دەسەڵاتی بەسەر ئەو محەلییەتەدا شکاوە و ئاشنای بووەو لەگەڵیدا ژیاوە.

بەڵام بواری فەلسەفی و فیکری قورس, کارێکی ئاسان نییە و تەنانەت لاسایی کردنەوەو وەرگتنیشی ئاسان نییە, چونکە هەموو فەلسەفەو فیکرێکی رەسەن بۆخۆی ئەزموونی زۆر تایبەتە و ناکرێت بەو ئاسانییە لاسایی بکرێتەوە, ئەوپەڕەکەی وەکو شەرح و شرۆڤان دەخوێندرێتەوە.

هزرڤانان و فەیلەسووفان هەموو دنیا بابەتیانە و رووی دەمی گوتاریان لە هەموو تیرەی بەشەرەو دەفتەری خوێندنەوەیان هەموو کەونەو لە هەوڵ و خەمی داهێنانی شێوازی نوێدان بۆ رێکخستنی پەیوەندییە فیکری و فەلسەفیەکان بە حەقیقەت و واقیعەوە. بۆیە رۆشنبیرانی کورد کە هێشتا نەیانتوانیبێت خۆیان بخوێننەوەو کەرەستەی تازە بۆ خوێندنەوەی واقیعی خۆیان دابهێنن, هەروا ئاسان نییە خۆیان لە قەرەی بواری فەلسەفی و تیۆری بدەن, بەڵام ئەم قسەیە بەو مانایە نییە کە رێگە

له هەوڵەکانی ئەو بوارانە بگیرێت, چونکە هەر دەبێت خۆ لەو بوارانە بدەین و هەل و مەرجیش بەرە بەرە دەڕەخسێت.

"6"

نووسین, بەتایبەتی نووسینی بواری ئەفراندنی دەقی ئەدەبی و هونەری, لەزەت و پەیامەو دواندنی مرۆڤەو شێوازێکە لە شێوازەکانی بەردەوام کردنی پەیوەندییە ئینسانییەکان و سڕینەوەی تەنیاییە. هەر ئەمەش وایکردووە کە کاری نووسین تاسەر مۆخ ئینسانی بێت, ئەمەش تەنیا لە قوڵایی راستگۆییەوە هەڵدەقولێت, کەواتە نووسین بۆخۆی کارو کردەوەیەکە لە پێناوی ئازاد بوون و قووڵ کردنەوەو ریشاژۆکردنی ئینسانیەتی ئینسان. هەرکەسێك بتوانێت بەرهەمێکی گەورەو بەرهەم بهێنێت, هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری ئینسانیەتی خۆی ببێت. چونکە نووسین هاو واتای بە ئینسانی بوونە... دیارە ئەوانەی بە پێچەوانەی نووسینیان رەفتار دەکەن, تەنیا لە کاتی نووسیندا پرۆکەیەك حورمەتی ئینسانیەتی خۆیان دەگرن و پاشان ئەوپەڕی سازش لەسەر ئینسانیەتی خۆ دەکەن, ئەمەش رەگێکی لە نەخۆشییە دەروونی و کۆمەڵایەتییە زۆر و زەبەنەکاندایە.


www.pertwk.com

## دیکتاتۆریەتی زەین

-1-

بنەمای (دیکتاتۆریەتی زەین) یەکێکە لە تایبەتمەندییە رۆشنبیرییە کۆنەکان, ئەمەش بە درێژایی رۆژگارو لە ئەنجامی ئەو پێکهاتەو بنەماو پرەنسیپە کۆمەلأیەتی و مێژووییە دیکتاتۆریاناوە چێبووە کە سەدان سالّە گیرۆدەی بووین. دیارە چوونە بنج و بناوانی ئەم بابەتە هەرە ئالّۆز و بە تەمتومانە کاری هەمەجۆر و زۆر دەخوازێت و, دەبیّ لە هەموو روویەکەوە بخرێتە بەر وردەبینی لێکۆلّینەوە و توێژینەوە.

هەلّبەتە لە ساوپەنای سیستەمێکی رۆشنبیریی دیکتاتۆریانەی ئاوهادا, مرۆڤ زۆرجار دیکتاتۆریانە, یان بە بیروبۆچوون و رای دیکتاتۆریانە, داکۆکی لە خودی ئازادی- ش دەکات!! بێگومان بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر پێکهاتەو بنەمایەکی دیکتاتۆریانەی زەین پێویستە تەجرەبەیەکی دیموکراتیانەی دەولّەمەند وەگەڕ بخریّ و پشتی پیّ ببەسترێت. هەلّبەتە تەجرەبەی دیموکراتیش دەبیّ هەلّقولأوی واقیعی خۆی بیّ و شەرعیەتی خۆی لە زەرووڕەتی سەردەمی خۆیەوە وەربگریّ, کە بەداخەوە ئەم ئەزموونە دیموکراتییە تا رۆژگاری ئەمڕۆش لە مێژوو و واقیعی رۆژهەلأتدا ئەوەندە لاواز بووە دەتوانم بلّێم لە خانەی نەبووندا بووە. جا خەلّکی لە سایەی ئەم غیابی دیموکراتییەدا هەموو شتێکی خۆیان لە چوارچێوەی بونیادی

دیکتاتۆریانەی زەیندا دەربڕیوە و نیشان داوە ناخی هەر یەکێکمان بکەیەوە. سەرۆکێك, رابەرێك, شوانێك, سەرودەسێتیٚ, دیکتاتۆرێك, پیرێك, شێخێك, سولّتانێك خۆی تێدا مەلاس داوە و تەنیا و تەنیا خۆی بە هەق زانیوە و خەلّکی دیکەی بە مێگەل زانیوە و گوێرایەلّی بە تاقە ئەرکی سەر شانیان زانیوە و, بیٚ رەچاو کردنی هەر ئیحتوبارێك بۆ مێگەلەکە, رێی بەخۆی داوە لە بڕی ئەوان بیر بکاتەوە, بڕیار بدات, هەلّوێست بنوێنیٚ, خوێن بکات, خوێن بکوژێنێتەوە و ئەوەی بە ئەقلّیدا بیٚ بیکات.

-2-

بێگومان باسکردنی دیموکراتییەت, هەلّوەستەکردن لە سەری , خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکی گەلەك بەفایدەو نوقلاّنەی ئایندەیەکی گەشترە, بەلاّم دەبیٚ ئەوە بزانریٚ کە دیموکراتییەت تەنیٚ بەقسەی رووت نایەتە دی. دیموکراتییەت تەجرەبەیەکی فەردی نییە, بەلّکو کارێکی ئەزموونی و دەستکەوتێکی دەستەجەمعییە.

مەسەلەیەکی تەعلیمی یان ئەخلاقی نییە کە فێری خەلّکی بکرێت و خەلّکی لەسەر رابهێنرێت. یان بە خوێندنەوەی کتێب و بابەتان ببی بە مرۆڤێکی دیموکرات. دیموکراتییەت لە سەرەتاییترین حالّەتیدا دەکاتە قەبولّکردنی خەلّکانی دی و ماف و رای بەرانبەر پێتڤییە لە رێگەی تەجرەبەی بەردەوامی کۆمەلاّیەتی, مادی و مەعنەوییە بخەملّێت و ببیٚ بە بەشێك لە پێکهاتەی خوو و خدەی خەلّکی, بە بەشێك لە پێکهاتەی دەروونی خەلّکی و چرای بیر و بیرکردنەوەی خەلّکی. دەنا شەو و رۆژ لاڤی دیموکراتیەت لیٚ بدەی, لە دیکتاتۆرێك زیاتر نیت.

-3-

زەینیەتی مرۆڤ, بە تەبیعەت حەز لە رەخنەو رەخنەگری دەکات و مرۆڤ بوونەوەرێکی ئیعتیزاز پەروەر و ئیرادەگیرە و بەلّگەشمان بۆ ئەو بۆچوونە جیهانی ئەفراندنکارییە, بۆ نموونە کارێن مینا چیرۆك و رۆمان و شیعر و ئەو بابەتە دەقانە نە لە باری جوانی ناسییەوە, نە لە باری ئەبستمولۆجییەوە, ناتوانیٚ تەنیا بە



www.pertwk.com

رابردووەوە پەیوەست بێ, بۆیە هەمیشە رەخنە لە رابردووی خۆی دەگرێت. بە شێوەیەکی دیالیکتیك رابردووی خۆی نەفی دەکاتەوە. هەڵبەتە ئەم رەخنەگرتن و نەفیکردنە بەو مانایە نییە کە ئەوەی لە رابردوودا روویداوە نەدەبوو روویدات, یان دەبوو وەکو ئەمڕۆ روویدات, بەڵکو بەو مانایەیە ئەگەر ئەمڕۆکەش وەکو رابردوو روویدات, ئەوا خۆی لەخۆیدا دەستبەردار بوونی تازە کردنەوەو بیر کردنەوەی تازەیە, واتە دوورە پەرێزییە لە هەر تازەگەرییەك کە هەوێن و سرووشتی شیعرو هونەرە, کە هەوێنی خودی ژیانە بە هەموو ئاڵۆزی و بەربڵاوییەکییەوە.

بێگومان جەوهەرو کرۆکی هونەر و ئەدەبیاتی نوێ و رەسەن بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تەبیعەتی مرۆڤ. واتە هونەرو ئەدەبیاتی نوێ نەك هەر مرۆڤ و جەوهەری واقیعیانەی سروشتی ئینسان بە تاسەو ئەڵهاوە دەپشکنێ, بەڵکو زۆر بە جدی بەرەڤانی لە هاوبەستەکی مرۆڤ دەکات. هونەری نوێ بە هەموو لق و پۆپەکانییەوەلە هەر سەردەم و قۆناغێکدا وێنەگرتنێکی نوێی مرۆڤ بووە.

وێناکردن و کەشفکردنی مرۆڤی نوێ تەنیا کاری بوار و کایە زانستییەکان, بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان, یان فەلسەفەو تیۆرییەکان و پرۆسە شۆڕشگێڕەکان نییە, بەڵکو بواری کاری سروشتی و ئاسایی شیعر و هونەریشە. بگرە هەندێ جار کەشفی مرۆڤی نوێ لە شیعر و هونەردا زۆر زووتر و قوڵتر لە بوارە زهنییەکانی دی, روویداوەو روودەدات.

-4-

کۆمەڵگەی ئێمە لە زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا, ئەگەر لەگەڵ دەستکەوتە جیهانییەکانی ئەو بوارانەدا بەراوردی بکەین, هێشتا لە قۆناغ و سەردەمی منداڵیەتی زەین دایە, ئێمە هەرگیز ئازادی و یەکسانی و برایەتیمان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کەلتووری ستەمزەدەی خۆماندا نەچەڕاندووە.. ئەمە لە کاتێکدا کە نوێخوازی و مرۆڤپەروەری زادەی روو وەرگێرانی هێزێن تازەی کۆمەڵایەتییە, بەتایبەتی بورژوازی بازرگانی و دارایی ئەوروپا, لە هەموو داب و نەریتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە حوکمی دیکتاتۆرییانەی کلێسا.. واتە رزگار

بوون له کۆت و بەندی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئایین رزگاربوون له کۆت و بەندی کڵێسا بووه مایەی گەشەسەندن و رەواج سەندنی فەردیەت و تاکپەروەری. دیاره لەپاڵ کەمبوونەوەی تواناو دەسەڵاتی کڵێسادا, دەسەڵات و توانای زانست و ئەقڵ رووی له هەڵکشان کرد. ئەمەش خۆبەخۆ بووه هۆی گۆڕینی تەسەوری مرۆڤ لەمەڕ پایەی بەشەر له جیهاندا.

هەڵبەته تاکگەرایی و هەستی خۆیبوونی تاکایەتی خەسڵەتێکی هەره دیاری ئابووری و دارایی و کاڵاییه. دیاریشه که شار سەرچاوەی سەرهەڵدان و گەشه کردنی ئەم جۆره ئابوورییەیه.. ئیدی مرۆڤ بەره بەره بۆی دەرکەوت که هەرچی له ژیاندا هەیه دەستکردی ئەوەو ئەویش به ئازادی هاتۆته دنیاوه. بۆیه بەره بەره ئەو بیرەی لەلا نەما که چارەنووسی ئەو له دەستی هێزی نادیار یان هێزی سەرووی ئەوەوه بێ. ئیدی ئەم تاکگەراییه له هەموو مەیدانه زهنییەکان و مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا گەشەی سەند و رەواجی پەیدا کرد. ئەمەش بۆخۆی زادەی گەشه کردن و پەرەسەندنی بیری بورژوازی بوو. بێگومان تاکگەرایی بەبێ ئازادی نایەته دی و, ئازادی هەر تاکێکیش پەیوەست و بەنده به ئازادی کەسانی دییەوه. هەڵبەته هەر لەم پێودانگەوه دەبێ ئەوه بگوترێ که ئاستی زنەگی جەماوەری خەڵك به پایەو پێوانەی ئازادی و دیموکراسی دێته ژماردن, ئازادی و دیموکراسی شان بەشانی چاکبوونی باری ژیان دەخەملێت. له هەر شوێنێك ئاستی زنەگی خەڵکی باش بێ, ئازادی و دیموکراسی پەیدا دەبێت, به پێچەوانەوه هاتنه خوارەوەی ئاستی ژیان, دیموکراسی دەخاته خەتەرەوه و دیکتاتۆرییەت هەڵدێنێ.

تێبینی:

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: انسان در شعر معاصر, محمد مختاری, چاپ دووەم, 1378

## شیعرییەت – ئەفسانەسازی

"1"

بێگومـان بزاڤـی رۆشـنبیری کـوردی, بـە هـەموو بوارەکانییـەوە, لـە کۆنـەوە تـاکو ئەمڕۆکەش پەیوەست بووە بە بـارودۆخی بزاڤـی وەخـت و رۆژی بـاوی کوردسـتان. واتا باری رامیاری راستەوخۆ و ناراسـتەوخۆ کـاری کردۆتـە سـەر بزاڤـی رۆشـنبیری کـوردی. هەڵکشــان و داکشــانی بــارە سیاسـییەکە, هەڵکشــان و داکشــانی بــارە رۆشنبیرییەکەی بەگەڵ خۆی خستووە. دیارە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە بـاری ئابوری کوردستان هەمیشـە فاکتـەرێکی گـرنگ بـووە لـە ئیفلیجانـدنی جیهـانبینی و رۆشنبیریی سیاسیمان, کەواتە ئـەدەبیاتیش کـەم و زۆر, راسـتەوخۆ و ناراسـتەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو ئیفلیجاندنەوە.

هەڵبەتـە شـیعر وەکـو لقێکـی گرینگـی ئـەدەبیاتی رۆژهـەڵاتی نـاڤین, بـێ رەگ و رەگەمانییە و خۆبەخۆ و لە خۆڕاو وەکو قارچك هەڵنەتۆقیوە و سـەری هەڵنـەداوەو پەیـدا نـەبووە, گەلـەك هـۆی سیاسـی و ئـابووری و مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی و رۆشنبیریی دەوریان لەسەر هەڵدان و پەیدا بوونیدا دیتووە. مێژوو, هیگـل گوتـەنی: "بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لـە گەشـە کـردن و کـامڵبوونی روح لـە چوارچـێوەی زەماندا" جا هەر لـەم پێناسـەیەوە گـەلێك پرسـیاران دێنـە گـۆڕێ و وەڵامدانـەوەی هەموویان بە ئێرە زۆر دەخایـەنێ بۆیـە لام سـەرلایی دێینـە سـەر مێـژووەو دەڵـێین تیرەی بەشەر وەچەی دوای وەچە هاتووەو قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ رەوتی خـاو یـان گورج و بەلەزی مێژوودا هەڵکشاوە, گۆڕان بەسـەر ژیـان و بیرکردنـەوەی داهـاتووە, ئـەوەی لـە قۆناغێکـدا شـیاو بـووە, لـە قۆنـاغێکی دیکـەدا کـۆن بـووەو چـووەتە



www.pertwk.com

مۆزەخانەی مێژووەوە.. کەواتە مێژوو یەکێکە لە فاکتەرە گرینگەکان و کاریگەری بەسەر سەر لەبەری چالاکییەکانی مرۆڤەوە هەیە.
ئەدەبیاتیش وەکو چالاکییەکی هەرە لە مێژینەی زهنی مرۆڤایەتی لەم حاڵە بەدەر نەبووەو نییە. بۆ وێنە لە قۆناغی ئەمڕۆماندا کەس بە شێوە و شێواز و ڕێبازی "نالی" شیعر ناڵێت: چونکە "نالی" کوڕو دەنگ و دەنگدانەوەی سەردەمێکی مێژوویی جیاواز لە سەردەمی ئێستای ئێمە بووە. عەبدوڵلا گۆرانیش نە کوڕو نە دەنگ و دەنگدانەوەی سەردەمی نالی بووەو نە کوڕی ئەم سەدەیەی دواییەشە وەکو حوزووری مادی بەڵکو شیعرەکانی, دەنگدانەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا حوزوری مەعنەوییان پێ بەخشیوە و هێوەتریش دەڕوات.. و هەوڵی سەرەتای عەبدوڵلا گۆران و هاوڕێکانی و پاشان روانگەو روانگەچیانی هەروا زوو لە ئەدەبیاتی شیعری کوردیدا نارەوێتەوە, وەکو چۆن عەبدوڵلا گۆران و هاوڕێکانی ڕەگێکیان دەچێتەوە سەر زەمینەی شیعری قۆناغەکانی پێش خۆیان و شیعری میللەتانی دیکەش, روانگەو روانگەچیانیش –وێڕای ئەوەی کە هەندێ ووتی سیاسیان لە سەرە– بیانەوێ و نەیانەوێ ڕەگێکیان دەچێتەوە سەر عەبدوڵلا گۆران و هاوڕێکانی. دیارە وەچەی ئەمڕۆش لەم حاڵە بەدەر نابن, بە تایبەتیش کە مێژووی ئێمە, مێژوویەکی سست و خاوو مەیلەو وێستاوی لە بابەتی سەدەکانی ناوەڕاستە. نەك لە بابەتی مێژووی پڕ لە بزاڤ و گورج و خۆشبەزی سەدەکانی "17–20"ی ئەورووپا. ئەمە جگە لەوەی هەر قۆناغێك ژیلی دەنگی خۆی دەنگدانەوەی قۆناغی پێش خۆیشی لەگەڵ خۆدا دێنێ و جیهانبینییەکی مرۆڤدۆستانەی هاوچەرخ بە خەڵکی دەبەخشێت. ئەمە هەندێکە لە خاڵی یەکانگیری و جیابوونەوەی دەنگە شیعرییە تازەکان و ڕێبەرانی شیعری ئازاد و روانگەچییان و نیمچە ڕێبازەکانی دیکەی شان بە شانی نیمچە ڕێبازی روانگە. دیارە مەسەلەی زانینی زمانی بێگانەش سەرچاوەیەکی دیکەی خوێندنەوە بۆ هەندێ لە دەنگە شیعرییە تازەکان فەراهەم دەکات و ئەمەش دەبێتە ئەزموون و دێتە پاڵ ئەزموونی


www.pertwk.com

خۆیـان و جـۆره دەوڵەمەندییــەك بـەم دەنگانــە دەبەخشـێت و ناچـار پــەلاماری ئەفراندنی دەقی مەزن و نەمر دەدەن.

"2"

واقیعی حاڵی حازری نوێگەری شیعری کوردی لە ئاستی خۆزگەدا نییـە. هەرچـەندە ئەمە پتر پەیوەستە بە مێـژووی نیمچە وەسـتاوی خۆمانـەوە, بـەلام وەخـتی ئـەوە هاتووە شیعر سنووری لێکچوون و خواستن و رەمز ببەزێنێ و بـێ پاکانـە خـۆی بـە دنیای ئەفسانەدا بکات و خۆی لە دواندنی راستەوخۆی جەماوەری بەرین بپـارێزێ و جۆرە خۆدواندنێك بگرێتە خۆی و واز لە رەوتی ئاسۆیی پشت بەستوو بە تـەداعی و فلاش باك بێنێ و بە شێوەیەکی هونەری بەرەو قوڵایی داکشێت. وێنە شیعرییەکانی هێندە وەستایانە بداتە دەم یەکترەوە کە خوێنەر بە خـۆی مەبەسـتەکە هـەڵێنجێ, نەك چاوەنۆڕی ئەوە بێ شاعیر مەبەستەکەی بداتێ. هەروەها تێکەڵ کردنـی وێنـەو رەمزەکانی فەرامۆش نەکات. رەمز بریتییـە لـە کەشـفکردنی کۆمـەڵێك راز و نهـێنی گەشـکە بـەخش. واتـا بینانانـەوەی واقیـع بـە شـێوەیەکی ئەفسـانەیی ئـەوتۆ کـە ناڕاسـتەوخۆ لـە دەرگـای تێگەیشـتنی خوێنـەر بـدات. هەڵبەتـە ئەفسانەسـازی بـەو مەبەستە نییە, شاعیر مەبەستی خۆی لە بن حەوت توێکڵان قەشێرێ و پەنا بەرێتـە بەر هێندێ ووشەی لەباوکەوتوو, و دەسـتەواژەی پچڕپچڕ و رسـتەی لنگـەو قـوچ و بەتەمتومان, هەڵبەتە ئەم و مژی داهێنەرانە پێویستە و هەر دەقێکـی گـەورە بگـری شکۆدارییەکی بەتەمی خۆی هەیە. بۆ دەبێ بایەخ بە تەم و مژی داهێنەرانـە بـدرێت و ببێت بە هۆیەك بۆ پتر هاروژاندنی مرۆڤ و دیاری کردنی پێگـەی مـرۆڤ لـە کەونـدا, جا ئەمە چەند لە شیعری ئـەمڕۆی کوردیـدا رەنگـی داوەتـەوە بـە قەناعـەتی بەنـدە ئەگـەر لـە تـاك و تـەرای شـیعری ئـەم یـان ئـەو شاعیریشـدا رەنگـی دابێتـەوە هـەر نەگەییوەتە ئاستی خۆزگە.

"3"

دوارۆژی شـیعریش بـەرەو ئـەوە دەچـێت کـە شـاعیر هـەوڵی ئـەوە نـەدات شـتێکی دیاریکراو بڵێت. بەڵکو لە نەگوتنی شتە دیاری کراوەکەوە هەموو شتێك نیشان بدات

و بلێت. بەڵام نەك نیشاندان و گوتنێكی چەنەبازانەی بازاڕی سواو. بەڵكو نیشـاندان و گوتنێك تەنیا هێماو ئامازەو رەمزی كورت خێراو بەلەز بێ.. بـە كـورتی كێردێكـی تیژ تیژ بەنێو زامی مرۆڤدا بێرەحمانە بگێڕێت و توێ توێ خوێی پێوە بكات.. ئەمە شیعرییەتی راستەقینە بـە شـیعری كـوردی دەبەخشـێ و بـێ باكانـە بـە ئەفسـانەی دەسـپێری و دەق لـە خوێنـەری تەمـەڵیش دەپـارێزێ.. مـەخابن گـرفتی گـەورەی خوێنەری ئێمـە تـەنیا ئـەوە نییـە كـە شـیعر ناناسـن, بـەڵكو شـتێك بـە شـیعر یـان شتگەلێك بە شیعر دادەنێن كە لە بنەڕەتدا شیعر نین –كڵۆڵ خۆت شاعیری كورد–. "4"

شاعیری ئێستا بە گشتی و هی دوارۆژ بەتایبەتی لە سـەرێتی جـۆرە خوایەتییـەك – خوایەتی لە روانگەی شیعرییەوە– بخولقێنێ كـە تـەنیا موریـدی یـاخی, یـاخی بـەو مانایەی كە هەموو خـەمێكی كەینونـە پەیـدا كـردن بـێ, قبـوڵ بكـات.. نـەك بچـێت رەخنە لە وەزع و حاڵێكی تایبەتی بگرێ –ئەمە بە هیچ جۆرێ كـار و ئـەركی شـیعر نییە– چونكە كە خوایەتییەكە دروست بوو هەنگینێ چ ناڕەوایی و بێدادییـەك خـۆی لە بەردەمیدا راناگرێ.

## غوربەت و نامۆ بوون

"1"

بابەتی غوربەت و نامۆبوون, یەکێکە لەو گرفتە فەلسەفی و کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژیانەی کە لە بوارێن هزر و بیری مرۆڤی هاوچەرخدا, زۆر لایەنی خراونەتە بەر باس و لێکۆلینەوە, جا چ لە روانگەی کۆمەلناسییەوە بووبێ و چ لە روانگەی ئابوری, ئەدەبی, فەلسەفی و روانگەێن دیکەوە بووبێ. ئەمەش بۆخۆی بەلگەی ئەوەیە کە نامۆبوون رەگ و ریشەی زۆر قولە و لایەن و شێوەو شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە و بە روخساری جیاوازبەرجەستە بووە. نامۆبوون یەکێکە لەو بابەتە هەرە گرینگانەی مرۆڤ لە کۆنەوەو تا رۆژگاری ئەمرۆ گیرۆدەی بووە. واتە مرۆڤ بیەوێ و نەیەوێ چ وەکو واقیعی خودی و چ وەکو واقیعی ژیان و ژیار ناتوانێت لە بازنەی غوربەت و نامۆ بوون بخەلەسێت و قوتار بێ. بە هەر حال مرۆڤ روو لە هەر شتێك یان لە هەر کوێیەك بکات رووبەرووی غوربەت دەبێتەوەو ناتوانێت هەلبێت: رەنگە نامۆبوون بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەنووس و قەدەری مرۆڤ بێت و ئەمەش پەیوەندی پتەوی بە ئاستی هۆش و هۆشیاری و هەست و هەستیاری مرۆڤەکەوە هەیە.

زاراوەی نامۆبوون "اغتراب", سەرەرای ئەوەی لە هزر و بیری هاوچەرخدا زۆر بە فراوانی بەکار هێنراوەو مامەلەی لە تەکدا کراوە. بەلام وەکو بیرۆکە زۆر کۆنەو لەگەل سەرهەلدانی مرۆڤ و پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا هەبووەو بە درێژایی مێژوو و رۆژگار هاتووەو لە هزرو فەلسەفەی هاوچەرخ و مودیرندا سنوورو قالب و مەوداو چەمەك و مەبەست و دەلالەت و رەهەندی خۆی وەرگرتووە. سۆفیگەری ، یان فیکری سۆفیانە, یەکێکە لەو بوارە هەرە دەولەمەندانەی کە دەشێت لە کەلەپوری عەرەبی– ئیسلامیدا, مەسەلەی غوربەت و نامۆبوونی لێوە هەلێنجرێت وبخرێتە بەر باس ولێکۆلینەوە.. چونکە سۆفیان لە هەموو کەس نزیکترو



www.pertwk.com

ئاشناترن به غوربەت و نامۆبوون. خوێندنەوەو لێکدانەوەی دەقێن سوّفیانه چ وەکو شیعرو چ وەکو پەخشان، کەشفکردنی هەڵسوکەوت و کۆچ و هیجرەتی جەستەو ڕۆحی سوّفیان، گەلەك ڕەهەندو مەودای غوربەت و نامۆ بوونمان بۆ به دیار دەخات. کەواته له ئیسلامدا، کەلەپوری سوّفیگەری دەوڵەمەنترین بواره بۆ گەیشتن بنج و بناوانی غوربەت و نامۆبوون و ئەوجا دیاریکردنی چەمك و مەبەست و مانا و ڕەهەنده جەستەیی و ڕۆحی یەکانی غوربەت .

"2"

غوربەت و نامۆبوون، حاڵەتێکی تاکه کەسی هەره تایبەته و چ پێوانەو پێوەرێکی تەقلیدی و تایبەتی نییەو ڕەنگه له کەسێکەوه بۆ کەسێك و له قۆناغێکەوه بۆ قۆناغێك، تەنانەت لەلای هەمان کەسیش بگۆڕێت و هەر غوربەت و نامۆبوونێك پێوانەو پێوەری خۆی لەگەڵ خۆیدا بەرهەم بهێنێ و بێته ئاراوه بۆیه دوور نییه شێوەو شێوازی غووربەت و نامۆبوون به ئەندازەی کەسه نامۆو غەریبەکان زۆرو زەبەند بێ و هەر هەموویان تەنیا له سایەی خێوەتی زاراوەی غوربەتدا بەمانا گشتییەکەی، یەك بگرنەوه. دەنا خاڵی هاوبەشیان له نێوانا نابێت.. به شێوەیەکی گشتی چەمکی نامۆبوون له باری زمانەوانییەوه: دووری و گۆشەگیری و دابڕان له زێد و کۆمەڵ دەگەیەنێت، دوور کەوتنەوه له وڵات، له خەڵك، دابڕان دابڕان ئیدی دابڕان له زێد بێ یان له خەڵك، هیچ دابڕانێك له گێژەنگی کۆمەڵه هەستێکی دەروونی وەکو ترس، نیگەرانی، سۆزوو حەنین بەدەر نابێت. واته دابڕان، ترس, نیگەرانی، سۆزو حەنین به جۆرێك ئاوێته دەبن و لێکدیدا ریشاژۆ دەبن و یەکدی بەرهەم دەهێنن که جیا کردنەوەیان فره فره زەحمەت و ئەستەم بێت, بێگومان چەمك و مانای زاراوەی غوربەت و نامۆ بوونی به پێی ژمارەی حاڵەتەکان و جۆری ئەو حاڵەتانه دەگۆڕێت, بەڵام له چوارچێوەی موعاناته خودییەکانی مرۆڤ دەرناچێت و رەگێکی بنەڕەتی دەچێتەوه سەر دەستەو ستانی و بێ دەسەڵاتی و بێهودەیی ماناکان و غوربەتی رۆشنبیریی و نامۆبوونی مانا و نێوەڕۆکەکانی ژیان, که ئەمه به شێوەیەك له شێوەکان له هەموو شوێن و کاتێکدا هەیه و ئیدی غوربەت و نامۆبوون حاڵەتێکه, له هەموو سەردەم و چەرخ و رۆژگارێکدا هەبووەو بووه به بەشێك له ژیانی کەسانێکی خودان موعانات و کوڵ و کۆڤانان. ئەگەر کەسێك بیەوێ بۆ ریشەی چەمکی غوربەت و نامۆبوون بگەڕێت ئەوا له دێرزەمانەوه له کۆنه نووسراوه فەلسەفی و لاهوتیەکاندا. لێرەو لەوێ دەستی دەکەوێ. بیرۆکەی غوربەت "الاغتراب" به روونی له حیکایەتی مرۆڤ و خواردنی بەری حەرام و دەرکردنی مرۆڤ له بەهەشت, له سفری تەکویندا بەدی دەکرێت. پاشان ئەم چەمکه له بندێری ئەو سەرنجه فەلسەفیانه دەردەکەوێت که فەیلەسووفانی یۆنانی کۆنی وەکو سوقرات

تۆماريان كردووه.. هەروەها دەلالەتە سەرەتاييەكانى چەمكى غوربەت لە كارەكانى ئەفلۆتين و نووسينەكانى "قەشە ئۆگۆستين" و "مارتن لوثر"دا دەبينرێن و وەكو زاراوە دەلالەتى لە كێشەى مرۆڤ لەگەڵ خودى خۆيدا, بە مەبەستى زاڵبوون بەسەر كارە نزمەكانى خۆيدا و يەكبوون دەگەڵ بوونەوەرێكى بالآدا, كردووە.. تا دەگەينە هيگڵ كە لە هەرهەموو ئەوانەى پێش خۆى فراوانتر ماليجەى چەمكى غوربەتى كردووەو مەبەست و دەلالەتێكى زانستانەى هاوپەيوەست دەگەڵ ژيانى مادى پێبەخشيوە– كە پاشان ماركس زاراوەى غوربەتى لەوەوە وەرگرتووە– غوربەت لاى هيگل واقيعێكى ئەنتۆلۆژى " وجودى"يەو رەگى لە بوونى مرۆڤدايە لەم دنيايەدا. بە لاى هيگڵ ەوە دابڕانێكى بە ميرات لە نێوان تاكدا وەكو خود و لە نێوان تاكدا وەكو بابەت هەيە. واتە لە نێوان تاكدا وەكو خودێكى داهێنەر كە دەيەوێ خودى خۆى بەدى بێنێ, لە نێوان تاكدا وەكو بابەت كە كاريگەرى دەرەكى بەسەرەوەيە. بۆيە لە ئاكامدا داهێنانەكانى تاك "هونەر, زمان, زانست و..هتد" دەكەونە دەرێى خودى تاك وەكو شتى مادى و غەريب, و جۆرە نيگەرانى و سوێيەكى دابڕان دروست دەبێت.. بە هەرحاڵ چەمك و دەلالەتى غوربەت پاشان بە پێى قوناغ و رەوتى رۆژگار و لە روانگەى فەلسەڤ و كۆمەڵناسى و دەروونى.. و ئاينييەوە گۆڕانى بەسەردا هاتووەو چەمكى ديكەى وەرگرتووەو, و زاناو دانامەترياليستييەكان پێيان وابووە كە سروشتى مرۆڤ وا خوڵقاوە كە خودى خۆى لە كار و لەناو جەرگەى كاردا بەدى بێنێ, كە ئەم دەرفەتەى نەدراتێ يان لێى زەوت كراوە, دوو چارى جۆرە غوربەتێك بووە, كە شێوازى جۆراوجۆرى وەرگرتووە. كەواتە غوربەت لە بنەڕەتدا لەوەوە هاتووە كە تاك نەيتوانيوە بوونى چۆنيايەتى خۆى لە بوارى كاردا بەدى بێنێ, و جەوهەرى مرۆڤ و بوونى مرۆڤ بە ناكامى و نيوەچڵى نەهاتووەدى ماوەتەوە. ديارە هەر رێچكەو رێبازێكى فيكرى و فەلسەڤ تەفسيرى خۆى بۆ غوربەت هەيە و هەر رێبازەش پشت بە كۆمەڵێك بەڵگەو هۆكار و فاكتەر دەبەستێت.. بۆ نموونە سورين كيرگارد پێى وايە گەوهەرى كێشەى غوربەت لەوەدايە كە مرۆڤ لەم دنيا جەنجاڵ و بێهودەو بێ ئامانج و فرە نيگەرانييەدا زۆر زۆر بە زەحمەت دەگاتە رادەيەك لە هەست كردن بەخۆى يان هەر ناگاتە نزمترين رادەى هەست بەخۆ كردن..

"3"

بێگومان غوربەت چ وەكو زاراوەو چ وەكو چەمك زۆر جياوازە لە هەندێ مانا و چەمكى نزيك لە غوربەت, بۆ نموونە بابايەكى غەريب و نامۆ جياوازە لە بابايەكى گۆشەگير. هەست كردن بە غوربەت, بە تايبەتى ئەگەر ئەنجامى ملهورى و چەوسانەوەو سەركوتكارى بێ, كۆمەڵێك

موعانات و كولّ و كۆڤان و ژان و ژاری دەروونی و رۆحی بەگەلّ دەكەویت.. بەلاّم بابای گۆشەگیر , كە رەنگە لە ترسی دەسەلاّتێكی سیاسی یان ئاژاوەو ئاشوبێكی كاتی, سوچێكی گرتبیّ, مەرج نییە بە دەردی غوربەتەوە بنالیّ, گۆشەگیری جۆرێكە لە خۆكرِ كردنی كاتی تا وەزع و حالەكان ئاسایی دەبنەوەو هەنگیّ بابای گۆشەگیر دەگەرِێتەوە سەر كاری خۆی و بە ناو ژیانی كۆمەلاّیەتی دەكەوێتەوە. نامۆبوون و غوربەت ناكاتە سەرهەلگرتن و لە كۆمەلّ هەلاّتن و رووكردنە دەشت و دەران. غەریب و نامۆ لەناو جەرگەی خەلّكیدا دەژیّ و دەچێتە خەلّوەتی خودی خۆیەوە لە باری دەروونی و فیكرییەوە لە كۆمەلّگە دوور دەكەوێتەوە. "دقاق" زۆر بە روونی گوزارشتی لەم حالەتە كردووەو دەلّێت (وەكو خەلّكی جل لەبەر بكە, وەكو ئەوان بخۆ, بەلاّم خاوەنی نهێنیدا خۆت بەو لە نهێنی لەوان جیابە).. نامۆ, بە غەریبی لەناو خەلّكیدا دەژێت, راستە لە باری كۆمەلاّیەتییەوە سەر بەوانە, بەلاّم لێیان بێگانەیە. نامۆ, بە جەستە لە وولاّت و زێدی خۆیدایە, بەلاّم زۆر زۆر لێی دوورە. نامۆ لەگەلّ خەلّكەكەدا و لەناو خەلّكەكەدا هەلّناكات بۆیە جونەیدی بەغدادی باشی گوزارشت لێكردووە كە دەلّێت: "تەحەمولی گۆشەگیری ئاسانترە لە خاترانەی تێكەلّ بوون."

"4"

سۆفیگەری وەكو ئەزموونێكی روحی هەرە قوولّ, وەنەبیّ زانستێك یان زانیارییەكی زانستی بیّ, بشێت لە رێگەی ئەوزارە ئاساییەكانی جەرباندن و سەلماندنی ئاساییەوە پێی بگەیت, جا لێرەوە ئەزموونی سۆفیگەری بە پێی فەردانیەتی خۆی شێوازی هەمەجۆر وەردەگرێت و سۆفی ناتوانێت گوزارشت لەو شتانە بكات كە بۆی كەشف دەبن, زمانی ئاسایی لە گویّ دەكەوێت و دەبەسترێت. بۆیە زمانی ئاسایی ناتوانێت گوزارشت لە دیاردە روحی و ئەزموونە دەروونییەكان بكات. ئیدی ئەزموونی سۆفیگەری ناچارە بە زمانی ئامارەو هێماو رەمز گوزارشت لەخۆی بكات. چونكە رەمز بە سروشت و تەبیعەتی خۆی یا پەنهان بەدیار دەخات یان هەولّ دەدات دیار و روون پەنهان بكات, هەردوو ئەو كارەش بۆ ئەزموونی سۆفیگەری پێویست و زەروورین.. بۆیە ئاساییە لە هەموو قۆناغ و رۆژگارێكدا, حەلاج و وردە حەلاجانی رۆژ, لە بەرەی بەرەڤانیدا سەنگەر بگرن, بە شێوازی رۆژ, ئەگەر بە بەهای ژیان و گیانی خۆشیان بووە, حەقانییەتی خۆ رابگەیەنن.

بۆ زانیاری زیاتر بروانە كتێبی الاغتراب,



www.pertwk.com

## هونەر
## مرۆڤ ئاوەدان دەکاتەوە.

(1)

یەکێك لە ئەرکەکانی هونەرمەند, ئیدی لە هەر بوارێکی کاری هونەریدا بێ, ئەوەیە جوانی مرۆڤانی بگەیەنێتە ئەوپەڕی و وا لە وەرگر (متلقی)بکات بە ئاسانی دەرکی نیوەڕۆکی گشتی کارە هونەرییەکە بکات, نەك لە گێژاوی درێژ دادڕیدا غەرقی بکات و نێوەڕۆکەکەی لەکیس بدات, بێگەردی منداڵیی لێ بشێوێنێ و بلەوتێنێ, چونکە ئەگەر گەلان لە زۆر شتدا لێکدی جیاوازبن ئەوا لە گیانی بێگەردی منداڵانەدا هاوبەشن..

دیارە هونەراندنی ئەو گیانی بێگەردییە لە دەست هەموو کەسێك نایەت, هەر بۆیەش ژمارەی هونەرمەندانی گەورە و نەمر بە درێژایی مێژوو هەر کەم بووە و کەمیش دەبێت.. ئەو هونەرمەندەی بیەوێ سیحر و ئەفسونێکی دەستکرد و نا حەقیقی بە کارە هونەرییەکەی ببەخشێت ئەوا لە ئەستاتیکای راستەقینە دوور دەکەوێتەوە کە جەوهەر و کرۆك و ڕەسەنایەتی هەر کارێکی هونەری پێکدێنێ.

(2)

هونەرمەند هەقی خۆیەتی بیر لەوە بکاتەوە کە بەرهەمەکانی لە دەڤەرێکی بەر تەنگدا نەمێنێتەوە, لە دەڤەرێکی تەسکدا, لە ناوچەیەکی سنورداردا قەتیس نەمێنێ, چونکە هونەر بە تەبیعەت و سروشتی خۆی دژی زیندانە و بە قەتیسمان قاییل نابێت, هونەرمەند دەبێ دووی شکۆ و ناوبانگ بکەوێت, ئەگەر خەیاڵ پلاویش بێ, لێ شکۆ و ناوبانگ لە شوێنی گەورە و کراوەدا زۆر بە قورسی و هێواشی دێتە پێشێ و بە دەست دێت.. و رێگەی هونەر بە گوڵ ڕانەخراوە, هەر کەسێك, بە تایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا, ئەو

ڕێگەیە بگرێتە بەر, دەبێ کوێرەوەری و برسێتی و چەوسانەوەی لە بیر بێ, مێژووی هونەریش پڕە لە نموونەی زیندوو..

یەکێك لە خەسڵەتەکانی ڕەسەنایەتی لە هونەردا ئەوەیە کە لە ڕواڵەتدا هێدی و هێمن و مەند و مەنگ بێ و لە ناخدا پڕ قوڵپ و بە کوڵ و بە جۆش بێ, گڕکانانی لە دامرکانەوە نەهاتووی, لە ناودابێ.. واتە شۆڕشێکی مەنگی مەنگ بێ, چیەیەك بێ لە جەڵدە و شەلاق بە سوێ تر, نەك هەرا و زەنا و هاوار و گازییەکی بە کەف و کوڵ و ڕەوتەنی.

بێگومان هونەر پەیوەستە بە ژیانەوە. بەڵکو ئەوزارێکی کۆمەڵایەتییە بۆ وەدیهاتنی بەرژەوەدیێن هاوبەش, ئەوزارێکە لە خزمەتی گەلدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێن دادوەری و پێشکەوتن. هونەرمەند نابێ بچێتە قاوغەکەی خۆیەوە و کونجی قەناعەت بگرێ و بچێتە خەڵوەتخانەی گۆشە گیرییەوە, بەڵکو دەبێ تێکەڵی ڕوداوەکان ببێ, ئاوێتەی کۆمەڵەکەی بێ, چاودێری بکات, شی بکاتەوە, بیفەلسەفێنێ تا هەڵوێستێکی وای لەمەڕ بگرێت کە لەگەڵ بەرزی هونەر و پەیامی پیلانگێڕی هونەردا بگونجێت, یانی هەڵوێستێکی بێگەردی هونەری, هەڵوێستێك کە زادەی پێداویستی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ هونەر بێ, بەو حەساوەی هونەر ڕوحی زیندووی قەوارەی کۆمەڵایەتییە, کەواتە مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ دۆزی هەرە بنەڕەتی هەر ژانرێکی هونەرییە.

ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە تەبیعەت و سۆزە پەنهانەکان بدۆزێتەوە, دەمامکیان لەسەر لابدات, وەکو خۆیان بیانهونەرێنێ, ئیدی گرینگ نییە ئەو تەبیعەت و سۆزانە بەرز بن یان نزم, جوان بن یان ناشیرین, هەر چۆنێك بن سۆزی تیرەی بەشەرن وەکو چۆن هەیە.

ئەرکی هونەرمەند پەند و ئامۆژگاری ئەخلاقی و پەروەردەیی نییە, بەڵکو لابردنی دەمامکەکانە, شکاندنی کۆت و زنجیرەکانە, هەڵدانەوەی بەردانە تا مێروو و کرمەکانی ژێریان بە دیار بکەون, کەواتە ئەوەی بایەخ و بەها بە هەر کارێکی هونەری دەبەخشێت ڕاستگۆییە, ئەنگاوتنی حەقیقەتە وەکو چۆن هونەرمەند دەیبینێ و دەیناسێت و دەیخوێنێتەوە لێ هونەرمەند کە هونەریانە هێرش دەباتە سەر هەندێ تورەهاتی ژیانی ڕۆژانە, مانای وانییە هێرش دەباتە سەر خودی ژیان, چونکە چ شتێك لە دەرێی ژیاندا کەشف نابێت و بەها و بایەخی خۆی وەر ناگرێت و ناهونەرێنرێت, هونەری ڕەسەنیش قەت و لە هیچ سەردەم و قۆناغێکدا پارووییەکی نەرمە قووت نەبووە و بە ئاسانی بە هەموو کەسێك هەرس نەکراوە.

هەڵبەتە هونەرمەند دەبێ بزانێ چ دەڵێت, دەبێ بزانێت چۆن گوتاری خۆی بگەیەنێتە خەڵکی, بە زەبری هونەریەت و قەناعەت پێکردن.

واتا هونەر دەبێ قەناعەت بەخش بێت نەك مایەی سەرسامی و گومڕابوون.

(3)

هونەر پیشەیەکی یەجگار قورسە, هەرچی هێز و توانات هەیە هەڵیدەمژێ بێ ئەوەی چ دەستکەوتێکی مادی هەبێ, بە تایبەتی لە وڵاتانی پاشکەوتووا, ڕەنگە نانەسکیشی تیا نەبێت, لێ لە پاڵ ئەوەشدا لەزەتێکی ڕوحی ئەوتۆ بە هونەرمەند دەبەخشێت کە نەتوانێ دەستبەرداری ببێ, لەگەڵ هەر بەرهەمێکی ڕەسەنی تازەدا ژیانی دەگۆڕێت و ڕوحی تازە دەبێتەوە و لە ناو هونەرەکەیدا دەژی و دەژێتەوە و ساتە ئاسایییەکان لە خۆی پاس دەکات و دەبێ بە بوونەوەرێکی نا ئاسایی و بازنەی دنیای تەنگی خۆی بەجێدەهێڵێت و بە ناو دنیای بەرین و ئازاد و سەربەخۆی هونەر دەکەوێت و..

(4)
دەكرێت هونـەری ڕەسـەن و مرۆڤـانی, بـە گشـت لـق و پۆپـەكانییـەوە بـە شـیلەی ڕوحـی سـەردەمی خـۆی بزانرێت, هونەریش پتر لە كـاتی ئاسـتەنگێن كۆمەڵایـەتی و نیگەرانییـەێن ڕوحیـدا بەرجەسـتە دەبێـت و لـە واقیعەوە ئاوێتەی خود و ڕوحی هونەرمەند دەبێت و ئەوجا وەكو پارچەیەك لە خودی هونەرمەند نەك وەكو پارچەیەك لە واقیعی بابەتی دەوروبەر لە شێوەیەك لە شێوەكانی هونەردا ڕەنگدەداتەوە.
(5)
كاری هونەری نابێت بۆ بەرجەستە كردنـی بـیر و ئایدۆلۆژیایـەكی دیـاریكراو تـەرخان بكرێـت, بـەڵكو دەبـیَ وەڵامدانەوەی كەڵكەڵە هەرە قووڵ و ئاڵۆزەكانی قوڵایی دەرونی مرۆڤ بیَ, بۆیـە هـەر هونەرمەنـدێك بیرێكـی دیاریكراو بەرجەستە بكات پێشوەختە سنووری كارە هونەرییەكەی خۆی دەزانیَ, ئیـدی ئـەو كـارە تـابلۆ و نیگار بـیَ یـان موسـیقا یـان شـیعر یـان چـیرۆك و ژانـرە ئـەدەبی و هونەرییـەكانی دیكـە.. هەڵبـەتـە هونـەر هەوڵێكی بەردەوامە بۆ كەشفكردن و دۆزینەوەی خود و ڕامكردنی, بۆیـە زۆر گرینگـە هونەرمەنـد چـاوی لـە ئافەرین و ستایش و ڕەزامەندی خەڵكی نەبێت, بـەڵكو گرینـگ ئەوەیـە خـۆی لـە خـۆی ڕازی بـیَ و لـە هـیچ سـاتێكی هونەریـدا, لـە منداڵیـەتی خـۆی, بـە هـەموو بێگەردییەكییـەوە, بـە هـەموو سـاویلكەیی و ساكارییەكییەوە, دانەبڕێت, دانەبڕێت, دانەبڕێت و سـواری بـاڵی منـداڵێتی بـبیَ و هـەموو لەمپـەر و مـەرز و سنوورەكان ببڕێت و خۆی بەیەك نیشتمانەوە, بە یەك نەژاد و ڕەگەزەوە, یان بە یەك ئـاین و زەمانـەوە نـە بەستێتەوە, بە زمانی هونەر, كە زمانی سەر لە بەری مرۆڤە لە هەموو دەڤەر و زەمانێكدا, خـۆی و خـەڵكی بدوێنیَ.
هونەر ئاوازێكە لە ژێـی كەمانچـەیەكی غەریبـەوە, لـە ڕوحـی مرۆڤـەوە دەڕژیَ و مـرۆڤ ئـاوەدان دەكاتـەوە. هونەر تامی ژیان بۆ لێوە پیر بووەكان دەگەڕێنێتەوە, هێـزی بیـنین لـە تاریكیـدا, بـۆ چـاوانی دەسـتەمۆ و ڕاهاتووی روناكی دەگەڕێنێتەوە.. هەڵبەتە هونەرەكان تێكەڵ بە یەكترن و لە هـیچ شـتێكدا یـەكێتی نـەبیَ, ئەوا یەكێتی هونەر هەیە. گرینگ ئەو هێزە خوڵقێنەرەیە كە لە پشت هەر كارێكی ڕەسـەنەوەیە, ئـەوەی لـە كاری هونەریدا مایەی سەرنجە ئاماژەكانێتی, ئاماژە بۆ پەنهان و نادیار, هەڵبـەتـە تـا ژیـان ترسـناكتر بـیَ و ئاڵۆزكاو تربیَ, ئەم دنیایە, ئەم جیهانە سامناكتر بـیَ, هونـەر پـتر ڕوو لـە تـەجرید و تـەجریدیـەت دەكـات و شیعری هەندێك لە سۆفییە شاعیرەكان نموونەی زیندووی ئەو بۆچوونەمانن..
تێبینی:
**بۆ زانیاری زیاتر بروانە كتێبی:**
**خمسة رسامين كبار د.نعيم عطية**
**دار الكاتب العربي –فرع مصر 1968**

# چالاکی رۆشنبیریی و سیاسی لێکدی نایەنە دابڕان

"1"

ئەگەر هەندێ بە وردی سەرنجی جیهانی ئەدەبیات, بەتایبەتی دەقە ئەدەبیەکان, ئیدی لە دەقی فۆلکلۆری حیکایەت و ئەفسانەو خورافەوە بیگرە تا دەگاتە دەقی نووسراوی سەردەمی دەست پێکردنی نووسین و تا دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆ, دەبینین ئەو دەقانە ئەگەر زۆریش لێکدی نەچن و کاریگەرییان بەسەر یەکدییەوە کەمتر دیار بێ, ئەوا لایەنی لێکچوونیان زۆرە ئیدی لە هەرکوێ یەك رسکابێ, هەڵبەتە سەبارەت بە دەقی فۆلکلۆری کە زادەی قۆناغێکی منداڵێتی کۆمەڵگەی بەشەرە, ئەو لێکچوونانەی لە نێوان دەقەکاندایە, دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ئاوات و خولیا و خۆزیاو خەون و ترس و نیگەرانییەکانی سەر لەبەری تیرەی بەشەر و هەوڵدانی مرۆڤە بۆ هونەراندنی خودی خۆی و واقیعەکەی, یانی دەق بەڵگەنامەیەکی هونەریانەی هەستەو ئەوەی تایبەتمەندی بەدەقی ئەدەبی فۆلکلۆری هەر میللەت و نەتەوەیەك دەبەخشێت, شێوەو شێوازی بەرجەستەکردنە هونەرییەکەیە..

بـەلام سـەبارەت بـە قۆنـاغی پەیـدا بـوونی نووسـین و پاشـان سـەرهەڵدانی دەقـی ئـەدەبی, ئـەوا رەنگـە کاریگەرییەکە زۆر زەقتر و زیاتر بێ, چونکە ئەدیب دەخوێنێتەوە, زۆرجار پێ بحەسێت یان نەحەسێت هەندێ خۆشاوی روحی ئەو دەقانە خۆیان دەبن پەردەکانی خوارەوەی هەستی نووسەر داوێن و لەوێندەر مت دەبن, جا ئەو مت بوونە زۆرجار سەرهەڵدانەوەو بوژانەوەی دەبێ, بەلام نەك دەقاودەق بە شێوازە ئەسڵییەکە, بەڵکو بـە شێوازێکی نزیك لە شێوازە ئەسڵییەکەو ئەمەش هەرگیز ناکاتە دزی ئـەدەبی, چـونکە لێکچـوونی بابـەت, مانـای وانییە لێکدی وەرگیرابن, یان ئەگەر وەرگیراو شێوازێکی هونەری جیاوازی درابێ و نەفەسی داهێنەری دووەم بە تـەواوەتی بەرجەسـتە بـووبێ, هونەرییـەتی خـۆی وەرگـرتبێ, ئەمـە نیشـانەی دانـەبڕانی ئەدیبـە لـە کـاروانی ئەفراندن و نزیکییەتی لە جیهانی کارلێکی ئەدەبییەوە.. هەڵبەتە ئەم قسانە بە مانـای هانـدانی خوانەخواسـتە دزی نییە, چونکە ملوانکەی دزێتی مەگەر بـە شـەوان لـە مـل بکرێ, خـۆ لـەم سـەردەمەدا بـە شـەویش لـەمل نـاکرێ.. بـە هـەر حـاڵ مەبەسـت ئەوەیـە کـە دەقی رەسـەن لـە پاشـخانی جیهـانی دەقـی دنیـا نایەتـە دابـڕان و ئـەدەبێك کـە لـە پرۆسـەی کارلێکـە ئەدەبییەکـە دابڕابـێ, ئەمـە نیشـانەیەکی بـاش نییـە, بـەڵکو نیشـانەی گۆشـەگیرییە, لـە کاتێکـدا ئـەدەب هـەوڵی سـڕینەوەی تـەنیایی و بـەردەوام کردنـی پەیوەندییـە مرۆڤانییـەکان دەدات.

"2"

ئەدەب, بە تایبەتی بۆ میللەتی بندەست و چەوساوە بمانەوێ و نەمانەوێ هەوڵدەدات و هەقێکی رەواشە ئـەو بۆشاییە کۆمەڵایەتی و مێژووییانەی کە دەکەونە ژیانی میللەتەکەوە, پڕی بکاتەوە.. لـە کـەش و هـەواو فـەزای سەرکوتکاری و زەبر و زەنگدا, ئەوەی ئەدەب دەتوانێ بیڵێ و بەرجەستەی بکات و پیشانی بدات, ئـەوا مێـژووی راستەقینە نـایتوانێ و مێژووی ساختەو دەسـتکرد و بـێ بـنج و بنـاوان لـەو سـەروبەندانەدا دروست دەبێت.. مێـژووی قـوڕ و قـەپ, کـەڕ و کـوێرو لاڵ لـەو بابەتـە قۆناغانـەی ژیـان دروسـت دەکـرێن. بۆیـە کـە دەگـوترێ ئەدەبیان ئالا هەڵگری میللەتن, مەبەست لەوەیە ئەگەر ئـەدەبی گـەورە هـەبێ, ئـەدیبی راسـتگۆو هونەرمەنـد و بەتوانا هەبن, دەتوانرێ بکرێن بە بنـەمای لێکۆڵینـەوەی مێـژووی "روحـی"ی میللـەتی مـەزلوم و بندەسـت لـە هەر قۆناغێکی ژیاندا, چونکە بۆشاییەکان پـڕ دەکاتـەوەو بـوونی ئـەو بابەتـە میللەتانـەش لـەو بۆشـاییانەو لـە جۆری پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییانەدا کەشف دەبێ.

***"3"***

سەربەخۆیی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ کورد, یەکێکە لە گرفتە هەرە گرنگ و بەرچاوەکان و هیچ نەبێ لەودیوی هزر و هەستی هەر کوردێکەوە سوێیەکەو لە نێوان سارێژ بوون و کولانەوەدایە, هەڵبەتە ئەمە لە ئەدەبیاتیشدا رەنگ دەداتەوە, بێگومان لە دەقە ئەدەبیەکانی ئێمەدا, بەتایبەتی لە دەقە شیعرییەکانماندا رەنگی داوەتەوە, بەڵام رەنگە گلەیی ئەوە بکرێت کە کەمتر هونەرییەتی گرتۆتە خۆ, هەر ئەمەش وا دەکات ئەو دەقانە بایەخی مێژوویيان زیاتر بێ لە کاریگەری هونەری!.. پێم وایە هەر کاتێ خەونی لە مێژینەی سەربەخۆیی هاتەدی هەنگینێ دەکارین پڕاو پڕی حەزی خۆمان گوزارشت لە خودی خۆمان, هەڵبەتە گوزارشتێکی هونەریانە بکەین. هەر کاتێ ئەمە هاتە دی ئەوا شەوی مێژووییمان رووناك دەبێتەوەو رابردوومان ئاوێتەی ئێستامان دەبێت و... چیدی لە پەراوێزی ژیاندا وەپیر خۆکوژییەوە ناچین.



www.pertwk.com

## هەڵوەستەیەکی ئەدەبی

وەکو چۆن ڕێبازە ئەدەبییەکان یەکتر تەواو دەکەن, ڕێبازە ڕەخنەییەکانیش هەمان شەقڵ و مۆرک وەردەگرن و هەر هەمووی خوێندنەوەی قوڵ و کەشف کردنی ڕاز و ڕەمزەکانی قوڵایی و ناخی دەقن و ڕێگە بۆ خوێنەری ئاسایی خۆشدەکەن کە لایەنە هەمەجۆرەکانی دەق لە چەند گۆشەنیگایەکەوە ببینن و بفامن و حاڵی بن.

هەڵبەتە سەرچاوەی حوکمی ڕەخنەیی دەچێتەوە سەر شیکردنەوەو شیکردنەوەش پرۆسەیەکی ئەقڵییە و هەر دیاردەیەك دەباتەوە سەر بنج و بناوانی هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە.. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ڕەخنەگر نایەت ڕاستە و پڕگالی میتۆدێکی پێشوەختە یان ڕێبازێکی پێشوەختە بگرێت بەدەستەوەو هەر دەقێکی هونەری پێ هەڵسەنگێنێ بەڵکو ڕەخنەگر, کارە هونەرییەکە ورد ورد دەخوێنێتەوەو هەر حاڵەت و دیاردەیەکی ناو دەقەکە دەگەڕێنێتەوە سەر بنج و بناوانی ئەو هۆکارانەی دروستیان کردووە و ئەوجاڕای خۆی لەسەر دەقە ئەدەبییەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری دەردەبڕێ. کەواتە ڕەخنە بۆی نییە دەقێکی دیاری کراو لە قاڵبی ڕێبازێك یان ئایدولوجیایەکی دیاری کراو بدات, و ئەگەر پڕ بەو قاڵبە بوو ئەوا دەقێکی چاك و سەرکەوتووە, ئەگەر نا ئەوا دەقێکی خراپە.. جا مادامێکی هەر دەقە و تایبەتمەندی خۆی هەیە, هەر دەقێکی ڕەخنەیی-ش لە دەقێکی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێ.. بۆیە دەقە ڕەخنەییەکە تایبەتمەندییەکانی دەقە هونەرییەکە وەردەگرێ و.. کەواتە مەرجی ڕەخنەی هاوچەرخ ئەوەیە کە بەر لە هەرشتێك دەقە هونەرییەکە بخوێنێتەوەو وردو دڕشتی بخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە, نەك پێشوەختە خۆی بەم ڕێباز یان بەو ڕێچکەوە ببەستێتەوە.. جا گومان لەوەدا



www.pertwk.com

نییە ئاستەکانی خوێندنەوەش جیاوازن و هەر رەخنەگرە و گۆشە نیگای خۆی هەیە و ئەم گۆشەنیگایانە یارمەتی خوێنەری ئاسایی دەدەن, زیاتر و هونەریانەتر ئاوێتەی دەق بین و لەزەت لە یەکپارچەیی هونەری دەقەکە ببینن.

کەواتە رەخنە, نووسینە دەربارەی نووسین. جا نووسین لەسەر نووسین کارێکی یەجگار قورس و ئەستەمە.. هەرکەسێك بچێتە ژێر باری ئەو کارە دەبێ کەرەستەی تەواوی پێ بێ, زۆر بە وردی و بە شێنەیی لە دەقەکە رابمێنێ و بگەڕێتەوە سەر سەرچاوە زانستی و خوێندنەوە هەمەجۆرە کۆن و تازەکانی ئەو بوارە, چونکە رەخنەگر نایەت لەبەر خاتری سەرگەرمکردنی خوێنەر بنووسێت, بەڵکو بۆ ئەوە دەنووسێت کە کۆمەکی خوێنەر بکات بۆ ئەوەی بە قوڵی و دروستی لە کارێك یان دەقێکی هونەری حاڵی ببێ و زەوقی ئەستاتێکی لێ وەربگرێ. دیارە لە هەمان کاتدا یارمەتی خودی هونەرمەندەکەش دەدات کە خۆی و هونەرەکەی بناسێت و رێگەی دروستی پێشڤەچوون بگرێتە بەر و بەمەش زەمینە بۆ سەرهەڵدان و پەیدابوونی وەچەی نوێ لە بوارە هونەرییە جۆراوجۆرەکان خۆش دەبێ و دەسازێ.

کەواتە رەخنەگر دەبێ خۆی بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەو راڤە و شرۆڤەی خودی دەقە ئەدەبییەکە تەرخان بکات و لە خودی دەقەکە دەرنەچێت, چونکە بچووکترین دەرچوون لە دەقەکە و دنیای دەقەکە لە پایە و راستگۆیی رەخنەوانی رەخنەگر کەم دەکاتەوە, لە رەخنەدا هیچ سۆز و سۆزدارییەك جێی نابێتەوە, نە ستایش دەیخوات و نە زەم و زەمکاری, مەسەلەکە شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەو لێکدانەوەی ورد و درشتی دەقێکی دیاریکراوو هەرە تایبەتە. و رەخنەگر بۆی هەیە سوود لە هەموو رێباز و رێچکە رەخنەییەکان وەربگرێ, چونکە هەموو دەکەنە ئەو کەرەستانەی کە رەخنەگر کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی لە جیاتی خوێنەرانی ئاسایی پێ دەخوێنێتەوە, تاکو ئەو خوێنەرانە ئاسۆ و رەهەند و ئاستە نادیارەکانی دەقەکە بەهۆی کاری رەخنەگرەکەوە بدینن و بەرە بەرە ئاستێکی رۆشنبیری ئەوتۆ بێتە ئاراوە کە پرسیاری گەورە بکرێ, چونکە وەکو دەڵێن پرسیای تازە و دروست و بەجێ, خۆی لە خۆیدا سەرەتایە بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی هزری, دیارە پرسیار بۆ وەڵام دەگەڕێ, و کۆی وەڵامەکان بە کۆك و ناکۆکیانەوە بزوتنەوەیەکی یەکگرتووی فیکری سەردەمێك پێك دێنن.. کەواتە پرسیای تازەی بە پرشت و تیژ کەرەوەی ئەقڵ و ئاوەز خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی ساغڵەم و دروستی دەسپێکی قۆناغی تازەی هزرو بیرو هونەر و ئەدەب و رۆشنبیرییە.

هەڵبەتە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی گرنگی و هەستیاری ئەرکی رەخنەگرە, کە دەبێ دوور لە هەر هەست و سۆزێکی رق یان خۆشەویستی, یان زەوقی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات و بە بەڵگەی دروست و بەجێ دەقەکە بدوێنێ و موناقەشەی بکات. هەڵبەتە بەم پێودانگە دەقی ئەدەبی پەنجەرەیەك نییە تا لێوەی بڕوانینە دنیای دەرێی دەق, چونکە ئارمانجی رەخنە تەنیا خودی دەقەکەیە.. و تاقە سەرچاوەی رەسەنی تێگەیشتن لە هەر دەقێك, تەنیا و تەنیا خودی دەقەکەیە وەکو چۆن هەیە, چونکە دەقی رەسەن خەڵقەندەیەکی هەرە تایبەتە و پێش بەدەق

بوون, بوونی نەبووە و هەرچی ڕەمز و ڕاز و نهێنییەکی ئەستاتیکی و هونەری هەیە, لە خودی دەقەکەدایە وەکو یەکە یەکی یەکپارچەی هونەری, نەك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق دا.

## دەردی پیرۆزاندن

"1"

بێگومان تایبەتمەندی هەر کەلتوورێك لە سەردەم و قۆناغ و پێکهاتەی تایبەتی مێژوویی-کۆمەلایەتی خۆی دانابڕێت و دەبیَ لەو قۆناغ و سەردەمەدا بۆی بگەڕێی و هەلیبسەنگێنی. واتە ناشێت هیچ ڕەوت و ڕێبازێك بەسەنگ و تەرازووی سەردەمێکی دەرێی سەردەمی خۆی کێشانە بکرێت. ناسین و زانینی هەر دیاردەیەك بەندە بە دەرك کردنی پێکهاتەو سیستەمی خودی ئەو دیاردەیەوە. وەکو چۆن دادوەری و قەزاوەت لەمەڕ خراپە و چاکەی پێشینان تەنیا لەناو دەقی مێژوویی خۆیدا مەیسەر و لە گوینە.

"2"

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی پاشکەوتوو ئەوەیە کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە هەر یەکەو بە جۆرێَ دەسەلات زەدە بووە, بەلای دەسەلات

هەموویانی گرتۆتەوە. پەیوەندی خەڵك نایەکسان و نابەرانبەرە. پەیوەندی سەرێ و خوارێیە, پەیوەندی سوڵتان و رەعیەتە, پەیوەندی موراد و موریدە. بە کورتی و کرمانجی پەیوەندی شوان و مێگەلە. ئیدی ئەم پەیوەندی شوان و مێگەلایەتییە لەناو یەك خێزاندا بێ یان یەك گەڕەك, یان یەك گوند یان لەناو گروپ و چینێکدا بێ یان لەناو شار و وڵاتێکدا بێ, یان لەناو بزوتنەوەو حزبێکدا بێ.. ئەوا ئارمانج و مەبەستی بەرقەراری پیرۆزی و پیرۆزاندنی ئەو باڵادەستییەیە تا کەسێك پەیدا نەبێ گومانی لێبکات یان تانەی لێبدات و بیڕوشێنێ. واتە شوان لە هەر سوچ و بەشێکی کۆمەڵگەدا بێ, دەبێ مێگەلێکی هەبێ. هەڵبەتە لە کەش و هەوای ئەم جۆرە پەیوەندییانەوە تەنیا دکتاتۆریەت پەروەردە دەبێ جا چ وەکو دەسەڵات و چ وەکو زهنییەت. هەڵبەتە کۆمەڵگەیەك لەسەر بناغەی پێکهاتەی دکتاتۆریەتی دەسەڵات رۆنرابێ, رەفتار و بیر و بیر کردنەوەی ئەندامەکانیشی هەر بەو ئاراستەیە پەروەردە دەکات کە خۆی دەیەوێت. بۆیە پێکهاتەی دکتاتۆریەتی زەین, زادەو زایەندەی پێکهاتەی دکتاتۆریەتی کۆمەڵگەیە. دەبێتە تایبەتمەندی ژیانی ئەو کەسانەی کە لە بەرانبەر دەسەڵات و باڵادەستاندا زەبوونن و لە بەرانبەر ژێردەستانیاندا دکتاتۆر و خۆسەر و شێرن.

ئیدی دکتاتۆریەت خەسڵەتی پەیوەندی نێوان "باڵا و پایینە". پەیوەندی "باڵا-پایین" نەك تەنیا لە کۆمەڵگەو سیستەمی بەرژەوەندییاندا بەرقەرارە, بەڵکو لەناو زەین و بیر کردنەوەی تاکەکانیشدا بەرقەرارە. زەینییەتی تاك بە جۆرە دکتاتۆریەتێك پەروەردە دەبێت کە هەر کەسێك لە ناخی خۆیدا شوانێکە و هەق بەخۆی دەدات کە هەر کاتێ بیەوێ گۆپاڵەکەی راوەشێنێ و بە سەری مێگەلەکەیدا بدات. پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە بە زەبری ئەم دار عاسایە بەرقەرار دەبێ یان دەمێنێ. ئیدی پەیوەندییە سیاسی و ئیداری و حکومەتی و چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیە بەرقەرار دەبن و


www.pertwk.com

جۆرێك لە پیرۆزی وەردەگرن و بگرە دەبن بە "تابو" و حەرام و جۆرە ترسێك لە روحدا دەخوڵقێنن... بۆیە هەموو سۆفیان و بێزاران لەم سیستەمە كۆمەڵایەتییە زەینییە, هەوڵیانداوە كە جێی ئەم "زۆرداریيە" و "ترسە" بە لێبوردەیی و سینگ فراوانی و عەشق پڕ بكەنەوە.

"3"

دیارە لە كۆمەڵگەی پاشكەوتووی شوان و مێگەلدا, وێنای جیهان و كۆمەڵگە وێناكردنێكی وەستاوە. قەدەر دەبێ بە یاسای ژیان, ناكرێ لێی یاخی ببی و كودەتای بەسەردا بكەیت, بەڵام دەشێت كرداری مرۆڤ بەم یاسایە پێوانە بكەی و هەر بۆیەش تەقدیر و قەدەر دەبێت بە یاسای ئەخلاقی و سزا.

هەڵبەتە كە باسی ناپایەداری ژیان و بێ بەهایی ئەم دنیایە دەكرێت, هەر هەمووی لەو روانگەو پێگەو پێكهاتە كۆمەڵایەتییانەوە هەڵقوڵاوە كە چ شتێكی بۆ ویستی ئازادانەی مرۆڤ نەهێشتووەتەوە.. كە ئەم حاڵەتە خۆی لە خۆیدا درێژە بە تەمەنی ئەو جۆرە داب و نەریت و رەوت و رێباز و روانگەو روانینانە دەدات.

هەڵبەتە ئەم جۆرە نەزم و نیزام و داب و نەریتە لە ئەدەبیاتیشدا رەنگ دەداتەوەو پەیوەندی باڵاو پایین و مەركەزییەتی زنجیرە مەراتبی دەسەڵات بەرجەستە دەكات, بۆیە دەبینین ئەدەبیاتی ئەم جۆرە سەردەم و قۆناغانە پڕ پەند و ئامۆژگاری و رێنمایی و هۆشداری دانە..

لە كاتێكدا لەو كۆمەڵگایانەدا كە لە رێگەی یاساوە, لە رێگەی فێر كردن و پەروەردەی كۆمەڵایەتییەوە رێكخرابن, هیچ پێویست بەم هەموو ئەدەبیاتی پەند و ئامۆژگارییە نییە, وەكو چۆن دەبینین كە لە وڵاتانی پێشكەوتوودا ئەم جۆرە ئەدەبیاتە نین.



www.pertwk.com

## هونەر دەبێ لە واقیع باڵاتر بێ

"1"

هەڵبەتە هونەر لە مێژوودا دەورێکی گرینگی گێڕاوەو بەشێك بووە لە ژیانی بەشەر, تا رۆژگاری ئەمڕۆ لەگەڵ بەشەردا هاتووەو لەناو پرۆسەی مێژوودا چێبووەو بە گوێرەی پرۆسەی گۆڕین و گۆران دۆخەگۆڕکێیی بەخۆوە بینیووە. واتە هونەر لە ژیانی مرۆڤدا شتێکی زیادە یان پەراوێز نەبووە, کە ئەمڕۆ هەبێ و سبەی نەبێ, بۆیە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەبووەو بەپێی قۆناغ و سەردەم لەناو پرۆسەی مێژوودا, ناوەرۆك و قاڵب و پەیامی گۆڕاوە.. واتە لەو رۆژەوە کە کۆمۆنە سەرەتاییەکانی بەشەر چێبوەو مرۆڤ کەوتۆتە بیرکردنەوەو نەخشەدانان و رێکخستنی ژیانی خۆی و ئەو کار یان کارانەی ویستوویەتی ئەنجامی بدات و سەروساختی هوشیارانەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پەیدا کردووە, هونەریش وەکو پێداویستییەکی مرۆڤانی و لە چوارچێوەی کاروژیانی بەشەردا سەری هەڵداوەو فاکتەرێك بووە لە فاکتەرەکانی پرۆسەی گۆڕان و گۆڕینی ژیان و جیهان... هونەر بە هەموو شێوەو بەشە جیاوازەکانییەوە رۆڵێکی گرینگی لە پاراستن و بەردەوامانەدنی کۆمەڵگەو شارستانییەتە مرۆڤانییەکاندا گێڕاوەو دەگێڕێت. هونەر فاکتەرێکی شۆڕشگێڕانەی

گەورە بووە لە واری گواستنەوەی کۆمەڵ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆنـاغێکی دیکـە, واتـە دابڕان لە کۆمەڵگەی کۆن و گەیشتن بە کۆمەڵگەی نـوێ و پێشـکەوتووتر و بـاڵاتر.. یـەکێك لـە کاریگەرییـەکانی هونـەر لـە کۆمەڵگـەدا, بەتایبـەتی لـە کۆمەڵگـەێن سەرەتاییدا, پاراستن و دەوڵەمەند کردنی هەستی بەردەواماندنی کۆمەڵگەیـە... بـۆ نموونە لە کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکاندا یـەکێك لـە هونـەرە باوەکـان نـەقڵ گێڕانـەوەو حیکایەتبێژییە. وەختێك نەقڵ بێژ دادەنیشت و خەڵکی لە دەوری دادەنیشن و گوێ ل نەقڵ یان حیکایەتەکەی دەگرن, ڕەنگە ئەم کارە لە بنەڕەتدا بـە هونـەر نـەزانن. نەقڵ بێژ بە ئاوو تاو سەربورو ئەفسانەی بێژینانیان بۆ دەگێڕێتـەوە. ئـەم پرۆسـەی گێڕانەوەیە بەجۆرێ کار دەکاتە سەر گوێدێزان کە یەکیان دەخات, هەسـت دەکـەن ناسـنامەیەکی هاوبەشـیان هەیـە, یـەك ڕەگ و ڕیشـەیان هەیـە.. هەڵبەتەئەمـە کاریگەری هونەرییە, ئەم چالاکییە هونەرییە ئەگەرچـی رەگـی لـە میتافیزیکدایـە, و شـتێکی زانسـتیانە نییـە, بـەڵام لـە ڕووی ئایدۆلۆژییـەوە یارمـەتی کۆمەڵگـە سەرەتاییەکان دەدات, زەنینیان لە مەسە رۆژانە سادەکان هێوەتر دەبـات و دیـد و روانینیان زیاتر دەکاتەوە. هەڵبەتـە کـاتێ کـە بابـەت زۆر تایبـەتی و رۆژانـە نـەبێ, تایبەتمەندییەکی تایبەت بە بەرهەمی هونەری دەبەخشێت و لـق و پـۆپ بـۆ ئاینـدە دەهاوێت و بەمەش هەستی بەردەوامی لە لای ئەندامانی ئەو کۆمەڵگـە سـەرەتایی و سادانە دەپارێزێت.. هەڵبەتە ئەو حیکایەت و ئەفسانانەی لە لایـەن نـەقڵ بێژانـەوە دەگێڕدرێنەوە و دەماودەم دێن, بە گوێرەی بـارودۆخ و کـەش و هـەوای قۆناغانـەی ئێرەو تایفەی پێدا تێپەڕ دەبێـت و وردە گـۆڕان و گۆڕینیـان تێـدا دەکـرێ و لەگـەڵ بارودۆخی تازەدا دەگونجێنرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کـە چـالاکی هونـەری بـەم جۆرە گۆڕانانە, زەین و ئـەقڵ ئامـادە دەکـات بـۆ دابـڕان لـە رابـردوو و لـق و پـۆپ هاویشتن بۆ ئایندە. واتە لێرەدا نـەقڵ بێـژ دەورێکـی کۆمەڵایـەتی بـەخۆی دەدات و هەوڵ دەدات شتێك بگێڕێتەوەو بخاتە ڕوو کـە لەگـەڵ پێداویسـتییەکانی کۆمەڵگـەدا لە بواری گۆڕان و پێشڤەچووندا بسازێت و بگونجێت..

گوتمان کە گێڕانەوەی نەقڵ و حیکایەت و ئەفسانان کاریگەری ئایدۆلۆژی خۆی هەیە, ناسنامەی هاوبەش و یەکێتی دەروونی و سایکۆلۆژی بە تاقم و جەماعەت دەبەخشێت, دیارە لێرەدا مەرج نییە تەنیا ئایدولوژیای چاك و پێشڕەو برەو بدات, بێگومان چالاکی هونەری چەلەنگییەکی زەینییە, بەڵام لە رێگەی وێناو وێنەی زەینییەوە دەستکاری جیهانی دەرەوە دەکات, هونەر ئەم رۆڵە دەبینێ. هەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە نییە کە هونەر رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی موو بە مووی واقیعەو ژیانی رۆژانە وەکو خۆی بەرجەستە دەکاتەوەو.. راستە سەرچاوەی هەر بەرهەمێکی هونەری ژیانە, لە کاتێکدا ژیان و هونەر هەردووکیان جوانن, بەڵام ئەرکی هونەر ئەوەیە بە باڵاترین شێوە, پوختەترین و چڕترین شێوەی نموونەیی ژیان بەرجەستە بکات و هەر ئەمەش جیاوازی سەرەکی نێوان هونەر و ژیانە. هونەر لە رێگەی کاریگەری زەینییەوە دەسکاری جیهانی دەرەوە دەکات کە جیهانی دەرەکی بگۆڕێ و بە قازانجی خۆی ئاڕاستەی بکات. هەرهەموو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هونەر دەبێ لە واقیع باڵاتر بێ لە ئایدیالەوە نزیکتر بێ و تا دەکرێ مرۆڤانی و جیهانی بێ.. لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ ژیان دیاردەیەکی پڕ کێشمانەکێشە, پڕ ناکۆکی و هەوراز و نشێوە, مرۆڤ لەناو جەرگەی ژیاندا خەبات دەکات, دەیەوێ بوونی خۆی بسەلمێنێ, ئامانجێك بۆخۆی دیاری بکات, لە پێناوی ئامانجی گەورەو بچووکدا دەخەبتێ, تێك دەشکێت, پاشەکشە دەکات, پێشڕەوی دەکات و ئیدی کۆمەڵگەی بەشەر هەمیشە لە پێناوی ژیانێکی باشتردا تێکۆشاوە.. ژیان دەکاتە ئامانجداری, خولقاندنەوەو داهێنان, ژیان بەم چەنك و مانایە جوانە, واتە شتێکی راوەستاوو نەگۆڕ نییە. هونەریش لەم ڕوانگەیەوە دەورێکی کۆمەڵایەتی زۆر گرینگ دەبینێ. کە دەگوترێ هونەر, ژیان زۆر پڕ جۆشتر, نزیکتر لە ئایدیالەوە, چڕتر و پڕتر نیشاندەدات, دەقاودەق مەبەست ئەوەیە کە ئەم رەوت و رێبازە پڕ کێشمانەکێشە, پڕ ناکۆکی و پڕ هەوراز و نشێو, و پڕ هیواو ئومێدە زۆر چڕتر و باشتر نیشان دەدات. واتە هونەر زیاتر نزیکە لە ئایدیالەوە. هەڵبەتە جیهانی ئایدیاڵی جەماوەری خەڵك ناکاتە نەگبەتی و هەژاری و بێنەوایی, بەشەر


www.pertwk.com

خەون ب جیهانێکی باشتر و ژیانێکی خۆشترەوە دەبینێ, بۆیە هونەری پێشڕەو بە شێوەیەك لە شێوەکان دەکاتە خەبتین لە پێناوی ژیانێکی باشتر و دنیایەکی مرۆڤانی تر.. یانی هونەری ڕەسەن ئەوە نییە کە بێت خەیاڵ بە خەڵکی بفرۆشێت و کارێکی وەها بکات لە ژیانی راستەقینەو خەبات لە ڕای ژیانێکی باشتر و مرۆڤانی تر هەڵبێن.. هونەری پێشڕەو و ڕەسەن, دید و جیهانبینی پێشڕەوو ڕەسەن بە خەڵکی نیشان دەدات تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە بە دروستی هەڵس و کەوت لەگەڵ ژیاندا بکەن و بکەونە سەر راستەڕێی بیر کردنەوەو خەسێن و دەستخەڕۆ بوون قبووڵ نەکەن.

هەڵبەتە مرۆڤ دەبێ لایەنی تەفریحی و سەرگەرمیشی هەبێ, چونکە ئەگەر ئەم لایەنەی نەبێ کاریگەری نابێ, ئەگەر بشیبێت زۆر کەم دەبێت.. هەڵبەتە مەبەست لە تەفریح و سەرگەرمی ئەوەیە کە جۆرە پشوویەك بە روح و تەرزە ئاسوودەییەك بە گیان ببەخشێ, تا بنیادەم بە زەینیەتێکی باشتر و بەدەنێکی ساز و ئامادەترەوە درێژە بە کار و ژیان و خەباتی خۆی بدات.. بەهەرحاڵ هونەری رەسەن و پێشڕەوو کاریگەر ئاسۆی هزر و بیر و خەون و خەیاڵی مرۆڤ تازە دەکاتەوە, دەمەزەردی دەکاتەوە,... بەهەرحاڵ هونەر بەشێکە لە چالاکی و چەلەنگییە کۆمەڵایەتییەکانی بەشەر و لەوەتەی بەشەر پەیدا بووەو خۆی ناسیوە هەوڵیداوە خۆی تۆمار بکات و رابردوو بگێڕێتەوەو ئێستا بخوێنێتەوەو پێشبینی ئایندە بکات, دیارە ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی کار و چالاکییە بەشەری و کۆمەڵایەتییەکاندا مەیسەر بووە.. هونەر بەشێك بووە لەو چالاکییە کۆمەڵایەتیانەو شەرعیەتی خۆی لە سەردەمی خۆی و پێداویستییە روحی و زەینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە وەرگرتووە, تا رۆژگاری ئەمڕۆ لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئادەمیزادا هاتووەو بەردەوامەو لەگەڵ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا بارەخ و کاریگەری خۆی هەبووەو هەیە.. هەڵبەتە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد ئەگەرچی هونەر زادەی پێداویستییە هەمیشەیی و رۆژانەکانی کۆمەڵگەیە, بەڵام ناشبێ زۆر رۆژانەو رۆتین بێ, هەر ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لەو پێوەرانەی یارمەتی


www.pertwk.com

ئـەوەمان دەدات تێبگـەین کـە بۆچـی ئـەم بەرهەمـە هونەرییـە یـان ئـەو بەرهەمـە هونەرییە کاریگەرتر و زیندووتر و بەتەمەنتر و جاویدانترە.

"2"

هەڵبەتە جیهانی هونەر یەجگار بەرین و ئاڵۆز و ریشەدار و بە لق و پۆپـە و تـا حـەز بکەی مشت و مڕ و موناقەشە هەڵدەگرێ, بۆ نموونە خەڵکانێك هەن کە پێیـان وایـە نـاوەرۆك چ بایـەخێکی نییـەو هونەرمەنـد نـابێ بچـێتە ژێـر بـاری هـیچ پـەیام و پەیامدارییەك, دەڵێن بیرکردنـەوە لـە نێـوەرۆك, بەرهـەمی هونـەری لـە هونەرییـەت دەخات و دەیکات بە کلێشەو لە قەفەزی دەنێت, واتە پێیان وایە بایەخدان بە فۆرم لە پێش هەموو شتێکی ترەوەیـەو چـی گـوتن گرنگـی نییـە و چـۆن گـوتن گرنگـە.. بەهەرحاڵ لە بواری پراکتیکیشدا زۆر هەوڵدراوەو زۆر کـەس خـۆی تاقیکردۆتـەوە و بە گەلێك عینوانەوە, یەکێك لەولنە شیعری رووت و خالیسـەیە, هاتونەتـە مەیـدان و لـە رێگـەی بـێ نـاوەرۆك کردنـی شـیعرەوە, زۆر بەرهـەمی شـیعرییان خسـتۆتەوەو توندڕەوی هەندێ لە ئەهلی ئەو مەیدانانە گەییوەتە ئەوەی کە بە ئانقەسـت بکەونـە هەرزەوێژی و بونیادشکێنی زمان و شـتێك بەرهـەم بێـنن کـە لـەباری شـیعرییەتەوە هیچ بایـەخێکی نـەبێ و تـەنیا لـەناو چـەند کـۆڕ و دەسـتەیەکی زۆر کەمـدا کڕیـاری هەبێ.. هەڵبەتە هونـەر وەکـو پێداویسـتییەکی کۆمەڵایـەتی نـەك هـەر لـە پرۆسـەی گۆڕان و گۆڕین و تازەبوونـەوە بـەدەر نییـە, بـەڵکو بـەخۆی فاکتـەری گۆڕینـەو لـە هەمان کاتیشدا بابەتی پرۆسەی گۆڕان و گۆڕینەو لە رووی شێوەو شـێواز و قاڵـب و ناوەرۆکەوە, لە رووی هونەرییەتەوە وەکو یەکە یەکی یەکپارچە بە هـەموو رەگـەزە پێکهێنەرەکانییەوە لە پرۆسەی گۆڕان هەرگیز بەدەر نابێ, واتـە هونـەر بۆخۆیشـی پرۆژەی گۆڕانە, بەڵام پرۆسەی گۆڕان نە موجەڕەدەو نە لە بۆشاییەوە هەڵدەقوڵێت بەڵکو زادەو بـەرەنجامی زنجیرە گـۆڕانێکی گـەورەترە, بۆیـە سـەرهەڵدانی فـۆرم و شـێوازی تـازەو نـوێ بوونـەوەی نێـوەرۆك و رەگـەزەکانی دیکـەی هونـەر, بـەخۆی بەشێکە لە پرۆسەی گەورەتر و بەرینتری نوێخوازی و نوێکاری کۆمەڵگـە, لـە وارێـن فەلسەفی, ئەدەبی, هونەری, رۆشنبیری و ئابوری و شارستانی و ژیاییەوە.



www.pertwk.com

بەهەرحاڵ هونەر بەشێکە لە چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤ, و لە کۆنی کۆنـەوە هاوکـات لەگەڵ کارو چالاکییە بەشەرییەکانی دیکەی وەکو کـاری بەرهـەمهێنان و ئـەزموونێن زانستی و خەباتی چینایەتی دا... سەری هەڵداوەو دەوری خۆی دیتـووە.. هەڵبەتـە چالاکی هونـەری زیـاتر چـالاکییەکی زەینییـە و لـە چوارچێوەی زەینـدا پـەروەردە دەبێ و قالب و فۆرمی خۆی وەردەگرێت. هونەر رەنگدانەوەی ژیان و واقیعـە بـەڵام لە ئاستێکی باڵاتردا. لە ئاستێکی نزیك لە ئایدیاڵەوە, لە ئاستێکی نموونەیی گەرم و گوڕتر و بەجۆش و خرۆشتر لـە ژیـانی رۆژانـەو رۆتـین. هەڵبەتـە بەرهـەمی هونـەری زەینی بەشەر, ئایدولوژیاو روانینی بەشەر دەپالێویّ و دەیکاتەوەو دەیخەملێنیّ, یـا ئەگـەر هونـەرێکی پاشـڤەڕۆ و کۆنەپەرسـتانە بـیّ ئـەوا بەپێچـەوانەوە زەیـنی مـرۆڤ تێکدەدات و بنیـادەم کـورتبین دەکـات. واتـە بـە هـەردوو بـاری ئیجـابی و سـلبیدا دەشێت کار لە روانین و ئایدولوژیای بەشەر بکات, واتـە هونـەریش لایەنـداری خـۆی هەیە و بێ لایەن نییە. بەڵام هەر هونەرێکیش ئەگەر لەزەتبەخشین و جۆرە تـەفریح و سـەرگەرمییەکی تێـدا نـەبیّ رەنگـە بەزەحمـەت بچـێتە خانـەی هونـەری راستەقینەوە.. یا بە گوتەیەکی دی هونەری نـەمرەوە کـە باسـی نزیکـی هونـەر لـە ئایدیاڵەوە دەکرێت, ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەی پەیوەندی هونەرە بـە ئایندەوە. واتـە هونـەر خوێندنەوەیـەکی هونەریانـەی واقیعـە, خوڵقاندنەوەیـەکی هونەریانـەی واقیعە بە ئاستێکی باڵادا و بە ئاراستەی ئایندەدا, کەشـف کـردن و رووتکردنـەوەی ناکۆکییەکانە, چونکە ناسین و زانینی ئەو ناکۆکییانە مەرجە بۆ بەردەوامانـدنی ژیان بەئاراستە مرۆڤانییەکانیدا, و ئەمەش شێوازی نویّ و هەمەجۆر دەخوازیّ.



www.pertwk.com

## ئەفراندنی میللی

"1"

داهێنانی میللی وەختێ داهێنانە, وەختێ گوزارشتی هونەرییە کە ڕەسەن و قوولْ بێ, بکەوێتە سەر زاران و بگێڕدرێتەوە. گوزارشت لە پێداویستیە هەستەوەری و مەعنەوییەکانی کۆمەڵ بکات, کەلەپووری کەلتووری میللەت و خەسڵەتە نەتەوەییەکانی بگرێتەخۆ, بەها مرۆڤانییە باڵاو بەها کۆمەڵایەتییەکانی بەرجەستە بکات. لە ویژدانی دەستەجەمی خەڵکەوە هەڵقوڵابێ, خودی گشتی (الذات العامة) بەرجەستە بکات و بنوێنێ. پڕ بێ لە زندوویەتی و بکارێت گەشە بکات و پەرە بسەنێ... لەگەڵ رەوتی گۆڕاندا لە کارلێکی تەواودابێ و هیچ جۆرە وەستانێك قبولْ نەکات. واتە تێکڕای بەرو بوم و بەرهەمی کەلتووری میللەتێك بێ, بەجیاوازی وەچەکانییەوە, بە جیاوازی ژینگەیانەوە, بە جیاوازی قۆناغەکانیانەوە.. واتە گشت لە گشتی کەلەپوری میللەتێك بێ.. هەڵبەتە کەلەپور, گەر رەسەن و قولْ بێ زادەی هەموو گەلە بە


www.pertwk.com

هەموو تاك و توێژ و چینەكانییەوەو بە درێژایی ڕەوتی ڕۆژگار و لە هەر قۆناغ و سەردەمێكدا, لەلای هەركەس و گروپ و توێژ و چینێك ئامرازی گوزارشتی هونەریانەی خۆی خوڵقاندووە. كەلەپووری نەتەوەیی ئەوەیە كە ڕەنگدانەوەی ویژدانێكی دەستەجەمی بێ, هەر ئەم ویژدانی دەستە جەمییەیە كە كەلەپوری میللی و نامیللی لێكدی جیا دەكاتەوە. لە كەلەپوری میللی دا دانەر یا خودانی دەق نادیارەو خەسڵەتە تایبەتی و تاكییەكانی بەدیار ناكەوێ بۆیە كەلەپوری میللی دەكاتە هەموو ئەو میراتە فیكری و بەها مادی و ڕوحی و كارو كردەوە هونەریانەیە كە بە قسە یا بە نووسین یا بە كردەوە هاتوونەتە دەربڕین و پشتاوپشت هاتووەو ماوەتەوە.

هەڵبەتە (نوكتە) لایەنێكی كەلەپووری میللی پێكدێنێ, جا نوكتەو قسەی بەتوێكڵ ئەگەر چی بەرواڵەت سادەو ساكارو ئاسایی دێتە بەرچاو, بابەتی پێكەنین و گاڵتەو تەوس و توانجە.بەڵام لە كرۆك و كاكڵ دا هۆیەكی هەرە زندووی بەرەڤانییە لە خودی گشتی و تاكید لەسەر ئەو بەها مرۆڤانییە باڵا و ئارمانجە نەتەوەییانە دەكات كە كۆمەڵ بە دەستەجەمی كار بۆ وەدیهێنانی دەكات.. جا ئەم دەورە هەرە گرینگەی نوكتەو قسەی نەستەق زۆر نزیكە لە دەرەوە ڕۆڵی كاریكاتێری ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.

هەڵبەتە كەلەپوری میللی بەگشتی و "نوكتە" بەتایبەتی بە زەبری ڕەسەنایەتی مێژوویی و بەردەوامی كەلتووری گەییوەتە ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئێمەو دەگاتە سبەینێی ئەوانی دوای ئێمەش.. ئەمە جگە لەوەی كە كات و شوێنی ئەو نوكتە حیكایەتئامێزانە كات و شوێنی مجەڕەدن و ئەمەش شەقڵێكی گشتگیر و مرۆڤانی و بێ لایەنانەی ئەوتۆی دەداتێ كە گوێگر یان خوێنەر لە هەر شوێنێ بن بە ئاسانی قبوڵی بكەن و زەوقی لێوەربگرن. ئەمە جگە لەوەی وەكو بابەت كورتن و یەك ڕەگەز دەگرنە خۆو و ئەمەش وادەكات بەئاسانی ئەزبەر بكرێن و دەماودەم بكەن. ئەمە سەرەڕای ئەو فرمان و دەمانەی لە دەقەكاندا بەكار هاتوون, جۆرێك لە بەردەوامی بە دەقەكە دەبەخشن, بۆ نموونە كاتێ فرمانانی

ڕانەبردوو ئاوێتەی فرمانانی رابردوو دەبن, واتە کە دەمەکان ئاوێتە دەبن, ئەمە بۆ ئەوەیە کە ڕووداوەکە بەردەوامییەکی شعوری و مەعنەوی لە ژیانی گوێگر و خوێنەر دا پەیدا بکات.

"2"

بێگومان نوکتە لە نەخشەی کەلەپووری میللی هەر نەتەوەو گەلێکدا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە. هەڵبەتە زۆرجار قۆناغ و سەردەم بەخۆی ڕەمزی هونەری دەخوازێ و کەسانێك دەبن بە ڕەمزی هونەری بواری نوکتە.. یەکێك لەو ڕەمزە زندووانەی بواری نوکتە (جوحا, مەلا نەسرەدین, مەلای مەنشورە) کە ئەم پیاوە لەناو زۆربەی  هەرە زۆری گەلانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە و لەلای هەر گەلێك هەندێ دەستکاری کراوەو جۆرێك لە تایبەتمەندی ئەو گەلەی پێ بەخشراوەو سووکە گۆڕان بەسەر ناوەکەشیدا هاتووە. دیارە ئەم ڕەمزە هونەرییە, بە زەبری ڕەسەنایەتی مێژوویی و ڕەوتی ئەنتەرناسیونالی خۆی لەناو هەموو گەلانی دنیادا بە شێوەیەك. لە شێوەکان جۆرە بوونێکی پەیدا کردووە. گرینگ ئەوەیە ئەم پیاوە هەبووەو بەمەزەندەو بە قەرینە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی چواردەو سەرەتای سەدەی پازدەدا ژیاوە. چونکە ئەو سەردەمە پەیدا بوونی ڕەمزێکی هونەری وەکو جوحا هەڵدەگرێت, چونکە سەردەمی گۆڕانکاری مێژوویی بوو, و نیگەرانی و دەرونگرژی و تەنگانەی زۆری بەگەڵ کەوتبوو.. هەڵبەتە لە سەردەم و قۆناغی گۆڕانی مێژوویی دا, بەتایبەتی ئەگەر گۆڕانەکە بە زەبری هێزی سوپایی و ململانێی خوێناوی ئەنجام بدرێ و خەڵکەکە ناچار بن لەبەر نەبوونی ئازادی دەربڕین پەنا وەبەر بێدەنگی ببەن. جا لەم سەروبەند و قۆناغانەدا ویژدانی تاك- لە بواری داهێنانی هزری و هونەریدا- دوو هەڵوێستی لە بەردەمە, یا لەناو دەسەڵاتدا دەتوێتەوەو دەبێ بە زوڕناژەن و ماستاوچی و ڕیاکار, کە ئەمە هەڵوێستێکی یەجگار دژوارە, و نە هونەرمەندی داهێنەر پێی قاییل دەبێ و نە هزرڤانی ڕەسەن ملی بۆ دەدات. هەڵوێستی دووەم ئەوەیە کە خاوەن هەڵوێست پەنا وەبەر بێدەنگی ببات, جا لەم حاڵەتەدا بێدەنگی پەنا وەبەر

ویژدانی میللی دەستەجەمی دەبات و ڕەمزێکی هونەری پڕ تەوس و تەنز دەدۆزێتەوە –کە جوحا یەکێکە لەو ڕەمزانە- تا هەموو خەڵکی لەو ڕێگەیەوە, لە لایەکەوە گوزارشت لە ڕای خۆیان لە مەڕ دەسەڵاتی لەشکری و سیاسی بکەن, و لەلایەکی دیکەوە دید و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕوو بە رووبوونەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەربڕن, بەبێ ئەوەی بەرزەبڕی دەسەڵاتی لەشکری دەسەڵاتدار بکەون.

هەڵبەتە ئەمەش حیلەیەکی هونەری سادەیە, هەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان بە کۆو بە تاکەوە, ممارەسەیان کردووەو پەنایان بۆ بردووەو لە ڕێگەی ئەو حیلە هونەرییەوە یەکێتی خۆیان پاراستووەو دەروونی خۆیان ئاسوودە کردووە.

کەواتە ڕەمزی هونەری میکانیزمێکە بۆ دەربڕین و ڕوو بە رربوونەوە, زروف و ڕۆژگارو قۆناغی سەرکوتکاری و ڕۆژانی تەنگانە, خێرایی بەدەرکەوتن و پەیدا بوونی دەبەخشن.

جا هەر ڕەمزێکی هونەری لە بابەتی جوحا کۆمەڵێك فاکتەری دەروونی و هونەری لە پشتەوەیەو لەبار و دۆخ و زروفی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەتیدا نەشونما دەکات و لق و پۆپ دەهاوێ و لەمپەر و مەرزە جوگرافی و زەمەنییەکانی نێوان گەلان دەبڕێ و زەینی میللی هەر گەلێك بەپێی پێویستی شعوری و مەعنەوی خۆی, بەناو ئەم هونەرە زارەکیانە دەکەوێ و دەستکاریان دەکات و ئەوانەیان هەڵدەبژێرێ کە لە ڕووی ئەستاتیکی و هزرییەوە سوکنایی پێ دەبەخشن و تۆڵەی بۆ دەسەننەوەو داخی دڵی خۆیانی پێ دەڕێژن. واتە لەژێر پەردەی ڕەمزە هونەرییەکەوە خەڵکی ڕای خۆیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی دەورووبەریان دەڵێن و بە زمانی ئەوەوە هەڵوێستی سیاسیان لەمەڕ دەسەڵاتی سیاسی لە سەردەمی زوڵم و ستەمکاری و سەرکوتکاریدا تۆمار دەکەن.

"3"

نوکتەی سیاسی لە سەردەمی سەرکوتکاریدا برەو دەستێنێ و ڕەواج پەیدا دەکات. هەڵوێستی جیاوازی خەڵکی لەمەڕ حوکمڕانانی ستەمکار بەرجەستە


www.pertwk.com

دەکات, کە بێگومان هەندێکیان سەلبی و هەندێکی تریان ئیجابی دەبن, جا جوحا وێنەیەکی هەرە زندووی تاکی سەردەمی سەرکوتکاری و هەلپەرستیە کە شەقلی هەموو سەردەمە پڕ زوڵمەکانە.

لێرەدا ئەم نوکتەیە وەکو هەڵوێستێکی ئیجابی دێنینەوە:

رۆژێ جوحا قازێ دەکوڵێنێ و بەدیاری بۆ تەیموور لەنگ-ی دەبات. لە ڕێگەدا نەوسی زاڵ دەبێ و ڕانێکی دەخوات.. کە سوڵتان سەیری کرد قازەکە تەواو نییە گوتی: جوحا ئەدی کوا لاقی؟ جوحا گوتی: هەموو قازی شار یەك لاقیان هەیە- ئەمە ئاماژەیە بۆ لەنگی و شەلی تەیموور- ئەگەر باوەڕم پێناکەی بڕوانە ئەو قازەی کەنار ئەو حەوزەی بەردەمت.

قازەکە لەو کاتەدا خۆی دابووە هەتاو و لاقێکی هەڵبڕی بوو و سەری لە بن باڵی نابوو. سوڵتان ئەوەی بینی و وا خۆی نواند کە قەناعەتی کردووە- بەڵام ژێراو ژێر ئەمری بە جۆقەی سوڵتانی دا کە لە حەوزەکە نزیك ببنەوەو مۆسیقایەکی توند لێبدەن, لە پڕ دەنگی تەپڵ و مۆسیقایەکی توند هەستا, قازەکە لەو دەنگ و هەرایە ڕاجفری و لە ترساندا کەوتە غاردان بەم لاو بەولادا. تەیموور ئاوڕی لە جوحا دایەوەو پێی گوت: چۆن درۆم لەگەڵ دەکەی, ئەوە نییە قازەکە بە هەردووك پێیان دەڕوات؟ جوحا گوتی:

- بەڵام گەورەم تۆ ئەوەت لەبیر کرد کە ترس هەموو شتێکی سەیری لێدەکەوێتەوە- ئەگەر تۆیان وەکو ئەو بترسانایە بە چوار پێ غارت دەدا



www.pertwk.com

## ئەدەب و سیاسەت

ئەگەر سەرنجێکی مێژووی ئەدەبی کوردی بدەین ولە ئاستی هەرقۆناغێکیدا هەڵوەستەیەك بکەین، ئەوا بۆمان بەدیار دەکەوێ کە هەڵکشان و داکشانی ئەدەبیمان راستەوخۆ پەیوەست بووە بەو بارە سیاسییەوە کە کوردستان پێیدا تێپەڕیوە. لەهەر قۆناغ و شوێنێکیدا راپەڕین و شۆڕش و سوکە دەسەلأتی سیاسی هەبووبێ، ئەوا بزاڤێکی ئەدەبی و رۆشنبیری بەگەڵ خۆی خستووەو تەوژم و تەکانێکی پێی داوە.

خانی مەزن ، کوڕی سەردەمی خۆی و ڕسکاوی زەمینەی میرنشینی بۆتان و پاشان ئالأ هەڵگری بیرو هەستی نەتەوەیی کورد بووەو بەئاواتەوە بووە ئەو دەسەلأتە سیاسییە نیمچە سەربەخۆیە پەرە بسەنێ و هەموو کوردستان بگرێتەوە، بەلأم سەیردەکەین لەگەڵ هەرەسهێنانی میرنشینی نێوبراودا دەستی خانیش سست بووەو ئالأکە گەر نەشکەوتبێ ئەوا بۆ ماوەیەکی درێژ بەنزمی و بێناز ماوەتەوە..خۆ ئەگەر ئەو بناغە بتەوەی خانی و هەڤاڵەکانی نەبوایە ئەوا لەوەبوو جارەکی دی کەس نەگەڕێتەوە سەر کۆنە هەوارو سەرلەنوێ ئالأکەی خانی هەڵگرێتەوە. دیارە ئەمە بەنیسبەت نالی و شاعیرانی تریشەوە هەر وابووەو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە باری سیاسی کوردەوە هەبووە. هەر لێرەوە سیاسەت و کوردێنی بووە بە بابە تێکی یەجگار سەرەکی و زەقی ئەدەبیاتی کوردی. دیارە میللەتێك هەڕەشەی نەمانی لێبکرێت هەقی خۆیەتی پەنا وەبەر هەموو جۆرە سەنگەرێکی مقاوەمەت بەرێ ...بۆیە ئەگەر سیاسەت لای


www.pertwk.com

ئەدیبانمان بوویێ بە بابەتی سەرەکی و سەنگەری مقاوەمەت، رەنگە ئەمە بۆ سەردەمانێك پاکانەی بۆ بکرێ، خۆی لەخۆیدا جۆرە پەیامدارییەکی

زاتی بووە دەرهەق بەدۆزی کورد.بەلاّم سیاسەت لای ئێمە زۆربەی کات هەر لە ئاستێکی سەرڤەسەرڤەدا بووە، چ فەلسەفەو ئایدۆلۆجیایەکی چینایەتی و کۆمەلاّیەتی قولّ رێبەرایەتی نەکردووە تا لە بزوتنەوە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکەدا بەقولّی رەنگ بداتەوەو زەمینەیەکی فیکری دەولّەمەند فەراهەم بکات و لە دروشمی سیاسی وەزن و قافیەدار رزگاری بکات.

هەلّبەتە ماو گوتەنی: ((ئەو کارانەی بەهای هونەرییان نەبێ گەر شەقلّی پێشکەوتنخوازیشیان گرتبێتە خۆ، ئەوا لەباری بۆچونی سیاسیەوە چ کاریگەرییەکیان نییە.)) ئەرکی ئەدەبیات بەتایبەتی بۆ میللەتی هەڕەشەلێکراوی بندەست، قولّکردنەوەی حالّەتە ئینسانییەکانە لە ئەقلّ و ویژدانی خەلّکیدا، هەلّبەتە لەپالّ رەچاوکردنی لایەنە هونەریەکەیدا. جا لەبەر ئەوەی باری سیاسی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کالّ و کرچ بووەو لەدەرێی خەملّین و پێگەییشتنی کوردەوارییەوە سەپێنراوە، ئەدەبیاتی کوردیش بە شێوەیەکی گشتی وەستاوەو لەجێی خۆیدا ئەم پێ و ئەو پێ دەکات،– هەلّبەتە پرۆسەی ئەدەبی کوردی لە هەولّی جدی بەدەر نییە– دیارە ئەمەش بەندە بە مێژووی خۆمانەوە. چونکە مێژووی کورد بەشێوەیەکی گشتی نیمچە وەستاوەو هەرگیز ئەو حالّەتە پڕ بزاڤەی سەدەکانی هەڤدەو هەژدەو نۆزدەی ئەوروپای بەخۆوە نەدیتووە. بۆیە ئەم پچڕپچڕی و سستی و خاوی و وەستاوی و نیمچە وەستاوییە سیاسییەمان لە ئەدەبیاتشدا رەنگی داوەتەوەو هەمان ئیفلیجی سیاسەتی بەبالاّدا بڕیوە.. دیاریشە یەکێك لە هۆیەکانی ئیفلیجی سیاسەتی لای ئێمە، ئەوەبووە کە بنەمایەکی ئابوری کۆکی نەبووە.

هەموو ئەم بارە شێواو و ناسەقامگیرە تێکڕژاوانە لەگەلّ هەولّ و کۆششی دژمناندا بۆ بە کۆلۆنیالی کردنی کوردو کوردستان، بەهەموو بوارەکانییەوە، گەلێك باری ناهەمواری وەك خاترانەو خاترگرتنی گوێگرو خوێنەری لەلایەن نووسەرەوە بەگەلّ خۆی خستووە: کە لەبنەڕەتدا کارێکی خراپەو بەزیانی ئەدەب دەشکێتەوە، چونکە نووسەر نابێ گوێ بەفشاری داب و نەریت و خوو خدەی باوی ناو کۆمەلّگە بدات و کارە هونەرییەکەی لەبەر خاتری ئەوشانە سەقەت بکات. چونکە نووسەر کەس ناچار ناکات بەرهەمەکەی بخوێنێتەوە، کێ بەدلّی نییە دەتوانێ نەیخوێنێتەوە. نووسەر بۆ جەماوەرێکی تایبەتی نانووسێت: بەلّکو هاندەرێکی رۆحی ناوەوە وای لێکردووە بەسەر مینبەری هونەر بکەوێ و بەدەنگی بەرز پەیامی خۆی ڕابگەیەنێ– ئەگەر بەتەنیا بەخودی خۆیشی رابگەیەنێ– بۆیە نووسین چ سانسۆرێك قەبولّ ناکات، تەنیا سانسۆری خودی نووسەرەکە نەبێ، کە هەندێ جارو لە هەندێ کاری ئیبداعیدا، سانسۆری نووسەرەکەش قەبولّ ناکات. نووسەر گەر بۆ خەلّکی نووسی، ئەوا جاڕی مەرگی خۆی دەدات وکارەکەشی ئەدەبییەت وەرناگرێت.. هەلّبەتە هەندێ جاریش ڕێك دەکەوێت کە بۆچوونی نووسەرو خواستی خەلّکیش یەکانگیر بن. بەلاّم نووسەر نابێ گوێ بە دلّی خەلّکی بدا. بەلّکو دەبێت گوێ بە قەناعەتی خۆی بدات و ئەوەی لابچەسپێ کە هونەر بلاّوکراوەیەکی بانگەشەیی یان زوڕنای هیچ دۆزێك نییە، ئەگەر ئەو دۆزە زۆر پیرۆزیش بێ. ئەدەب زنجیرە پرسیارێکی لەبن نەهاتووە.

وەکو ئاماژەمان کردیٚ ئەو بارە شیٚواوو ناسە قامگیرە تیٚکڕژاوانە جگە لە دیاردەی خاترانە، سانسۆرو خودسانسۆرو سانسۆری کۆمەلاٚیەتی وسیاسی وئاینیشی بەگەلٚ خۆی خستووەو ئەدەبیات و بزوتنەوە رۆشنبیرییەکەی بەتەواوەتی خەساندووە... ئەدەبی کوردی بە شیٚوەیەکی گشتی خووی بەمەبەستە سیاسییەکەوە گرتووە، خوو گرتنیش بە شتیٚکەوە ئەدەب لە ئەدەبییەت دەخات و ریٚگەی هەمەجۆر خوازی لیٚ دەبڕیٚ و بەرهەمی گەورەی داهیٚنراو بەزەحمەت لە دایک دەبیٚت. دیارە دەبیٚ ئاماژەش بۆ ئەوە بکریٚ کە نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی زیانیٚکی گەورەی بە ئەدەبیاتمان گەیاندووە. نووسینی نووسەری کورد لەنیٚو کۆمەلٚە خویٚنەریٚکی زۆر کەمدا گیری خواردووە. هەموو میللەت نووسینەکەی ناخویٚنیٚتەوەو ئەمەش مەودای دەنگدانەوەو شۆرەتی ئەدەبیاتی تەسك دەکاتەوەو بەری تیشکی هەتاوی رەخنە دەگیریٚ .دیارە نابیٚ ئەوەش لەیادبکەین کە ئەدەب هیٚشتا لای ئیٚمە نەبووە بە پیشە. واتە نەبووە بەسەرچاوەی بژیٚوی نووسەر. نووسەر ناچارە لەپالٚ هەلٚپەی ژیان و گوزەراندا لە سوکە دەرفەتیٚکدا بەپەلە شتیٚك هەلٚکوروزیٚنیٚ و بەناوی ئەدەبەوە دەرخواردی خویٚنەری بدات.

جابا هەر لەپیٚودانگی بەندیواری سیاسەت و ئەدەبی کوردییەوە بیٚینەوە سەر ڕاپەڕین و هیٚندەی پەیوەستە بە بارە ئەدەبییەکەوە تیشکی بخەینە سەر .بیگومان ڕاپەڕین خۆی لە خۆیدا دیاردەو حالٚەت و مەسەلەیەکی سیاسییەو دەبیٚ گۆڕانکاری بەگەلٚ خۆی بخات. ئاشکراشە هەموو گۆڕانکارییەکی گەورە تا تەواو سەقامگیر دەبیٚ و رەوتی ئاسایی خۆی وەردەگریٚت، جۆرە ئەنارشیزم و بیٚ نەزمییەکی بەگەلٚ دەکەویٚ، هەموو ئاگادارین کە ئاخرو ئۆخری سەدەی بیستەم، زۆر گۆڕانی ئابوری و سیاسی و سوپایی و جوگرافی و... چ لەئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانی دا بەخۆوە بینی. کوردستانی ئیٚمەش بەتایبەتی باشوری کوردستان ، وەك بەشیٚکی دانەبڕاو لە جیهان ،کەمو زۆر، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پریشکی ئەو گۆڕانکارییەی بەرکەوتووە، ئەمە جگە لە راپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری کوردستانی تینوی ئازادی و سەربەستی، کە تیٚکڕا بەحوکمی گۆڕانکارییەکان جۆرە بیٚ نەزمییەکی کاتی رووی کردە هەندیٚ مەیدانی ژیان.. ئەم حالٚەتە بۆ سەرەتای قۆناغەکە ڕەنگە پاکانەی خۆی هەبیٚ و هەندیٚ ئاسایی بنویٚنیٚ، بەلاٚم بۆ دواترا!!..

لەکوردستاندا راپەڕین بەرپا بوو، گەورەیی و مەزنایەتی ڕاپەڕینەکە لەوەدایە کە سەلماندی خەلٚکی کوردستان کۆیلە سروشت نین و ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەلٚکەویٚ دەتوانن بەگژ هەموو زولٚم وزۆریٚکدا بچنەوەو میٚژووی ڕاستەقینەی خۆیان بەدەستی خۆیان تۆمار بکەن کە ئەمە بۆخۆی خالٚیٚکی گەش و دلٚخۆشکەرە.. ڕاستە هەستی نەتەوەیی سەرکوتکراوی جەماوەری ڕاپەڕیو بورکان ئاسا تەقییەوە، بەلاٚم ئەو هەستە شۆڕشگیٚڕییەی کە راپەڕین لەسەرەتاوە لە هزرو بیری خەلٚکیدا خولٚقاندی، نەکرا بەفاکتەریٚکی زیندووی پڕ لەبزاڤو زەمینەخۆشکەر بۆ قۆناغی پاش ڕاپەڕین و رزگاربوون لە ئەنارشیزم. خەلٚکە تینووەکە بیٚ خۆگۆشکردن بەتەسەوریٚکی ئایدۆلۆژی روون دەربارەی راپەڕین و قۆناغ و ئاکامەکانی، تەنیا ئەوەیان دەویست دەسەلاٚتی داگیرکەر لەکوردستان تڕۆبکریٚت. واتە راپەڕین لەباری سەرنجی چینایەتی و نەتەوەیی و ئایدۆلۆژییەوە،هەرچەند جۆرە

کەش و هەوایەکی باشی هێنایە ئاراوە، بەلاّم لە راستیدا جۆرە جیهانبینی وئایدۆلۆژیایەکی کۆمەلاّیەتی و مێژوویی یەکگرتووی زانستانە دارێژراوی پێ نەبوو .بەم حالّەشەوە پێم وایە واقیعی راپەڕینەکە کردویەتیّ کارێك کە ئەمڕۆ سیاسەت لە کوردستاندا لە حالّی بەخۆداچوونەوەدایە، لەخەمی خۆهاوچەرخاندندایە. واتە سیاسەت لە ژانی لە دایکبوونەوەدایە. ژان و ژاریش تا قۆناخە ئاساییەکانی خۆی نەبڕیّ ،ئاکامەکەی یا لەبارچوونە یا بەئیفلیجی لەدایکبوونە. بۆیە پێویستە هەندیّ پشودرێژو بڕێك بەحەوسەلّە بین و واقیع بینانە مامەلّە لەتەك حالّەت و دیاردەو مەسەلەکاندا بکەین. جابابێینەوە سەر بەندیواری سیاسەت و ئەدەبی کوردی. ئەدەبیات زادەی واقیعە: واتە لەواقیعەوە لاولوئاسا بەداوی ئەفسوناوی خەیالّ و بەهرەی داهێنەرانەو مەعریفەتی دەولّەمەندا هەلّدەزنیّ و لەجوانترین و دلّگیرترین وێنەدا خۆی دەنوێنیّ و ناسنامەی رەسەنایەتی خۆی بەدەستەوە دەگریّ و بەرەو باوەشی کەلّچەری مرۆڤایەتی مل دەنێت و جیگەی شایستەی خۆی دەگرێت. کە ئەمە ئەرك و پەیامی ئەدەبیات بیّ، ئاساییە ئەدەبی کوردی لەم قۆناغەی ئەمڕۆدا هەندێك بێدەنگ و بڕێك سەرسام وحەپەساو بیّ، چونکە لام وایە ئەدەبی کوردیش وەکو بارە سیاسییەکە لەحالّی بەخۆدا چوونەوەدایە، لەخەمی خۆهاوچەرخاندندایە.. چونکە واقیعە جەنجالّە مەیلەو ئەنارشستییەکە، یەك دنیا پرسیاری بەگەلّ خۆی خستووەو ئەدەبیش بۆخۆی یا وەلاّمدانەوەی پرسیارە یا پرسیار خستنە رووە. واتە ئەدەبی کوردی ئاوسی پرسیارەکانە چ وەکو وەلاّمدانەوەیان چ وەکو خستنە روویان. گەر هەندیّ سەبری لێبکەین و لێیگەڕێین قۆناغەکانی ئەم ئاوسبوونە بە شێوەیەکی سروشتی ببڕیّ، ئەوا لەدایك دەبێتەوەو راستە ڕێگەی خۆی دەگرێت و زۆر مەسەلەی وەك پەتای غەریبیەتیش لەگەلّ خۆیدا ڕادەمالّیّ، ئەو پەتای ((غەربزەدەگی))یەی لەکۆمەلّێك دەقی ئەدەبیدا دەیبینین کە لەباری تەکنیکییەوە تا رادەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەلاّم وەکو بابەت بەرۆحی کورد بێگانەن، ئیدی بۆخۆیان لە مۆلەقدا وەستاون و بیّ ناسنامەو سەرگەردان، بەهیچ لایەکدا ساغ نابنەوەو دوا ئەنجامیش نابنە بەشێك لە مێژووە هەرە زندووەکەی کورد کە تۆمارکردنی ئەمینانەی ، تەنیا لە توانای ئەدەبیاتی ڕەسەندایە.



www.pertwk.com

## بەردو وشە

((1))

وشەو بەرد، ئەو دوو شتە گرنگەبوون کە مرۆڤی کۆن لەپاش خۆی بەجێیهێشتن و بوونە یارمەتیدەر بۆ ناسین و دۆزینەوەی شارتانییەتی مرۆڤ و دیاری کردنی قۆناغە هەوەڵینەکانی هزری تیرەی بەشەر. جا ئەگەر بەرد لەبەردەم فاکتەرو هۆکارە سروشتییەکاندا خۆی نەگرتبێ و زۆربەی فەوتابێ و ڕێژەیەکی زۆر کەمی مابێتەوە بۆ ئەوەی ببێ بە گەواهی موعجیزەکاری ئاوەزی بەشەری و داهێنانەکانی، ئەوا وشە لە ویژدانی مێژوودا بە زندویەتی ماوەتەوە تا ببێ بە کلیلی کردنەوەی دەرگای حەقیقەتەکان و گەورەترین سەرچاوەی تیشکدانەوەی هەست و هزر لەبەرەبەیانی مێژووەوە تا ئەمڕۆ. بۆیە هیچ سەیر نییە کە وشەی ئەفسانە لای گریکەکان (myth یان mythos) مانای وشەی درکێنراوی گەیاندووە . دیارە (درکێنراو) لێرەدا هەموو درکێنراو و درکاندنێکی ئاسایی ناگرێتەوە، بەڵکو لەم بوارەدا شێوەو مەبەستی تایبەتی هەبووە، هەم وشەکە وشەیەکی جادووییە و هەم ئەرکەکەشی ئەرکێکی جادوییە. کەواتە ئەفسانە هەموو وشەیەکی درکێنراو نییە. بەڵکو وشەیەکە هەست و سۆز تیایدا زاڵە بەسەر ئەقڵ وئاوەزدا، وشەیەکە پڕە لەو وێنانەی کە دەچنەوە سەرکانگەی لاشعوری دەستەجەمی. چونکە ئەگەر ئەم وشە جادویانە، وشەی سەرڤەسەرڤەو ناچیزە بوایەن، لە ویژدانی مرۆڤدا نەدەمانەوەو پشتاوپشت بۆ مرۆڤایەتی نەدەمانەوەو شێوەو فۆرمی ئەفسانەیی جیاوازیان وەرنەدەگرت.

بەهەرحاڵ مرۆڤایەتی قەرزرباری وشەیەو بەتایبەتی ئەم وشە جادووییانە هەر لەهەوەڵین قۆناغەکانی شارستانییەتی مرۆڤەوە لەگەڵ مرۆڤدا هاتووەو هونەرمەندان لەچاخە جۆراوجۆرەکاندا وەکو سەرچاوەی ئیلهام و سەرۆی داهێنانە هونەری و ئەدەبییەکانی خۆیان تەمەشایان کردووەو مامەڵەیان لە تەکدا کردووە. هزرڤانانیش لە دێرزەمانەوە کەوتوونەتە پرس و جۆ دەربارەی بایەخ و رۆڵی ئەفسانە لە مێژووی هزری بەشەریدا. وادیارە ئەفسانە لەجەوهەرو کرۆکی خۆیدا، وێرای جیاوازی فۆرم و شێوەی، بینای هزرو بیری بەشەری لە هەر شوێن و کات و سەردەمێکدا کەشف دەکات و بەرجەستەی دەکات ،هەڵبەتە بەرجەستەکردنێکی ئەفسانەیی نەك ئاسایی.

((2))

ئەفسانە جۆرە چیرۆکێکی هەرە تایبەتییەو بەئاسانی لەگەڵ جۆری خورافی یا جادوییدا تێکەڵاو نابێ. ئەفسانە حیکایەتێکە گوایە رووداوی زۆر کۆن دەگێڕێتەوە، دیاردە گەردونی و لەدەسەڵات بەدەرەکان شرۆڤە دەکات و هۆی سەرهەڵدانیان لێك دەداتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە هەر حیکایەتێك لەڕەگ و ڕیشەو بنج و بناوانی شتان گەڕا ئەوە ئەفسانەیە، چونکە پێویستە ئەفسانە پاشخانێکی مێژوویی هەبێ، واتە دەبێ قارەمانە سەرەکییەکانی لە زومرەی خوداوەندان بن. ئەگەر حیکایەتێك خوداوەندو نیمچە خوداوەندی تێدا نەبێ، ئەوا لەخانەی ئەفسانەدا جێی نابێتەوەو دەچێتە خانەی جۆرە چیرۆك و حیکایەتێکی میللی دیکەوە.

بەهەرحاڵ ئەفسانە وەکو گوزارشتێکی رەمزی پەیوەستە بە مێژووی ناوچەیی تیرەو تایفەو گەلانەوە، هەربۆیەش ئەفسانە لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی دیکە جیاواز بووە .هەڵبەتە ئەمە یەکێکە لەو ڕایانەی دەربارەی ئەفسانە گوتراوەو دەگوترێ. دیارە زۆر ڕاو بۆچوونی دیکەش هەن یە کێك لەوانە ئەوەیە کە بنج و بناوانی ئەفسانە بریتییە لە وردبوونەوە لە سیستەمی گەردون و لە دروستبوونی مرۆڤ و ئەمەش بابەتێك بووە هەر لەکۆنی کۆنەوە مرۆڤی مژول کردووەو بووە بە کەڵکەڵەو خولیای مرۆڤ و دەیان پرسیاری لەلا دروست کردووە وەکو: من کێم؟ لەکوێوە هاتووم و ئەم گەردونە چۆن دروست بووە؟ بونەوەران بۆ بەم شێوەیەن؟

هەڵبەتە ئەم جۆرە رامان و تێفکرین و کەڵکەڵەیە ڕەگی دەچێتەوە سەر فەلسەفە، بۆیە هەوادارانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە: ئەفسانە دەکاتە هەوەڵین قۆناغی تێفکرین و هزرینی فەلسەفی،ئەم هەوەڵین قۆناغی فەلسەفییەش، وەکو قۆناغەکانی دیکەی فەلسەفە، لە ئەنجامی ڕامان و هزرین لە دیاردەکانی گەردوون و پەیوەندی ئەم دیاردانە بە ژیانی مرۆڤەوە لەسەر رووی زەوی، دروست دەبێ و هەڵدەقوڵێ. ڕامان سەرسامی لێدەکەوێتەوە، سەرسامی پرسیاری لێدەکەوێتەوەو پرسیاریش وێڵی دووی وەڵام دەبێ و تا وەڵام نەدۆزرێتەوە دەرونی مرۆڤ کەوی نابێ و ناحەوێتەوە. جا مرۆڤی کۆن لە ئەفسانەکانی سەرەتای خۆیدا خوداوەندان و ململانێی نێوان خوداوەندانی وێنە گرتووە، ئەمەی تەنیا لەبەرخاتری بایەخدان بە خوداوەندان نەکردووە، بەڵکو بۆیە ئەمەی کردووە چونکە خوداوەندانی بەسەرچاوەی دیاردەو رووداوە گەردونییەکان و ڕێکخەری ئەو دیاردە گەردونیانە زانیوە. کە پرسیاری سەرچاوەی ئەو دیاردە گەردونیانەی



www.pertwk.com

کردووە کە خێریان بۆ هێناوە وەکو باران و کشتوکاڵ و روناکی و هەروەها کە پرسیاری سەرچاوەی دیاردە گەردوونییە شەڕانییەکانی وەکو هەورەتریشقەو قات وقڕی و بوومە لەرزەو گڕکانی کردووە، هەرهەموو ئەم دیاردانەی بەخێرو شەڕیەوە، بە هێزی غەیبانییەوە بەستووەتەوە، واتە ئەو هێزانەی زاڵن بەسەر ئەو دیاردانەوەو ململانێی توند لە نێو ئەو هێزانەدا هەیە و زۆر جار ئەم ململانێیانە بەجۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان خێرو شەڕدا دەشکێتەوە. کەواتە ئەفسانە بەم پێیە هۆیەکە لەو هۆیانەی مرۆڤ ویستوویەتی لە ڕێگەیەوە جۆرە شەقڵێکی هزری بە ئەزموونی خۆی ببەخشێت و ترس و نیگەرانی لە خۆی بڕەوێنێتەوە.

((3))

دیارە ڕاوبۆچوونی جیاواز لەمەڕ ئەفسانەو سەرهەڵدانی ئەفسانە هەن، بۆ نموونە ماکس مۆلەر کە دیارترین زمانەوانی سەدەی نۆزدەیەمە پێی وایە ئەفسانە نەخۆشییەکی زمانەوانییە، مرۆڤی سەرەتایی لە ڕێگەی ئەفسانەوە دەدوا نەك لە ڕێگەی زمانەوە، چونکە هێشتا توانای ئەوەی پەیدا نەکردبوو زمان بۆ دەربڕینی حەزو ئارەزووە پەنهان و نادیارەکانی خۆی بەکار بێنێ، بۆیە وای هاتووەتە بەرچاو کە تیشکی خۆر قامکی خواوەندەو هەوری باران ئامێز گوانی پڕ شیری چێڵە. بەم پێیە لە روانگەی ئەمانەوە ئەفسانە دەکاتە قۆناغێکی پاشکەوتووی هزرو فیکری مرۆڤانی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گاڤێ مرۆڤ توانای پەیداکرد و توانی راستەوخۆ زمان بەکاربێنێ بۆ دەربڕینی هەستی خۆی دەرهەق بە گەردوون و ئەوشتانەی مامەڵەیان لەتەکدا دەکات، ئیدی ئەفسانە بایەخ و ئەرکی خۆی لەدەست دا. جیمز فریزەرش کە رابەری قوتابخانەی تەتوێرییە لە ماکس مۆلەر پتر دەست دادەگرێت و پێی وایە تیرەی بەشەر لە گەشتی پەرەسەندنی شارستانی خۆیدا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

1–ئەفسوون وجادوو

2–قۆناغی ئاین

3–قۆناغی زانست

بەم پێیە ئەفسانە پەیوەستە بە قۆناغی جادووەوە. جادووش نمایشێکی ڕەمزی جۆرە سرووتێکی تایبەتییە کە مرۆڤی سەرەتایی بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لەخۆی و لە جماعەتەکەی و بۆ وەدەستهێنانی خێر بۆ خۆی و جماعەتەکەی ئەنجامی داوەو پاشان و لە قۆناغێکی دو اتردا ئەم نمایشەی گێڕاوەتەوەوئەفسانەی لێکەوتووەتەوە.

مالینۆفسکی ڕێبەری قوتابخانەی وەزیفی، بە پێچەوانەی فریزەرەوە پێی وایە جادوو بەند نییە بە قۆناغێکی سەرەتایی و هۆڤیانەی شارستانییەتەوە، بەڵکو جادوو ئاوێتەو تێکەڵاوی چەلەنگی و چالاکییە رۆحی و هزرییەکانی دیکەیە کە دەکاتە ئایین و زانست. جادوش ئەرکی خۆی هەیەو پێداویستییەکی سایکۆلۆژی مرۆڤ پاراو دەکات، وەکو چۆن ئایین ئەرکی خۆی لە ژیانی شارستانیدا هەیە. واتە ئەفسانە تەنیا گوزارشت نییە لە قۆناغی پاشکەوتنی هزری کە

قۆناغی جادووه، بەڵكو پەیوەستە بە هەموو ئەو چالاكی و چەلەنگییە فیكری و كۆمەڵایەتیانەی شانبەشانی دێن.

بەهەرحاڵ ناكرێ هەر هەموو راو بۆچوونە جیاوازو ناكۆكەكان لەمەڕ ئەفسانە بخەینە روو، بەڵكو دەشێت وەكو ئەنجامگیرییەكی گشتی بگوترێت ئەفسانە هەوڵێكی مرۆڤانییە بۆ حاڵی بوون لە سیستەمی گەردوون.

پاشان كە توێژەران دەركیان بەوەكرد كە ئەفسانە گەلێك مانای پەنهانی لە رازو رەمزی پێچراوەی تێكرژاوی لەخۆ گرتووە، كەوتنە بایەخدان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەو كەشفكردنی ئەم رەمزە ئەفسانەییانە، كە پاش تۆژینەوەی قوڵ و ورد بۆیان دەركەوت كە ئەفسانە تەنیا خەیاڵ نییە، یان خەیاڵی بێ جڵەو نییە، بەڵكو گەلەك فاكتەری دەروونی و شارستانی ئاڵۆز رۆڵی تێدا دەگێڕن، بۆیە قوتابخانە سایكۆلۆژییەكانیش كەوتنە شرۆڤەو تەفسیری خۆیان بۆ ئەفسانە، ئەفسانەش وەكو خەون، بەرجەستەبوونی هاندەرەكانی ناخن. مادامێكی خەون رەنگدانەوەی كێشە كۆمەڵایەتی و دەرونییەكانی مرۆڤ بێ، كەواتە ئەفسانەش لەروانگەی قوتابخانەی شیكاری دروونییەوە، لە سەرووی هەموویانەوە فرۆید، هاوتای خەونە، ئەگەرچی رەگەزی تەئلیفی تێدا رێك وپێكترە.

زندوویەتی ئەفسانە لەوەدایە كە وەكو رەمزێكی جەماعی لە ویژدانی كۆمەڵدا گیرساوەتەوە، مرۆڤ هەمیشەو بەردەوام بەشێك لە خودی خۆی تێدا دەبینێتەوە. كەواتە ئەفسانە حیكایەتێكی بە ئانقەست دروستكراو نییە، بەڵكو لە ئەقڵ و ئاوەزی مرۆڤدا دەژی و دەكرێت وەكو دەقێك لە میانەیەوە بینای ئەقڵی بەشەری كەشف بكرێ. هەڵبەتە لیڤی شتراوسی پێشەنگی تەفسیری شارستانیانەی ئەفسانە، رای تایبەتی لەسەر ئەفسانە هەیە و وەكو دەقێكی زمانەوانی لێی دەڕوانێ و پێی وایە هزری سەرەتایی قۆناغێك لە قۆناغەكانی پەرەسەندن نانوێنێ، بەڵكو لۆجیكی هزری تیرەی بەشەر لە هەموو زەمان وشوێنێكدا دەنوێنێ و دەگەیەنێ و بیری سەرەتایی لای لیڤی شتراوس هێڵە بنەرەتییەكانی فیكری بەشەری شارستانیمان پێشكەش دەكات. و هەر وەها رای وایە كە پەیوەندی نێوان شێوەكانی گوزارشت و شارستانییەتی كۆمەڵگە بەر لەهەر پەیوەندییەكی دیكە، پەیوەندییەكی بینائییە.بێگومان میتۆدی رێچكەی بینائی لە شیكردنەوەی ئەفسانەدا وەكو رێچكەی سایكۆلۆجی، رواڵەت دەبەزێنێ بۆ ناوەوە تا لەوێوە جۆری گشتی رەفتارو هزرین هەڵێنجێ. ئیدی كار گەییە ئەوەی ئەفسانە وەها هەڵسەنگێنرێ كە بینای هزری مرۆڤانی و تایبەتمەندییەكانی كەشف دەكات. هەڵبەتە ئەم بۆچوون و رایانەی لیڤی شتراوسش دوا بۆچوون نین و نابن و وەكو هەر راوبۆچوونێكی دی رەخنە و تەنانەت رەتكردنەوەش هەڵدەگرن. واتە بۆچوونەكانی لیڤی شتراوس لە ئیرادو رەخنە بەدەر نین. یەكێك لەو ئیرادانە ئەوەیە كاتێ ئەفسانە شیدەكاتەوەو دەیەوێت ناكۆكییەكانی ناو دەقەكان دەربخات وبەمەبەستی لابردنی ئەو ناكۆكی و ناتەباییانە چارەسەرێكی مامناوەندی پیشكەش بكات، ئەوا بەم كردارە شیلەی ئەفسانەكە دەگرێ و توریدەدات و شێوە هونەری و ئەركە ئستاتیكییەكەی ئەفسانە لە خودی ئەفسانە دادەبڕێت. دیارە ئەمەش كارێكی یەجگار

خراوە، چونکە ئەرکی ئەستاتیکی بەلای کەمەوە هەستکردن بە یەکێتیی بوون دەخولقێنیٚ، پەیوەندی رۆحی لە نێوان مرۆڤ و گەردووندا تازە دەکاتەوە، هەڵبەتە ئەم بۆچوونە بە قازانجی رایەکانی کاسیرر دەشکێتەوە کە پێناسەی ئەفسانەی بەوە کردووە کە دەکاتە یەکێتیی فۆرمی بینائی رۆحی مرۆڤانی، هەر بۆیەش داوای یەکێتیی تەفسیری ئەفسانەی کردووە، ئەو تەفسیرەی لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەرك و یەکێتیی ژینگەی شارستانی ویەکێتیی فۆرم و بینادا دەیخاتە بەر وردەبینی لێکدانەوەو شرۆڤەوە.

((4))

مرۆڤ، کە شتی بینیوە هەستی پێکردووە، بەلاٚم ئەم هەستکردنە بە تەنیا سوکنایی پێنەبەخشیوەو عەودالٚی مانا بووە، بۆیە لە قۆناغی حسییەوە چووە بۆ قۆناغی مەعنەوی ،لە گشتەوە بۆ تایبەت، لە شتی روون و دیارەوە بۆ شتی ئاوس بە ناوەرۆکی پەنهان.. مرۆڤ بوونەوەرێکی فیکردارە، لە جیهانێکی تەژی سۆزو ترس و ئامانج و وەهم و خەیالاٚندا دەژی. ئیدی ئەو جیهانە دەیجولێنیٚ و ناچاری دەکات لە قالبی زمانەوانیدا خۆی پەروەردە بکات و خۆی بگێڕێتەوە، جا ئەم پرۆسەی خۆپەروەردەکردن و خۆگێڕانەوەیە،لە وێنەی هونەری، لەرەمزی ئەفسانەیی و سرووتی ئاینیدا بەرجەستە بووەو خۆی نواندووە، ئەم دەسکەوتانەش پێکەوە تۆڕی رەمزان پێکدێنیٚ.جا ئەم حەقیقەتە جیهانی مرۆڤ لە جیهانی حەیوان جودا دەکاتەوە. حەیوان زۆر زاتیانە گوزارشت لە خۆی دەکات، بەلاٚم مرۆڤ لە میانەی بابەتەوە گوزارشت لەخۆی دەکات.واتە لە میانەی وێنەو رەمزێن بەرجەستەوە. جا بەم پێیە دەکرێت بگوترێ مرۆڤ نەك هەر حەیوانێکی ئەقڵدارە، بەڵکو حەیوانێکی رەمز سازیشە و ئەقڵی بەشەری بەسروشتی خۆی پێویستی بە رەمزانە، چونکە ئەو رەمزو رەمزسازییە، ژیانی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکات و گوڕو تینی پەرەسەندن و تازەبوونەوەی دەداتیٚ..بۆیە ئەفسانە زادەی زانیارێن مرۆڤانییە و هەرتوێژەرێك بیەویٚ دەلالەتی رەمزی ئەفسانەیی کەشفبکات، دەبیٚ ئەو زانیارییانە دەرك بکاتو تەنیا لە رێگەی شرۆڤەو شەرحی ئەرکی رەمزەوە تەفسیری رەمز بکات.

بەهەرحالٚ ئەفسانە بەهێزترین بەڵگەی بلیمەتی مرۆڤە، ئەو مرۆڤەی توانی گەردوون شەق بکات، بەو پەڕی ئازادییەوە موناقەشەی بکات، لە قولاٚیی هەستی خۆیشیدا هەست بە یەکێتیی گەردوون و کەون بکات.


بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

1-مضمون الاسطورة في الفكر العربي/د.خليل احمد خليل ط1-1973

2-مغامرة العقل الاولى_ فراس السواح_ط4_1985

3-الموسوعة الصغيرة(54)1979_ الاسطورة_د.نبيلة ابراهيم

## تاییه تمەندییە سایکۆلۆجییەکانی پاشکەوتن

مرۆڤی سەرکوتکراو لە جیهانی پڕزەبرو زەنگی داسەپێنراودا دەژی.زەبرو زەنگێکی وەها کە هەڕەشە لە بوون و ماف و ژیان وگوزەرانی دەکات. واتە مرۆڤ دوچاری نیگەرانییەکی گەورە دەبێت، لە ژیان و سەلامەتی و بژێوی خۆی دڵنیا نابێت وئەم نیگەرانییە بەشەو وبەرۆژ، لەماڵەوەو لەدەرەوە تێی دەئاڵێت و لێی نابێتەوەو چ دەسەڵاتێکی نابێ دەرهەق بەو هەڕەشانە،بۆیە پەنا وەبەر چەکی دیکەی وەکو دوعاو پاڕانەوەو سیحرو زۆر شتی میتافیزیکی دەبات بۆ خۆحەشاردان وخۆپاراستن لەو هەڕەشانە. ئیدی ئەو هەڕەشانە، بەتایبەتی هەڕەشەکانی تەبیعەتی وەکو لافاو وبوومەلەرزەو گڕکان وقات و قڕی و وشکەساڵی بەقەدەرو چارەنووس دەزانێت و دەبێ وەکو بەشێك لە سروشتی خودی ژیان بێتە قەبوڵکردن و ملکەچی ببێ.

جا هەر ئەم ملکەچییە لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا دروستە. مرۆڤی پاشکەوتوو، وەکو کۆیلەو چەوساوە، لەبەردەم دەسەڵاتدارو چەوسێنەردا ملکەچ دەبێت و لەگەڵ زوڵم و زۆردا ڕادێ و ئیدی بەرەبەرە لە مرۆڤایەتی دەکەوێ وهەموو مافێکی خۆی، پلەو پایەیەکی مرۆڤانی، بەهاو بایەخی مرۆڤانی خۆی لەدەست دەدات و هەمیشە چاوی لە دەم و دەست و فەرمایشتەکانی ئاغاو چەوسێنەرەکەی دەبێت وملکەچی لێ دەبێت بەچارەنووس، خۆ بەکەمزانی لادەبێت بەقەدەری لە گۆڕان نەهاتوو. ئیدی لێرەوە ڕیاکاری و ڕیابێژی و بوون بەپیاوی ئەم و ئەو، ستایشکردنی ئاغا سەرهەڵدەدات و دەبێت بەباو وبرەو پەیدادەکات، دیارە ئەم دیاردانە بۆیە سەرهەڵدەدەن تا مرۆڤە سەرکوتکراوەکە لەشەڕی چەوسێنەرەکە بە دووربێ و



www.pertwk.com

هەر کابرای چەوسێنەر ڕازی بێ ئیدی ئەم هیچی ناوێت. دیارە ئەم بابەتە خەڵکە پاشکەوتو وداماوە گەر بییەوێ کاردانەوەیەکی هەبێ یان بیر لە یاخی بوون بکاتەوە، ئەوا گیرۆدەی جیهانێکی بێڕەحم و بێ بەزەیی نابەرانبەر دەبێ و زۆر بەتوندی بەرپەرچدەدرێتەوەو وای لێدەکرێت خۆبەخۆ بیرو بۆچوونە یاخیگەرییەکانی خۆی سەرکوت و زندەبەچاڵ بکات، چونکە بێگومان دنیای پاشکەوتوو، دنیای دکتاتۆرییەتە نەك دنیای دیموکراتییەت ،چ هاوسەنگییەك لە نێوان کەسی دەسەلاتدارو بێدەسەلاتدا نامێنێ و خەڵکە بێدەسەلاتەکە وایان لێدەکرێت کە مرۆڤایەتی خۆ لەدەست بدەن. چونکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ ومرۆڤ نامێنێ، بەڵکو دەبێت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شت.لەبری پەیوەندی من– تۆ، کە خۆی لەخۆیدا جۆرە یەکسانی و ئیعترافێکی دوو لایەنە بە مرۆڤایەتی یەکترو جۆرە ئیعترافێکە بە مافی ژیان و بوون بۆ هەردوو لایەنی پەیوەندییەکان، چونکە ئەم ئیعترافە زامنی ئەو بەها مرۆڤانییەیە کە مەرجە بۆ ئەوەی کە مرۆڤایەتی خۆمان بەدەست بێنین. جا لە کۆمەڵگەی پاشکەوتوودا ئەم جۆرە پەیوەندییە بەدی ناکرێت.لەبری ئەوە پەیوەندی لە نێوان من – ئەوەدا چێدەبێت. واتە لەنێوان من و ئەو شتەدا، ئەو بوونەوەرەدا کە نە ئیعتراف بەخۆی دەکات، نە بەمرۆڤایەتی و نە بە بەهاو نە بەژیان، نە بەپیرۆزی دەکات. مادامێکی وەکو هەر شت و کاڵایەکە لە بازاڕی پەیوەندییەکاندا، بۆیە هەرشتێکی لێ بکەی(لە غەدر، دوژمنکاری، چەوساندنەوە، کوشتن و...هتد) حەلاڵە. جا ئەو ،ئەوە مرۆڤی سەرکوتکراوی بەزیوی داماوە، ئەو ئەوە مرۆڤی دنیای پاشکەوتووە، بە پێچەوانەشەوە خودی دەسەلاتدار لەسەر حیسابی بێدەسەلات زۆر گەورە دەکرێت وەهەقی ئەوەی دەدرێتێ کە بێدەسەلات بکات بە کۆیلەو پاشکۆو خزمەتکارو خولامی خۆی و تەنێ منی دەسەلاتدار ئیعترافی پێدەکرێت، تەنیا دەسەلاتدار مافی ژیانی هەیە. تەنیا یەك ماف هەیە، ئەویش مافی دەسەلاتدارە و تەنیا حەلاڵی ئەوە. هەڵبەتە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێت بە پاساو بۆ ئەوەی هەر ڕەفتارو ئارەزوویەك، هەر چەوسانەوەو هەر سەرکوتکردنێك بە حەلاڵ بزانرێ و وەکو بەشێك لە یاسای تەبیعەت سەیر بکرێت. هەڵبەتە تا خودی دەسەلاتدار بەرجەستەترو گەورەتر بکرێت، خودی موریـد و پاشکۆ وچەوساوەکە پتر بایەخ و بەهای خۆی لەدەست دەدات وتا بەتەواوەتی لە ئینسانییەت دەکەوێت. ئیدی کار دەگاتە ئەوەی دەسەلاتدار وچەوسێنەر هەست بە هیچ پێداویستییەکی مرۆڤانی خەڵکە چەوساوەکە ناکات.

هەر پەیوەندییەکی چەوسانەوەو سەرکوتکردن، دەبێ نەرگزییەتی دەسەلاتدارو چەوسێنەر بلاوێنێ، زیاتر منی دەسەلاتدار پاراو بکرێت، تا بەر هەڕەشەی سەرهەڵدانی هەستی مرۆڤانی خۆی نەکەوێ. نابێ هیچ جۆرە هاوسۆزییەکی یەکسان لە نێوان خودی دەسەلاتدارو خودی چەوساوەدا چێبێ. دیارە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی بەردەوامبوونی زوڵم و ناهەقی وهەنگێ چ زمانێك نامێنێ جگە لە زمانی شەق و کوتەك و قامچییان و هەر ڕاپەڕینێکی مرۆڤانەی مرۆڤی سەرکوتکراو لە بێشکەدا خەفە دەکرێت و ئەوە دەبرێتە مێشکی عەوامەوە کە کۆمەڵە کاڵایەکن و لە بازنەی بازاڕو مامەڵەو سات و سەودای نێو بازاڕان بەدەر نین.. تا مرۆڤی سەرکوتکراو پتر

بەمە ڕابهێنرێ، پتر هەست بەلاوازی دەکات وزووتر دەستەمۆ دەبێ وملکەچی و گوێڕایەڵی دەبێت بەبەشێك لە پێکهاتەی ئەقل و سایکۆلۆجیای مرۆڤی سەرکوتکراوی پاشخراو.

هەموو پەیوەندییەکی فیودالی یان ئیمپریالی لەسەر ئەم جۆرە بنەماو بناغانە ڕۆنراون. فیودال خۆی بەبەشەرو بەگەورە دەزانێ و ڕەعییەت و مسکێن بەسووك و حەیوان. ئیمپریالیزمیش خۆی بە هەموو شت دەزانێ و میللەت و وڵاتانی بندەسی خۆی بەسووك و ریسواو هیچ دەزانێ. واتە چەوساوە تەنیا یەك هەقی هەیە ئەویش خزمەت وخزمەتکاری دەسەڵاتدارو چەوسێنەرە. دیارە ئەمە لە تێکڕای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی پاشکەوتوودا ڕەنگ دەداتەوە. ئیدی لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاوەوە بیگرە وپێیدا وەرە بە پەیوەندی نێوان گەورەو بچووك، بەهێزو بێهێز، مامۆستاو قوتابی، هاووڵاتی وفەرمانبەرانی دەوڵەتی. هەڵبەتە هەموو حاڵەتە دەرونییەکانی مرۆڤی پاشکەوتوو لە واقیعی چەوسێنەرو چەوساوەوە هەڵدەقوڵێ و گەلێك لق و پۆپی لێدەبێتەوەو بەزۆر قۆناغدا تێدەپەڕێ ، کە یەکێکیان قۆناغی سەرکوت و ملکەچییە: دیارە ئەم قۆناغە زەمەنێکی زۆری خایاندووە لە مێژووی کۆمەڵانداو دەتوانین بڵێین کە قۆناغێکی دوورو درێژی داروخانی تیرەی بەشەری گرتووەتە خۆو هێزی دەسەڵاتداری ناوخۆو دەرەکی لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا بووەو حاڵەتی ملکەچیش لەنزمترین پلەیدا بووە. واتە پرۆسەی داروخانی بەهای مرۆڤی بەزیو و بەرزبوونەوەی بەهای دەسەڵاتدار زۆر بەزەقی بەرجەستە دەبێت. ئیدی جەماوەر بە تەواوەتی دەست لەخۆی دەشوات و هیچ ئومێدو هیوایەکی لا نامێنێ کە هانی بدات بۆ بەربەرەکانی و مقاوەمەت و بەرەڤانی کردن لەخۆ، ئیدی کۆمەڵ دەبێت بە گۆڕستانێکی کش و مات وکپ و بێدەنگ و ئەگەر جارجارە لێرەو لەوێ دەنگێك بەرزبێتەوەو بۆنی یاخی بوونی لێبێت ئەوا سیرایەت ناکات بۆ ناو ریزەکانی جەماوەرو زووبەزوو دادەمرکێنرێتەوەو هێندەی دی جەماوەر ئومێدبڕ دەکات وویژدان و ئەقڵییەتی سڕو بەنج دەکات و هەر ئەمەش وادەکات بەئاسانی پەی بە هەوێنی یاخی بوون و ڕاپەڕین نەبرێ کە زۆر بەکپی و بە پەنهانی لە هەناویدا نەشونما دەکات وڕۆژێك لە ڕۆژان بەجۆرێ دەتەقێتەوە کە دەسەڵاتداران سەرسام بکات. لێ گەلانی پاشکەوتوو تا دەگەنە ئەم تەقینەوەو ڕاپەڕینە زۆری دەوێ.

یەکێك لە دیاردەو ڕواڵەتەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە مرۆڤ بەرەبەرە قێزی لە خۆی دەبێتەوە، هەزارو یەك ناو وناتۆرەی سووکی وەك ترسنۆك و گەمژەو ناحاڵی و سەرشۆڕ لە خۆی دەنێت و خۆی بە شایستەی هەر جۆرە زوڵم و سەرکوتییەك دەزانێ و دەسەڵاتداری بەجۆرێ لا گەورەو گرنگ دەبێت کە هەرگیز نەکرێ لێی یاخی ببێ، بە کورتییەکەی دەبێ بە هاوپەیمانی دەسەڵاتدار دژ بەخودی خۆی... دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسییە بۆ سووککردنی مرۆڤ. هەڵبەتە لەم پرۆسەی سووککردنەدا ئافرەت لە هەر کەسێکی دی پتر زەرەرمەند دەبێت، چونکە هەموو قۆناغەکانی ملکەچی بەسەردا ئەنجام دەدرێت. ملکەچی بۆ باب، بۆ براو پاشان بۆ مێرد.بەکورتییەکەی دەبێتە ئەوزاری دامرکاندنەوەی ئارەزووی سێکسی پیاو وئامێری زاوزێ. دەبێت بەکارەکەر، بەگێل و گەوج و نەزان، ودەبێت سەرپەرشتکاری هەبێ. واتە مرۆڤی سەرکوتکراوی ملکەچ لە ئاستی هێزی دەسەڵاتدارا بەخۆی هەرسوکایەتییەکی

پێدەکرێ، کە دێتەوە ماڵەوە ڕێك بەسەر ژنەکەی و هەموو ئەو ئافرەتانەدا کە لەژێر ڕکێفی ئەودان جێبەجێی دەکاتەوە.

هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا مرۆڤی سەرکوتکراو بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆو ناراستەوخۆ دووچاری جۆرە مازۆخییەتێك و خۆئازاردانێك دەبێت ودەبێت بە بەرکارێکی گوێڕایەڵ بۆ سادییەتی دەسەڵاتدار و وای لێدێت هەرجۆرە کارەساتێك و نسیبەتێك کە بەسەریدا دێت، بەجۆرە سزای گوناحێکی وەهمی بزانێ کە لە بنەرەتدا نەیکردووە. ئیدی بەمجۆرە خەڵکی نەك هەر لەگەڵ زوڵم وزۆردا ڕادێن وخووی پێوە دەگرن، بەڵکو کاردەگاتە ئەوەی بەتەواوەتی تەسلیم ببن و لە ڕادەبەدەر ڕێزی ئاغاکەیان بگرن و بەمرۆڤی نائاسایی بزانن و جۆرە پایەیەکی پیرۆزی خوایانەی بدەنێ. واتە دەبن بە خەڵکانێکی مازۆخی ئەوتۆ کە بەبێ شەق و کوتەك و قامچی دەسەڵاتدارو ئاغا هەڵنەکەن. هەر ئەمەش بۆخۆی ئیعترافکردنە بە مافی دەسەڵاتدار کە بەئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات و دەسەڵاتی خۆی بەهەق و بە نەهەق بسەپێنێ... جا لێرەوە ئیدی دیاردەی ڕیاو ڕیاکاری، و ماستاو سارکردنەوە دێتە گۆڕێ و پایەی هەرکەسێك بەوە دیاری دەکرێ کە چەند لە دەسەڵاتدارەوە نزیکە.مرۆڤی سەرکوتکراو تەنێ ئەم ڕێگەیەی لەبەردەمدا دەمێنێ تا نانێك بخوات و تۆزقاڵێك ژیانی خۆی مسۆگەر بکات... ئیدی هەرجۆرە سەربەرزکردنەوەو یاخی بوونێك بە نمەك حەرامی و بێ ئەمەکی و سپڵەیی و پێنەزانی کەسانی چەوساوە لەقەڵەم دەدرێ و بەتوندی سەرکوت دەکرێت. چونکە وەك دەڵێن نان بدە بەسەگ نەك بە سپڵە... دیارە ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە، پەیوەندییەکی نەگۆڕو وشك و یەك جۆر نییە و تا سەر وانابێ.. بەڵکو بەرەبەرە گیانی یاخی بوون، لاساری، چەکەرە دەکات و جۆرە دووفاقییەك لە پەیوەندییەکاندا بە دیار دەکەوێ. سەیر دەکەی لەلایەکەوە ملکەچییەکی ڕواڵەتی هەیە و لە لایەکی دیکەوە جۆرە دژمنایەتییەکی پەنامەکی هەست پێدەکرێ و ئەمەش لەکۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکاندا، وەختێك سێبەری ترس لە دەسەڵاتدار دەرەوێتەوە دەردەکەوێ و زۆرجار لە شێوەی نوکتەو قسەی بە تویکڵدا خۆی دەنوێنێ وداخی خۆیانی پێ دەردەبڕن. واتە مرۆڤی چەوساوەو سەرکوتکراو هەمیشە بە گوێرەی بارو دۆخ لە بۆسەدایە بۆ دەسەڵاتدارو سەرکوتکار.. ئیدی ئەم دووفاقییە بۆخۆی قۆناغێکی نێوان ملکەچی و یاخی بوون دروست دەکات، واتە سەرکوتکراو هەمان چەکی سەرکوتکار بەکاردێنێ. واتە پەنا دەباتە بەر درۆ وفریودان وگومڕاکردن. واتە چۆن سەرکوتکار بە درۆ بەڵێنی ریفۆرم، پرۆژەی ئاوەدانی، پیشخستن، پاکسازی و زامنکردنی ئایندەی باش بە جەماوەری خەڵك دەدات و جەماوەرەکەش پێشوەختە بە درۆکە دەزانن، جەماوەری سەرکوتکراویش بەدرۆ پەیمانی گوێڕایەڵی و ملکەچی وپاشکۆیەتی تازە دەکەنەوە.. ئیدی بەمجۆرە درۆ دەبێت بە بەشێکی بنەڕەتی تانوپۆی کۆمەڵی پاشکەوتوو. دیارە ئەو درۆیەی کە لەنێوان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتدا هەیە سەراپای پەیوەندییەکان دەگرێتەوەوولات و میللەت دەبێت بە درۆخانەیەکی زۆر گەورەو پەیتا پەیتا درۆزنان هەڵدێنێ. درۆ لە خۆشەویستی و ئاشقێنی و ژن و مێردایەتی و ژنهێنان و مێردکردندا. درۆ لە دۆستایەتی و هاوڕێیەتیدا. درۆ لە مەدح و ستایشدا .درۆ لەزەم وگلەییدا. درۆ لە پیاوەتیدا. درۆ لە نوێژو ڕۆژو وخواپەرستیدا.

درۆ لە ڕۆشنبیریدا. نە بەرپرس لەگەڵ هاووڵاتیدا ڕاست دەکات و نە هاووڵاتی لەگەڵ بەرپرس و بەرعۆدەدا ڕاست دەکات. تەنانەت مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی بازاڕیش... بەکورتی ڕاستی دەچێتە قاتی و درۆ دەبێت بەباوو هەرکەسەو بۆسەیەکی درۆی ناوەتەوە بۆ ئەوەی هەرکەسێکی پێ ڕاو بکات و هەڵی بخەڵەتێنێ ودەستی ببڕێ..ئیدی وای لێدێت کێ درۆی زل زل بکات، بە دیپلۆمات بناسرێ و ئیدی درۆ باڵ بەسەر هەموو بوارێکی ژیاندا دەکێشێت و هەرکەسەو لە سنوری تواناو بەهرەو دەسەڵاتی خۆیدا، بەشێوەیەك لەشێوەکان مومارەسەی دەکات. ئیدی وای بەحاڵ وڕۆژو ڕۆژگاری خەڵکانی پاك و دڵسۆزو ڕاستگۆ.. زەحمەتە جێیان ببێتەوە. بەخەڵکانی گێل و گەمژە لەقەڵەم دەدرێن. بەهەموو شێوازێك دەچەوسێنرێنەوە. ڕاو دەنرێن.تا ڕادەی کوشتن سەخڵەت دەکرێن. دەبێ هەموو خووخدەیەکی درۆخانەکە بگرێت و ببێ بە بەشێك لەوان یان دەبێ سەری خۆی هەڵگرێ و وێڵ وسەرگەردان ڕوو لە چارەنووسی نادیار بکات..یان دەبێ ببێت بە ئەوزاری هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی و دێوجامەی ڕاوە جەماوەر و ئەمەش خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی ناڕەوایە بۆ سووککردنی مرۆڤ و سڕینەوەی بەهاو بایەخە مرۆڤانییەکانی... دیارە کە مرۆڤ مرۆڤانی خۆی دۆڕاند، تووشی گەلێك حاڵەتی نائاسایی و گرێ وئاڵۆزی دەرونی دەبێت کە دیارترینیان دەکاتە گرێی خۆبەکەمزانی. گرێی شەرمەزاری، زاڵبوونی ڕەشبینی و نائومێدی. پشت بەستن بە خەڵکی و باوەڕنەبوون بەخۆ، زاڵ بوونی ڕوانینی خورافی بەسەر بیرو بیرکردنەوەدا... ڕازی بوون بەچارەنووسی قەدەری. هەڵبەتە لە ڕێگەی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی هەر یەکێك لەو بابەتانەوە، وێنەی تەواوی مرۆڤی سەرکوتکراومان لە قۆناغی سەرکوتکاریدا بۆ بەدیار دەکەوێت.



www.pertwk.com

## تیرۆژێکی ئەدەبی

بەرهەمی ئەدەبی دەبێ بەر لەهەر شتێك زادەی هاندەرێكی رۆحی بێت، دەنا هەرگیز لەبازنەی گوتاری ئاسایی ئەدەبی، سیاسی یان كۆمەڵایەتی هێوەتر ناچێت، بۆیە ئەگەر نووسەر دیاردە كۆمەڵایەتییەكان لە قاڵبی هونەردا نیشانبدات و هاندەری رۆحی جڵەوكێشی بێت و بە باڵی خەون و خەیاڵ بفڕێ ئیدی پێویستی بەوە نامێنێ بكەوێتە دروشمبازی و بەزەبری دروشمی بریقەدار خوێنەر بۆ خەبتین و تێكۆشان هانبدات.

نووسەری بەتواناو بەهرەدار ئەوەیە كە كارێكی وەها بكات خوێنەر بە شێوەیەكی دەرونی بەو قەناعەتە بگات، واتە شۆڕش لە دەروون و سایكۆلۆجییەتی خوێنەردا بەرپا بكات.. نووسەری ناوداری عەرەب مەحموود ئەمین ئەلعالم لە شوێنێكدا دەڵێت: ((ان الادب تعبير بالخاص عن العام وبالجزئي عن الكلي وبالمحلي عن الانساني وبالاني عن التاريخي..)) ئەمە وادەگەیەنێت كە هەر ئەدەبێك كە مۆرك و شەقڵ و شەخسییەتی تایبەتی خۆی نەبێت و بەئاسانی لە نێو ئەدەبیاتی گەلانی دنیادا نە ناسرێتەوە، ئەوا لەسەر زەمینەو بناغەیەكی فشەڵ رۆنراوەو هەرگیز جیهانگیری بەدەست ناهێنێ . جا بەندە لێرەدا تاوێك لای چیرۆكی كوردی رادەوەستم و دەڵێم رەنگە درۆ نەبێ گەر بڵێین چیرۆك بەمانا هونەرییەكەی زادەو هەڵقوڵاوی كەش و هەواو تانو پۆو ڕایەڵی شارە. حیكایەت و نەقڵ زادەو هەڵقوڵاوی گوندو دێهاتە. چیرۆك هەموو ناكۆكی و ئاڵۆزییەكانی شار دەگرێتە خۆی، حیكایەت سادەیی سروشت و دێهات دەگرێتە خۆی. بەڵام ئەمە



www.pertwk.com

واناگەیەنێت کە چ پەیوەندییەك لە نێوان شارو دێدا نییە، نەخێر بەڵکو بە پێچەوانەوە، وەکو چۆن شار بوونێکی پەرەسەندووی شارستانیانەی دێیە، چیرۆکیش بوونێکی پەرەسەندووی هونەرییانەی حیکایەتە و یەکێك لە ڕەگەزە گرینگەکانی چیرۆك ڕەگەزی حیکایەتخوانییە، کە تا چیرۆك چیرۆك بێ ناتوانێ دەسبەرداری ئەم ڕەگەزە بێت. بەندە پێم وایە شارەکانی باشوری کوردستان لە جەوهەرو نێوەرۆکدا هەر دێهاتن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و بازرگانی و سیاسییەکان هەر هەمان واقیعی دێهاتەکانە بە کەمێك ڕتوشی ڕواڵەتییەوەو ئەویش زەرورەتی واقیعەکە سەپاندوویەتی. بۆیە هیچ سەیر نییە گەر چیرۆکی کوردی هەمان واقیعی شێواو و سست و خاوی کوردەواری گرتبێتە خۆی و زورجاریش بەمەبەستی نەێخوازی و هەمەجۆرخوازی دەستکرد لە ڕەگو ریشەی خۆی دابڕابێ و گەلێك قۆناغی بۆش و بەتاڵ لە کاروانی ئەدەبیاتی چیرۆکماندا بەدی بکرێت. خۆ ئەگەر بلەو سەجادی و شاکر فەتاح و قزڵچی و چەند کەسێکی دی، چیرۆکی کوردییان خستبێتە سەر ڕاستە ڕێگەی پێشڤەچوون و گەر لەباری هونەریشەوە سەرکەوتنی ئەوتۆیان بەدی نەهێنابێ ، ئەوا لەرووی بابەتەوە، بابەتی کوردانەو هەڵقولاوی واقیعی کوردییان خستووەتە روو..

بەڵام بەداخەوە لە زۆربەی چیرۆکی تازەماندا ئەو شەقڵی کوردەوارییە بەدی ناکرێت و بە بیانوی نوێگەری و هاوچەرخێتی و مۆدیپەروەری لە هەموو دینێك بووە... لە کاتێکا نوێگەری و هاوچەرخێتی هەرگیز لاساییکردنەوەی ساویلکانەو کوێرانە نییە. ونکردنی ناسنامەی شەخسی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە نووسەری نوێئاوەر دەبێ زۆر وریا بێ و بتوانێ بە هەڵمژینی زانیاری و تواناو و بەهرەی هەمەجۆر، توانای زاتی و داهێنەرانەی خۆی دەوڵەمەند بکات و نەفەسی خۆی بەو بابەتە ببەخشێت کە خەڵکانی تریش مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە .هەروەها بەزەبری دەسەلاتی هونەری، نەك دروشمبازی، شۆرش لە هەست و ویژدان و جیهانبینی و هوشیاری کۆمەڵایەتی خەڵکی سەردەمی خۆی بەرپابکات. بۆیە پێویستە هەموو کارێکی ئەدەبی سیفەت و شەخسییەتی ئەو وڵات و میللەتە بگرێتە خۆی کە لێوەی هەڵقولاوە, چونکە ئەدەبیات ناسنامەی ئەو وڵات و میللەتەیە، بۆ وێنە کە دەگوترێ وڵاتی روس ئەوا یەکسەر هونەرمەندانی وەکو پوشکین، دۆستۆفسکی، تۆلستۆی.. چیخۆف و شۆلۆخۆف دێنە بیر. ناسنامەش لۆگ گووتەنی:
(( بریتییە لە هەستکردنی تاك بە بوونی خۆی لە درێژایی زەمەندا..))

هەڵبەتە ئەم قسەیە ڕەگێکی دەچێتەوە سەر مێژوو، بێگومان مێژووی کورد مێژوویەکی نیمچە وەستاوەو ئەم خاوی و نیمچە وەستاویەش لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە گشتی و لە بواری ئەدەبیاتدا بە تایبەتی، ڕەنگیداوەتەوە. بۆیە کەم چیرۆکی تازەمان شەقڵ و مۆرکی کوردەواری پێوەیە، بەڵکو زۆربەی لاساییکردنەوەی کوێرانەیە بێئەوەی ئەرکی ئەوە کێشرابێ کە لەگەڵ واقیعی کوردەواریدا بگونجێنرێ. خۆ ئەگەر تەرجومەی زمانێکی بێگانە بکرێن باوەڕناکەم کەس بیانناسێتەوە..وپێمان بڵێن: ڕۆنی خۆمان لە سمێڵمان مەدەنەوە.. پێم وایە ناسینەوەی شەقڵ و شەخسییەت و داب و نەریت و خوو خدەی میللەت و چینەکانی کۆمەڵ لە کاری هونەریدا نیشانەیەکی ئاشکرای سەرکەوتنی کارەکەیە. ..جا ئەم دیاردەیە لەلای حەمزاتۆف


www.pertwk.com

وئیتماتۆف و زۆر نووسەری جیهانی دیکەدا دەبینرێ و ئەوەش هۆیەکە لەو هۆیانەی کە نەمری و درێـژی هـەم بەتەمـەنی مەعنـەوی خۆیـان و هـەم بـە تەمـەنی مـاددی بەرهەمـەکانیان بەخشـیوە..مـەخابن ئـەم لایەنـە لـدەف مـە بـە هەنـد نـەگیراوەو رەنگـە هۆیەکـەی ئـەوەبێ کـە نووسەرەکانمان بەرۆحی کوردەواری ئاشنا نەبن، یان لە بنەماو ئەرکەکانی هونەر بێ خەبەربن، یان بیانەوێ بە ناوی نوێگەریی و هەڵپەی دەسپێشکەرییەوە، جیهانێکی خەیاڵی رووتی دوور لە ژیانی کۆمەڵ بنیات بنەن، کە مەحاڵە سەرکەوتنی تیا بەدەست بێنن ودەقیش لەم چەشنە کەش و هەوایەدا دەچێتە قاتی و مرداردەبێتەوە...

## خوێندنەوەی چیرۆك لە نێوان لەزەتخوازی و شیکردنەوەدا

((1))

خوێندنـەوە پرۆسـەیەکی فـرە لایـەن و پرلـق و پۆپـە و لەوەتـەی مـرۆڤ فـامی کردۆتـەوە و کەوتووەتـە لاواندنـەوەو دڵدانـەوەی خـۆی و گـەردوون و پاشـان ویستوویەتی جیهان دەرك بکات، خوێندنەوەش هەبووە. جا بەم پێیە خوێندنەوە لە لەزەتخوازی و دەرکخوازی و شیکردنەوە بەدەر نەبووە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە پر خوێندنەوەی دەقە، بەتایبەتی دەقی چیرۆکڤانی . دیـارە کـە خوێنـەر چیرۆکێك دەخوێنێتـەوە هـەقی خۆیـەتی عـەوداڵی ئەوپـەری لـەزەت وەرگـرتن بـێ، رەنگـە گـەلێك لـە شـارەزایانی ئـەم وارە پێیـان وابـێ لـەزەتی ئەسـتاتیکی یەکێکـە لـە ئەرکـەکاتی دەق و هـەر دەقێـك بـەجۆرێك لـە لـەزەتی ئەسـتاتیکی ئـاوس نـەبێ دەبـێ بخرێتـە بـەر پرسـیار. لێ رەنگـە ئـەو لەزەتـەی کـە مافی رەوای خوێنەرە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات و پێویستی بـەوەبێ کـە خوێنـەر لایـەنی کـەمی توانـای شـیکردنەوەی دەقەکـەی هـەبێ و بـە جـوانی

وردەكارییەكانی دەقەكە بفامیٚ وبە دروستی شیبكاتەوە. چونكە ئەم توانایە یارمەتی دەدا كە ئەو پەڕی لەزەت لە دەق وەربگریٚ. هەڵبەتە ئەم جۆرە خویٚنەرە چیوای لە رەخنەگر كەمتر نییەو دكاریٚ رۆڵی گەورە لە بەرهەمهیٚنانی دەقی مەزن و باشدا بدینیٚ. بەهەرحاڵ شیكردنەوە لیٚرەداو بۆ خویٚنەری هەندیٚ فامیدە دەكاتە دەرككردنی دروستی دەقەكەو دەست نیشانكردنی بەشە جیاوازەكانی دەق و پەیوەندییەكانی نیٚوانیان، واتە ناسینی دەق وەكو یەكەیەكی یەكپارچەی هونەری تا ئەندازەیەك ئاڵۆز. كەواتە شیكردنەوە لیٚرەداو بۆ ئەو جۆرە خویٚنەرە، بۆ ئەوەیە لە ریٚگەی شیكردنەوەیەكی دروستەوە بگاتە لەزەتیٚكی نائاسایی ، لەزەتی تەجرەبەكردنی دەقەكە..

((2))

هەڵبەتە خویٚنەر هەقی ئەوەی نییە كە نووسەر محاسەبە بكات كە بۆچی ئەم وشە یا دەستەواژە یا رستە یا بابەتەی هەڵبژاردووە. چونكە زۆر جار نووسەر بەخۆیشی هۆی ئەوە نازانیٚ و ئەگەر پرسیاری لیٚبكریٚ وەلاٌمی بنجبڕی پیٚ نییە ،بۆیە مەبەستی خویٚنەر ئەوەیە كەبفامیٚ وتیٚبگات كە چۆن هەڵبژاردەكانی نووسەر پیٚكەوە جۆشیان خواردووەو دەقیٚكی یەك دەستیان پیٚكهیٚناوە، دیارە نووسەر تەنیا بابەت كەشف ناكات، بەڵكو ریٚگەی هەڵبژاردن دەگریٚ و هەنگاو دەنیٚ و بەهەر نرخیٚ بووە دەبیٚ خۆی بگەیەنیٚتە ئاوەدانی و دەقیٚك ئاوا بكات كە ژیانی لیٚوە هەڵبقولیٚ. بیٚگومان دەقیش بەبیٚ ناوەرۆك نابیٚ، دیارە ناوەرۆك بابەت نییە ، چونكە بابەت ئەو كارانەیە كە لەچوارچیٚوەی دەقداو لە واقیعدا هەیەو دەشیٚت لە دەقیشدا تەوزیف بكریٚ. بەلاٌم ناوەرۆك لەگەڵ خوڵقان یا خوڵقاندنی دەقدا دیٚتە ئاراوەو دەمەییٚ وفۆرم وقاڵبی خۆی وەردەگریٚ. جابابەت كەرەستەیەكی ئامادەیەو كەسانی هونەرمەند دەتوانن بەزەبری داهیٚنانی هونەری دەق بیگۆڕن بۆناوەرۆك، هەر بۆیە دەبینین یەك بابەت لە لای چەند نووسەریٚك چەند نیٚوەرۆكیٚكی جیاواز وەردگریٚ و هەر دەقە شەقلی تایبەتی خۆی وەردەگریٚ. چونكە هەر نووسەریٚك بەگویٚرەی خویٚندنەوەی هونەریانەی خۆی و بەپیٚی شیٚوازی خۆی ئەو بابەتە دەگۆریٚ بۆ نیٚوەرۆك كە دەكاتە رۆحی دەق. بەم پیٚیە بابەت بەتەنیاو لە چوارچیٚوەی خودی خۆیدا زۆر گرنگ نییە بە گوتەیەكی دی بابەت بەتەنیاوبە مجەرەدی خراپ یا باش نییە. وەختیٚ بایەخی تەواو پەیدا دەكات كە لەسەر دەستی نووسەریٚكی كارامەی لیٚهاتوو بگۆردریٚ بۆ ناوەرۆكیٚكی



www.pertwk.com

هونەريانەو لە دەقێكی سەركەوتوودا جۆش بخوات ، پێوەر و عەياری دەق ناوەرۆكەكەيەتی نەك بابەتەكەی.

((3))

كەواتە خوێنەر هەقی خۆيەتی كاتێ دەق دەخوێنێتەوە داوای لەزەتی ئەستاتيكی لەو دەقە بكات. ئەمەش بەوە دەبێ كە دەقەكە هەڵسەنگێنێ نەك بابەتەكە، واتە دەبێ ئەوە كەشف بكات كە چۆن بابەت گۆڕاوە بۆ ناوەرۆك. گوتمان بابەت بە تەنێ و بە مجەرەدی نە باشەو نە خراپ، بابەت وەختێ بايەخ پەيدادەكات كە دەبێ يا دەكرێ بە ناوەرۆك، واتە دەبێ بەدەق. ديارە بابەت لەواقيعداو لە دەرێی دەقدا وەكو بابەتی مجەرەد هەيە. لەم حاڵەتی تەجريدەدا كەرەستەيەكی خاوە، نە دەخرێتە خانەی خراپ و نە دەخرێتە خانەی باشەوە. بەڵام دەشێت بابەتێك لای نووسەرێك باش و پەسندبێ و هەمان بابەت لای نووسەرێكی دی ناپەسندو خراپ بێ. واتە نووسەر لەم حاڵەتەدا بەدووی بابەتێكدا دەگەڕێ كە لەگەڵ تواناو بەهرەو مگێزی خۆيدا بگونجێت و بتوانێ بەئاسانی بيگۆڕێ بۆ ناوەرۆك، واتە بۆ دەق. ئەمەش ئەوە دەگەيەنێ كە نووسەر لەسەرێتی بابەتگەلێك هەڵبژێرێ كە توانای بە سەردا بشكێ و لەباری بونيادی هونەرييەوە هونەرمەندانە دەرەقەتی بێ.

جا بابزانين هونەرمەنێك چۆن بابەتی دڵخوازی خۆی ، بابەتی هەڵبژاردەی خۆی دەگۆری بۆ ناوەرۆك، واتە چۆن بابەتێك دەكات بەدەق؟ ! ئێمە لەسەرەتادائاماژەمان بۆ چيرۆك وجيهانی چيرۆك كرد. هەڵبەتە چيرۆك دەكاتە دەقاندنی هەموو گەزەكانی خۆی لە))پلۆت، سروشتی پلۆت، ياساكانی پلۆت، كەسايەتی ،كەسايەتی سادەو ئاڵۆز، رەوش و رێبازی وەسفی كەسايەتی،پێگەو مەوقيعيەت،رەگەزەكانی ئەو پێگەيە، ئەركی ئەو پێگەيە، بوئرەی گێرانەوە، بوئرەی گێرانەوەی مانا، شێوازو تۆن، تەبيعەتی شێواز، جۆری هەڵبژاردنی وشە، وێنە گرتن، بونيادی رستە، بونيادو هونەر، وەسف، هونەری گێرانەوە، ديالۆگ، مەنەلۆگ، رەمزو راز، ديمەن و پانۆرامای بەرين و زەمەنی هونەری و زەمەنی واقيعی...هتد)) هەڵبەتە لێرەدا دەرفەتی ئەوە نييە بە دوورو درێژی لەسەر هەر رەگەزێكی چيرۆك بوەستين وشرۆڤەی بكەين،چونكە زۆر جار هەر چيرۆكێك لە قوڵايی پرۆسەی دەقاندندا رەگەزە تايبەت بە خۆی بەرهەمدێنێ، و تەنيا لە ناو خودی دەقەكەدا وەكو يەكەيەكی هونەری يەكپارچە چەمكی هونەری

خۆی وەر دەگرێ و لە دەقەکە دابردرێ لە هونەرییەت دەکەوێ و نابێ بەرەگەزێك کە پێناسە هەڵبگرێ، واتە لە دەرێی دەقەکەدا ناسنامەی نابێ، ئەگەر بۆ ئاسانکاری پەنا وەبەر تەقسیمبەندییە کۆنەکەی چیرۆك ببەین وبڵێین بریتییە لە سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی ،ئەوا رەنگە ئەم تەقسیمبەندییە زۆر قەناعەتبەخش نەبێ، چونکە مەرج نییە هەموو چیرۆکنووسێك پابەندی ئەو تەقسیمبەندییە بێ، بەکورتی دەبێ ئەوە بزانین کە چیرۆك بریتیە لە زنجیرە هەڵبژاردنێك و زۆرفاکتەری هونەری دەور لەو هەڵبژاردنانەدا دەبینێ و بەم پێیە سەرەتا هەر دەقێکی چیرۆکڤانی دەکاتە زەمینە سازی بۆ چوونە ناو دەقەکەو لەو بەشەدا چیرۆکنووس وهەندێ زانیاری بە خوێنەر دەدات تابێ بە پێشەکییەك بۆ دەرككردنی دەقەکە، هەڵبەتە ئەو زانیارییانە ئەوەندەیە کە کەڵکەڵەی بەردەوامبوون لای خوێنەر بوروژێنێ و دەستی بگرێ بۆ ئەوەی لە (سەرەتا) بپەرێتەوە بۆ (ناوەراست) دیارە مەرج نییە هەموو سەرەتایەك وەکو یەك بێ، چونکە هەر نووسەرێك کۆمەڵێك هەڵبژاردنی خۆی هەیە و جیاوازە لە هی نووسەرانی دی. نەك هەر ئەمە ، بەڵکو زۆر جار سەرەتاو دەستپێك لەلای یەك نووسەر لەچیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی تری دەگۆرێت، بەهەرحاڵ لە قۆناغی سەرەتادا رونکردنەوەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بەدەق بە دەستەوە نادرێ، چونکە رەگەزەکانی ئەم قۆناغە دەڵەمەو ناجێگیرن و زەمینە بۆ قۆناغی ناوەراست خۆشدەکەن.

((4))

پاش سەرەتا، ناوەراست دەست پێدەکات، ئەم قۆناغش کۆمەڵێك رەگەز لە خۆ دەگرێ، لەوانە: ململانێ وکێشمانەکێش، گرێ و گرێچن، لوتکە.. هتد ئەگەر لەبەشی (سەرەتادا) جۆرێك لە دەڵەمەیی و ناجێگیری و تەم ومژو بێ سیمایی بەدی بکرێ، ئەوا لەم بەشەدا بەرەبەرە رەگەزەکان بەرەو بە دەقبوون دەرۆن وفۆرم قاڵب و سیما پەیدا دەکەن، هەڵبەتە ئەم تەقسیمبەندییەی کە ئێمە لێرەدا لە رووی ناچاریەوە دەیکەین بەو مانایە نییە کە سنوورێکی پۆڵایین لە نێوانیاندا هەیە و لە بەزاندن نایەت، بەڵکو بپێچەوانەوە رەگیان لە یکتردایەو بە جۆرێ‌ئاوێتەن کە لەباری هونەرییەوە ئەستەمە بێنە دابران، مەگەر زەرورەتی شیکردنەوە ناچارمان بکات. بۆ نموونە ململانێ رەگی لە سەرەتادایە ولوتکە زادەی گەشەکردنە و گرێچن پێکدێنێ. هەر کاتێ گرێ گەییە بالاترین ئاستی

خۆی ، ئیدی ئەنجامی دەقەکە کە پێی دەگوترێ لوتکەی دەق بەرەبەرە بەدیار دەکەوێ و لەناوەوە تیشک دەخاتە سەر خۆی بەرەو کۆتایی دەستی خوێنەر دەگرێ.

هەڵبەتە گرێچن لە چیرۆکدا گرینگییەکی ئەوتۆی هەیە کە بەبێ گرێچنی گونجاو، کێشمانە کێش لە کاریگەری دەکەوێ. توانا هونەرییەکانی نایەتە دی. نووسەر لە چاودێری و سەرپەشتی رەگەزی گرێچندا بەرەبەرە کایگەری چیرۆکەکەی خۆی زیاد دەکات و خوێنەر ئامادە دەکات تا دەرك بە کاریگەری تەواوی لوتکە بکات .هەڵبەتە رەگەزی گرێچن زۆر گرنگەو نووسەری لێهاتوو وکارامە بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکەی بۆ ئەو رەگەزە تەرخان دەکات ، چونکە نووسەری گەورە لەوێدا بلیمەتی خۆی بەتەواوتی دەنوێنێ و ئاشکرا دەکات. ئەوجا دێینە سەر( کۆتایی) کە لە لوتکەوە تا ئەنجامی چیرۆکەکە دەگرێتەوە.

بەم پێیە (سەرەتا) دەستپێك و زەمینە خۆشکردنە بۆ پەرینەوە بۆ سەرەتای ململانێ و کیشمانە کێش و(ناوەراست)لە ململانێوە بەرەو گرێچن و لەوێندەرەوە بەرەو لوتکەمان دەبات و(کۆتایی) لە لوتکەوە بەرەو ئەنجاممان دەبات. هەڵبەتە لە چیرۆکدا ململانێی جۆراوجۆرهەیە، دەشێت ململانێ دەروونی بێ و قارەمان لەگەڵ خۆیدا بیکات، یا ململانێ لە نێوان قارەمانانی چیرۆکەکەدا بێ یا لەنێوان قارەمان و کۆمەڵگەدا بێ یا لەنێوان قارەمان و سروشتدا بێ..هتد.

بەهەرحاڵ پێویستە لێرەدا ئاماژە بە گرینگی رەگەزی پلۆت(نەخشە) بکرێ و ئەوە دووپات بکرێتەوە کە دەرککردنی پلۆت گرنگترین فاکتەرە لە پرۆسەی دەرککردنی چیرۆکدا. پلۆت دەشێت بەرۆحی چیرۆك بژمێردرێ.

((5))

پلۆت(نەخشە) رەگەزێکی هەرە گرینگی چیرۆکەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی نووسەرەو لە واقیعدا بە مجەرەدی بوونی نییە، لەبن و بناواندا فۆرم بەخشینە بە ئەزموون و تەجرەبەیەك کە لە بنەرەتدا بێشێوەیە، بێ فۆرمە، یانی پرۆسەی فۆرمبەخشینە بەتەجرەبەیەکی بێ فۆرم.بە وتەیەکی دی چیرۆکنووس ئەزموونە خاوەکانی ژیان هێندە هونەرمەندانەو لێهاتووانە ریز دەکات کە لە میانەی یەکێتی ئەو ئەزموونانەوە پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجامی بویەرو رووداوەکان بە دیار دەکەوێ، و کۆی رووداوەکان شێوەیەکی هونەریانە دەگرێتە خۆی. ئەگەر پلۆت لە واقیعدا نەبێ و دەستکردی نووسەر بێ و ئێمە تا ئەندازەیەك ئەم



www.pertwk.com

دەسکردبوونەی پلۆت قبوولْ بکەین، ئەوا بۆ کاراکتەر حەز دەکەین لە خەلْکانی ناو ژیان بچن و دەستکرد نەنوێنن و لە گەلْ واقیعی چیرۆکڤانی دەقەکەدا بگونجێن و لەو واقیعە هونەرییەدا واقیعی بن. ئەگەر چی مرۆۋ تا رادەیەك لەناو ژیانی واقیعیدا ئازادە، بەلاْم کاراکتەری چیرۆکڤانی بە تەواوەتی ئازاد نییە.چونکە کاراکتەری چیرۆکڤانی بەپێچەوانەی مرۆڤی واقیعیەوە، بەشێکە لە کۆی کارێکی هونەری ودەبیْ لە خزمەتی پێداویستییەکانی ئەو کارە هونەرییە یەکگرتووەدا بیْ..واتە کاراکتەر بەشێکە لە کارێکی هونەری یەکپارچەی یەکگرتوو وپەیوەندی راستەوخۆی بە رەگەزەکانی تری ئەو کارەوە هەیە و بەشێك لە بونیادی ناوەوەی چیرۆك(دەق) پێکدێنیْ.دیارە کاراکتەر دەبیْ لە واقیعی رۆژانە بالاْتربنوێنیْ جۆرە پەیوەندییەك لەگەلْ تەجرەبەی شەخسی خوێنەردا پەیدا بکات و بە کورتی تەجرەبەکانی ژیانی بۆ هەست گۆرِیبیْ.کارەکتەرانی ناو چیرۆك لەناو پرۆسە هونەرییەکەی دەقاندنی ناوەرۆکدا گەشە دەکەن و شێوەو سیمای تایبەتی خۆ وەردەگرن.هەر کاراکتەرێکی هونەری وەربگری، لە روویەکەوە دەچێتەوە سەر خەلْکانی ناو ژیانی واقیعی یا بەپێچەوانەوە هەر کەسێکی ناو ژیانی واقیعی بگری هەندیْ خەسلْەت و تایبەتمەندی ئەو قارەمانە هونەرییانەی تێدا بەدی دەکریْ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەستکردنە بە جۆرەپەیوەندییەك لە نێوان کسایەتی هونەری و کەسایەتی واقیعیدا,

بەهەر حالْ زۆربەی رەخنەگران وشارەزایان کارەکتەرانی هونەری دابەشدەکەن بەسەر کارەکتەری سادەو کارەکتەری توێدارو ئالْۆزدا، کارەکتەری سادە ئەوەیە کە بتوانریْ لەیەك فرمۆلدا بەرجەستە بکریْ و یەك رەهەندو یەك لایەن بیْ و بەئاسانی بناسریْ. کاراکتەری توێدارو ئالْۆز ئەوەیە هەزار تویْ بیْ و بەئاسانی پەی پیْ نەبریْ و غافلْگیرت بکات. دیارە بۆچوونی جیاواز لەمەر ئەو دوو جۆرە کاراکتەرە هەیە. بەلاْم بە شێوەیەکی گشتی کاراکتەری ئالْۆز لەبارترە بۆ پر کردنەوەی بۆشاییە هونەرییەکانی ناو هەر کرێکی هونەری. بەلاْم کاراکتەری سادە ئەو توانایەی نییەو لەسەرانسەری چیرۆکەکەدا یەك راستە ریْ دەگریْ و بەگەلْ رەوش و رەوتی چیرۆکەکە دەکەویْ و ئەمە هەندیْ لە واقیعەوە دوورە. کاراکتەری ئالْۆز دەتوانیْ وەکو خەلْکانی واقیعی غافلْگیرمان بکات و سەرساممان بکات و ئەمەش جۆرە واقیعیەتێکی پیْ دەبەخشێت کە پتر حەزو



www.pertwk.com

کەڵکەڵەی خوێنەر پاراو دەکات. بەهەرحاڵ دەبێ ئەوە دووپات بکەینەوە کە کاراکتەری چیرۆکڤانی چەند ئاڵۆزیش بێ، ئینسانێك نییە ،بەڵکو خەڵقەندەیەکی هونەرییە و بەشێکە لە کارێکی هونەری یەکگرتوو.ئەوەی ئێمە لە هونەرمان گەرەکە شێوەیەکە کە لە ژیاندا دەستمان ناکەوێ، جیاوازی بنەرەتی هونەرو ژیانیش لەوەدایە.بەهەرحاڵ چونکە مرۆڤ بەخۆی بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، بۆیە کاراکتەرانی ئاڵۆزی پێ پەسندترە. چونکە پتر لە ژیان دەچن.هەڵبەتە ئەگەر کاراکتەر بۆخۆی بەتەنیا و جیا لە رەگەزەکانی دیکەی چیرۆك لەبەر چاو بگیرێ، لەو حاڵتەدا دەکرێ بایەخێکی گەورە بە ئاڵۆزی بدرێ.بەلأم ئەگەر کاراکتەر لەبەر رۆشنایی چیرۆك وەکو یەکەیەکی یەکپارچە تاقی بکەینەوە لەو حالەتەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئاڵۆزی فەزڵێکی زیاتری لە سادەیی نییە.دەبێ حەساو بۆ ئەوە بکرێ کە چ کاراکتەرێك لە چیرۆکدا دەور دەبینێ، چیرۆکنووس دەبێ کاراکتەری گونجاو بۆ مەبەست و ئامانجەکانی خۆی هەڵبژێرێ.

((6))

هەڵبەتە پێویستە لێرەدا زۆر بەلەز ئاماژە بۆ رەگەزی وەسف لە دەقی چیرۆکدا بکرێ. چیرۆکنووس دەبێ شارەزاییەکی چاکی لەم بوارەدا هەبێ.گونجاوترین شێوازی وەسف لەگەڵ دەقی چیرۆکدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری هەڵبژێرێ.دیارە هەر شێوازێکیش عەیب و خەوشی خۆی هەیە. بەلأم چیرۆکنووس دەبێ کەم عەیبترین شێوازی وەسفی بەکاربێنێ. جۆرە باوەکانی وەسفیش پتر بریتین لە: وەسفی مەنتیقی، وەسفی دراماتیکی و وەسفی قەرینەیی و مەجازی. لە وەسفی مەنتیقیدا پتر گوتن زاڵە، واتە لە دەرێڕا تیشك دەخرێتە سەر کاراکتەران، ئەمەش جۆرە جڵەو کردنێکی خەیاڵی خوێنەری لێدەکەوێتەوە. لە وەسفی دراماتیکیدا نیشاندان زاڵە. نووسەر یا گوتیار(ڕاوی) زیاترنیشاندەدا تا بڵێت. چیرۆکنووس لەم جۆرە وەسفەدا رێگە بە قارەمانەکانی دەدا کە خۆیان بنوێنن و خۆیان نیشان بدەن, واتە قارەمانەکان لە رێگەی دەم و دوویانەوە یا هەڵسوکەوت و رەفتاریانەوە خۆیان بە خوێنەر دەناسێنن. لەم شێوازەدا خوێنەر بە گەرمی دەعوەت دەکرێ کە چالاکانە لە چیرۆکەکەدا بەشداری بکات. بەهەرحاڵ رەنگە ئەم شێوازە وەسفە لە شێوازە وەسفەکانی دیکە پەسندتر بێ.لەوەشە یەکێك لە خەوشەکانی ئەم شێوازە وەسفە ئەوەبێ کە لە وەسفی مەنتیقی درێژدادرتربێ، چونکە نیشاندان کاتی فرەتر دەبات لە



www.pertwk.com

وتن.شێوازی وەسفی قەرینەییش ئەوەیە کە کاراکتەر لەرێگەی ئەو قسانەوە کە دەربارەی دەکرێ بناسین.بەکورتی بۆچوونی باوی ئەم رۆژگارە ئەوەیە کە دەقی سەرکەوتووی چیرۆك دەبێ پتر نیشاندان بێ نەك گووتن. دیارە هەر دەقێکیش بەدەم پرۆسەی خوڵقانەوە یاساو رێسای خۆی بەرهەمدێنێ و هەر نووسەرەش دەبێ ئاگاداری ئەوەبێ کە دوا ئەنجامی کاری ئەو کە بریتیە لە بەرهەمهێنانی یا خوڵقاندنی کارێکی یەکگرتووی یەکپارچەی هونەری و دەسترەنگینی و مۆرکی ئەو لە چۆنیەتی دەقاندنی هەموو رەگەزە وردو درشتەکانی ئەو کارەدا دەردەکەوێ و ناسنامەی تایبەتی وەردەگرێت..

((7))

رەگەزێکی دیکەی گرینگ لەئەدەبیاتی چیرۆکڤانیدا هەیە کە پێی دەگوترێ شوێنکات. بێگومان بویەرو رووداو لە شوێن وکاتدا روودەدات.ئیدی مەرج نییە شوێن تەنیا یەك شوێن بێ یا کات و زەمان تەنیا یەك کات بێ. دەشێت شوێنکات بە گوێرەی زەرورەت و پێداویستی هونەری دەق بێتە هەڵبژاردن و مۆنتاژکردن. دیارە رەگەزی شوێنکات جۆری هەیە. لەوانە شوێن یا دیمەنی بێ''لایەن، لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە شوێنەکە کوێیە ،شارە یا لادێ یا...هتد. نووسەر ئەو زانیارییانە دەدا و ئیدی ئەوەندە گوێی ناداتێ و بەتانیا ناچێت. ئەم زانیارییانە لە خزمەت پلۆت و رووداوی دەقدا دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بێ لایەنیە موتڵەق و رەها نییە، واتە مەوقیعیەتی بێ لایەن زۆر کەمە.

بێگومان شوێنکات یا دیمەن یا مەوقیعیەت دەشێت لەناو بەرهەمی چیرۆکڤانیدا ببێ بە رەگەزێکی کاریگەری بەرجەستە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ کە مەوقیعیەت شتێکی سەر بەخۆ نییە، هەمیشە بەشێکە لە کۆی کارە هونەرییەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەو دەبێ لەو چوارچێوەیەدا حەساوی بۆ بکرێ. خۆ ئەگەر لە چوارچێوەی کوللیەتەکە دەرچوو و لە رەگەزەکانی دیکەی دەق زاڵتر و زەقتر کەوتە بەرچاو ئەوا دەبێ بەخەتاو هەڵەی هونەری لە قەڵەم بدرێ. چونکە لە باشترین چیرۆکدا نیشاندنی مەوقیعیەت مەبەستی سەرەکی یا بنچینەیی نییە. بەڵکو مەوقیعیەت دەبێ رەگەزێکی چیرۆك بێ لەناو کۆی رەگەزە هونەرییەکانی دیکەدا بتوێتەوەو هەموو رەگەزەکان پێکەوە لە بۆتەی هونەردا دەقێك بخوڵقێنن کە پێی دەگوترێ چیرۆك..

گۆشەنیگا، یەکێکە لەو بابەت و رەگەزانەی کە بایەخی گەورەی هەیە لە ناو پرۆسەی خولقانی دەقی چیرۆکدا.دیارە لێرەدا مەبەست لەگۆشەنیگای چیرۆکنووسە ، واتە کردەی گێرانەوە لە روانگەی چیرۆکنووسەوە، کە هەر چیرۆکنووسێك بە گوێرەی نۆرینی خۆی دیاردەو بویەرو بابەتەکان دەخوێنێتەوەو دەگێرێتەوە. هەڵبەتە مەبەست لە نۆرین و خوێندەوەی هونەرییانەیە، دەنا دەق پێك نایەت و نایەتە خولقاندن. دیارە مەسەلەی هەڵبژاردنی گۆشە نیگا یەکێکە لەو مەسەلە ئاڵۆزانەی کە دەبێ چیرۆکنووس زۆر بە پارێزەوە مامەڵەی لە تەکدا بکات، چونکە نووسەر بە سەرچاوەی بنەرەتی هەر کاراکتەرێکی ناو چیرۆکەکە، شوێن، هاماج ورووداوەکانی ناو بەرهەمەکەی دەژمێردرێ. یانی ئەو دەقە بەهەموو رەگەزەکانییەوە خەڵقەندەی خەیاڵی ئەوە. نووسەر زۆر شت دەربارەی خەڵقەندەکانی خەیاڵی خۆی دەزانێ ولە سەرێتی بریار بات چۆن سوود لەزانیارییە تایبەتییەکانی وەربگرێ. یانی نووسەر دەبێ گونجاوترین گۆشە نیگا بۆ ئەو چیرۆکەی کە دەیەوێ بیگێرێتەوە یا بڵێ هەڵبژێرێ و بدۆزێتەوە. هەڵبەتە گێرانەوەش جۆری هەیە،دەشێت بۆ نموونە لە رێگەی یەکەم کەسەوە بێ یا لە رێگەی سێیەم کەسەوە بێ، دەتوانرێ چیرۆکێك لە دەرێرا یا لە ناوەوە بگێردرێتەوە، مەبەست لە گێرانەوەی ناوەوە ئەوەیە کە یەکێك لە قارەمانەکانی ناو دەقکە چیرۆکەکە دەربری، ئەو بابەتە چیرۆکە پتر بە راناوی یەکەم کەس دێتە گوتن و گێرانەوە.. ئەو چیرۆکانەش کە لە لایەن گوتیارێکی بێناوەوەو لە دەرێرا باس دەکری و دەگێردرێتەوە، پتر بە راناوی سێیەم کەس دێتە گێرانەوەو بەیانکرن. جا لێرەداپێویستە ئاماژە بۆ گوتیار(راوی) بکرێ.گوتیار هەیە هەموو شتێکی جیهانی دەقەکە دەزانێ و گوتیار هەیە زانیاری سنوورداری لەمەر دەقەکە هەیە. جا گوتیاری هەموو شتزان دەتوانێ خۆی لە ژیانی هەر کەسایەتییەك هەڵقورتێنێ و بەخوێنەر بڵێ کە قارەمانی نێوبراو بەتەمای چییە و چۆن چۆنی هزردکەت. دەتوانێ ئێستا لە شارێك بێ، دوای تۆزێکی دی لە شارێکی دیکە بێ. دەتوانێ لە دەستەواژەیەکدا لە کاتی ئێستادا لە گەڵماندا بێ ولە رستەیەکی دواتردا بمانباتەوە بۆ رابردوو. جا ئەم جم و جوڵەی ئەو لە خۆیەوە بۆخۆی، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی دی لەبەر ئەوەیە کە بەو پەری کارامەیی و چاکی

چیرۆکەکەمان بۆبگێڕێتەوە. گوتیاری هەموو شت زان لە هەموو هونەرەکانی گێڕانەوە ئاسایی ترە، هەر لەبەر ئەوەشە ئاساییترین گۆشەنیگاو گێڕانەوەیە بۆ زۆربەی چیرۆکنووسان.چونکە زۆر بە ئاسانی بەم رەوشە چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە.

هەرچەندە گوتیاری هەموو شتزان لە لایەکەوە هونەرێکی ئاساییە، بەڵام لە لایەکی دییەوە بە تەکنیکێکی نائاسایی و تایبەتی دەژمێردرێ. چونکە لە ژیاندا کەس نییە هەموو شتێك بزانێ، ئەمە جگە لەوەی گۆشەنیگای گوتیاری هەمووشتزان هەندێ جار جڵەو لە دەستی نووسەر دەسەنێ و بابەتەکان تووشی گێرەشێوێنی دەکات.. دیارە لێرەدا دەبێ سووکە ئاماژەیەك بۆ هەندێ عینوانی دیکەش بکرێ لەوانە: شاقارەمان لە دەوری گوتیاردا، گۆشەنیگای قارەمانی لاوەکی، گۆشەنیگای بابەتی و ژمارەی گۆشەنیگایان.

((9))

کەس ناتوانێ نکولی لە زمان و رۆڵی زمان لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا بکات. بۆیە نابێ بەزێدەرۆیی گەر بگوترێ دەق دەکاتە بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی زمان. واتە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بگرین بەلای کەمەوە دەبێ هەردوو تایبەتمەندی شێوازو ئاواز یا ستایل و تۆن بگرێتە خۆ. دیارە شێواز بۆ هەر دەقێکی چیرۆکڤانی هەم گرنگەو هەم ئاڵۆزەو دەورێکی کارا لە خوڵقاندنی تۆندا دەگێڕێ، واتە دەتوانرێ بگوترێ شێواز رێگەیەکە دەگاتە تۆن. بەهەر حاڵ ئێمە نامانەوێ بچینە ناو تول و تەفسیلی شێوازو جۆرەکانییەوە، ئەوەی بۆ ئێرە مەبەستە زیاتر شێوازی تاکە،واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە لایەن نووسەرێکەوە. هەڵبەتە دەشێت شێوازی تایبەتی نووسەرێك لە نێو چوارچێوەی گشتی شێوازی باوی سەردەمێکدا دەربکرێ و بناسرێتەوە. دیارە هەر نووسەرێك بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات و بەنەفەسێکی تایبەتییەوە بەکاری دێنێ، جا بەم پێیە هەموو نووسەران خودانی شێوازن، بەڵام مەرج نییە هەموو شێوازەکان سەرکەوتوو و پەسندبن.کەواتە شێواز بەو چەمکەی کە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانە لە لایەن نووسەرەوە،چاکتر یا خراپتر نییە، بەڵکو بە گوێرەی بەکارهێنانی لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی ترجیاوازە. کەواتە دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێ کە شێوازی هەر نووسەرێك لە ناو بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەوە دەرکبکرێ و بناسرێتەوە، نەك بۆچوونەکانی خۆمان سەبارەت بەشێواز لە



www.pertwk.com

دەقەکانی ئەو نووسەرە بار بکەین. کەواتە شێواز دەبێ بەشێوەیەکی گونجاوو هاوسەنگ شانبەشانی رەگەزەکانی دیکە بەشداری لە پێکهاتەی دەقەکەدا بکات و بە هەموویان یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بخوڵقێنن. بەهەرحاڵ شێواز شتێکی شەخسییە و جیوازی شێوازی نووسەران دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زەینییەت و کەسایەتی خودی نووسەرەکان.

هەڵبەتە شێواز بەشێوەیەکی گشتی رەگەزێکە لە نێو رەگەزەکانی دیکەی دەقدا و دەورێکی گرینگ لە ئیجادی تۆن لەناو بەرهەمی چیرۆکڤانیدا دەگێڕێ. دیارە تۆنیش دەکاتە دەربرین و نیشاندانی روانین و دیتنەکان. بەهەرحاڵ ئەم رەگەزو بابەتە لە گەڵ رەگەزو بابەتەکانی دیکەدا تان وپۆی دەق پێکدێنن و بەئاسانی بۆ خوێنەر جیا ناکێتەوەو تەنیا خوێندنەوە موتالآی زۆری چیرۆکان ، رەنگە ئاسۆی داوەری خوێنەر فراوان بکات و بتوانێ بەباشی شێوازو تۆن بناسێتەوەو پەیوەندی هەموو رەگەزەکان لە چوارچێوەی کارەکەدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری دەرکبکات.

((10))

هەندێ رەگەزی چیرۆك بەهۆی کاریگەری بنەرەتییان لە پێکهاتنی سەرلەبەری بەرهەمەکەدا بە رەگەزی کاراو گرنگ حەساو دەکرێن و هەموویان لە ژێر خێوەتی بونیادو تەکنیکدا کۆدەبنەوە. واتە پاش ئەوەی لە پێکهاتەی گشتی بەرهەمەکەدا ئاوێتە دەبن پێیان دەگوترێ بونیادو تەکنیك، لەوانە وەسف کە بریتییە لە نیشاندان و دەربرینی راستەوخۆی خەسڵەتێن یەك کەسایەتی یا یەك شوێن یا یەك شت. جا جاری واهەیە وەسف نیشاندانی خەسڵەتێن نامادییە و جاری واشە تەنیا نیشاندانی خەسڵەتێن بەدەنی دەگرێتە خۆ.. هەڵبەتە وەسفی کاریگەر یا سەرکەوتوو ئەوە نییە کە نووسەر هەرچییەکی بەبیردابێ نیشانی بدات یا دەریببڕێ.نووسەر دەبێ ئەو لایەنانە هەڵبژێرێ کە پتر لەگەڵ مەبەستەکەیدا دەگونجێت و ئەو لایەنانە بەجۆرێك ریز بکات و رێکبخات کە مەبەستەکەی بێننە دی .هەرچەندە وسف رەگەزێکی تارادەیەك وەستاوە، بەلآم نووسەری کارامەو لێهاتوو جوڵەش لەبەرچاو دەگرێ و فەرامۆشی ناکات.

پانۆراماو دیمەن، رەگەزی بنەرەتی چیرۆکن و چیرۆکنووس دەتوانێ هونەرییانە بیانخاتە خزمەتی پەرەسەندن و گەشەکردنی دەقەکەیەوەو بەزەبری

بەکارهێنانی پانۆراماو دیمەن خۆی لە یەکنەوایی بپارێزێ، ئەمەش بەوە دەبێ کە لە دیمەنی دراماتیکییەوە بگوازرێتەوە بۆ دیمەنی پانۆرامایی.

دیالۆگیش لە رەگەزە گرنگەکانی چیرۆکەو لە شێواز نایەتە دابران و پێویستە لە چوارچێوەی کوللیەتی دەقدا مامەڵەی لە تەکدا بکرێ, دیارە دیالۆگ لەناو چیرۆکدا دەبێ ئاسایی بێ، هەڵبەتە سەبارەت بە جیهان و واقیعی ناو چیرۆکەکە ئاسایی بێ و تەواو لەگەڵ واقیع و جیهانی چیرۆکەکەدا بسازێ. لە گەڵ ئەو دنیایەدا بگونجێت کە نووسەر خوڵقاندوویەتی نەك ئەو جیهانەی کە نووسەرو خوێنەر بە واقیعی تیایا دەژین. واتە نووسەر دەبێ خۆی لەوە بپارێزێ کە لە جیاتی قارەمانان قسە بکات، چونکە ئەمە سەنگەلایی هونەری لێدەکەوێتەوە. بەڵکو دەبێ جڵەو بۆ قارەمانان شل بکات، وەکو چۆن خۆیان لەناو کارەهونەرییەکەدا هەن ئاوا قسەو گفتوکۆبکەن وبەشێوەیەکی ئاسایی گوزارشت لە خۆیان بکەن.

((11))

رەگەزێکی زۆر گرنگ هەیە لە دەقی چیرۆکڤانیدا،کە کەم و زۆر ، راستەو خۆو ناراستەو خۆ پەیوەندی بەرەگەزەکانی دیکەی دەقەوە هەیەو لە کارلێکی بەردەوامدایە لە گەڵیاندا، ئەویش رەگەزی تیمەیە کە رەنگە بشێت ناوی نێوەرۆکی لێ بنرێ، دیارە نێوەرۆك و بابەت یەك شت نین، بەڵام زۆریش لێکدی نزیکن. تیمە دەکاتە مانا، یا هەوێنی چیرۆك. چیرۆکیش نەرێگەیەکە بۆ وێنە گرتن و بەر جەستە کردنی هزرو بیران و نە هەلآتنی نامەسئولانەیە لە واقیع.. جا لەم پێو دانگەوە دەشێت تیمە مانایەك بێ کە چیرۆك بە زەبری ئەوزارە هونەرییەکای خۆی کەشفی دەکات. زۆرجار مرۆڤ حەزدەکات جۆرە مانایەك بە ئەزموونی خودی خۆی ببەخشێت،یا لە ئەزموونی خودی مانایەك دروستبکات، دەیەوێ بزانێ کێیە،هەڵوێستی خۆی بزانێ، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکان و بوونەوەراندا بزانێ. تیمە هاوتاو قەرینەی ئەم بزوێنەرە ئاساییە مرۆڤانییەیە لەناو چیرۆکدا...دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکرێ کە کردەی نووسین تەنیا کردەی دەربرین ونیشاندان نییە ،بەڵکو کردەی کەشفکردنیشە,کەواتە تیمە(نێوەرۆك) مانایەکی تەواوە کە نووسەر لەکاتی نووسیندا و خوێنەر بەهەم خوێندنەوەوە کەشفی دەکات. هەڵبەتە ئەم پرۆسەی کەشفکردنە کارێکی سادەو ئاسان نییە، و تیمەی چیرۆك تەنیا بە مووتاڵاو خوێندنەوەی جدی و مەسئولانە دێتە



www.pertwk.com

کەشفکردن، وئەم کارەش وادەخوازێت کە خوێنەر ئاگای تەواوی لە پەیوەندییەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی چیرۆك و لە هەڤبەندی بەشە جیاوازەکانی چیرۆك لەگەڵ کوللیەتی چیرۆکدا هەبێ.کەواتە بەم پێیە تیمە رەنگدانەوەی ئارەزوو حەزی مرۆڤە بۆ دروستکردنی مانا لە ئەزموون، واتە ئەدەبیاتی چیرۆکڤانی رێگەیەکە بۆ دروستکرنی مانا لە ئەزموون. گۆرینی ئەزموونە بۆ مانایەکی هونەری.تیمە لەو رەگەزانەیە کە یەکێتی تەواو بەدەقی چیرۆك دەبەخشێت، هەر تیمەیە، کەنووسەر والێدەکات شێوەو فۆرم بە پلۆت بدات و قارەمانان بخۆلقێنێ، واتە تیمە گرنگترین پرەنسیپی هەڵبژاردن بە نووسەر دەدات. کەواتە چیرۆك بەشێوەیەکی گشتی هەولێکی راستگۆیانەیە بۆ مانا بەخشین بە ئەزموونی ئینسانی. ئەوی چیرۆکی باش بۆ ئێمەمانانی دەرەخسێنێ ئەوەیە لە چاوی کەسێکی ترەوە بروانینە ئەزموونی مرۆڤ کە زۆر جیاوازە لە خوێندنەوەی وتارێکی فەلسەفی . ئەو جۆرە وتارە دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ ئاگامان لەوەبێ کە کەسێکی دی دەربارەی ئەزموونی مرۆڤ دەیلێ. بەلام چیرۆکنووس دنیایەك دەئافەرێنێ کە بۆ ئەو دنیایەی ئەو و ئێمە تیایدا دەژین بایەخی هەیە، روانینێکی راستەو خۆمان دەربارەی دنیای چیرۆکەکەو دنیای خۆمان پێ دەبەخشێت. یانی روانینمان لە رۆتینبینی رزگار دەکات و هێزی خەیاڵمان لە مت بوون دەخەلەسێنێ و دەوڵەمەندی دەکات...

سەرچاوە:


1- چگونه ادبیات داستانی تحلیل کنیم : دکتر دبلیو. ئی. کنی..ت: دکتر مهرداد ترابی-محمد حنیف چاپ اول 1380

2- فجر القصه المصریه - یحیی حقی

3- القصه العربیه والحداثه / دکتر صبری حافڤ 1990 بغداد

4- فن کتابه الاقصوصه/ ت: کاڤم سعدالدین 1978

5- التحلی البنوی للقصه القصیره/ رۆلان پارت/ ت: د. نزار صبری 1986

6- فن القصه القصیره/ د. رشاد رشدی/ بیروت 1975

## دەربارەی رۆمان
## هونەرییەت ناسنامەی هەر دەقێکە

((1))

رۆمان، رەنگە تەرو تازەترین مەیدانی ئەدەب بێ. چونکە سەدان جۆگەلەی وردو درشت, لە دوورو نزیکەوە دێن و تێی دەرژێن و زۆر جار شێوەی دەریا وەردەگرێ.. واتە رۆمان دەریایەکی مەنگی بەسام و هەیبەتەو سەدان جۆگەلەی سەرهەڵگرتووی خرۆشاو دێن و خۆیانی پێدا دەکەن و لەوێندەر ئارامدەگرن و دەبن بەبەشێك لەپێکهاتەی ئەو دنیا بالأیەی ئەدەب کە پێی دگووترێ رۆمان. شیعرو مێژوو دوو جۆگەلەی هەرە سەرەکین لەو جۆگایانە!.. بەکورتی، رۆمان چیرۆکێکە، قووڵی و بەرینییەکی تایبەتی هەیە, کە رەنگە ئەم قووڵی و بەرینییە بەکەمتر لە پەنجا هەزار وشەیەیەك نەیەتە نیشاندان، چونکە رۆمان وێنەگرتنێکی هونەرییانەی تەواوی ژیانی بنیادەمە چ لەباری ئاسایی و چ لەباری قارەمانییەوە, چ لە رووی تاوتوێکردنی ناخی روحی بنیادەمەوە, کە ئەمانە هەر وا بەسانایی و لە چەند وشەیەکی کەمدا نایەنە نیشاندان. ئەمە جگە لەوەی کە رۆمان ئاوێتەی تایبەتمەندییە مرۆڤانییەکانەو هەرگیز ناشێت مرۆڤ لە مەیدانی رۆمان وەدەر بنرێ. چونکە ئەمە زیان بە رۆمان دەگیەنێ و دەیپوکێنێتەوەو لە هونەرییەتی دەخات وئەو کاتە لە کۆمەڵە وشەیەکی مردوو بەولاوە چ ناوێکی دی هەڵناگرێت. واتە چەند جوانش بێ، دەبێ بەکۆشکێکی بێ ئاوەدانی وچۆڵ و هۆڵ.

((2))



www.pertwk.com

یەکێك لە بنەما سەرەکی و بنەرەتییەکانی رۆمان، رەگەزو توخمی حیکایەت و نەقڵە, ئەم رەگەزە بەرادەیەك زاڵە کە زۆر جار بەچیرۆکی هونەریش گوتراوە نەقڵ یا حیکایەت. بۆیە هیچ نابێتە زێدەرۆیی گەر لە پێناسەی رۆماندا بگوترێ:(( بابەتێکی ئەدەبییە بە شێوەیەکی هونەری حیکایەت و نەقلاَن دەگێرێتەوە.)) بەم پێیە گێرانەوەی حیکایەت یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لە هەموو رۆمانێکدا هەن و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رۆمان بەبێ ئەم رەگەزە پێکنایەت.. هەڵبەتە رەگەزی حیکایەتو نەقڵ پێویستە رەگەزێکی دیکەش بەگەڵ خۆی بخات, ئەویش ئەوەیە وا لە خوێنەر یان گوێگر بکات بەتاسەوە چاوەروانی وەڵامی ئەم پرسیارە بکات: پاشان چ دەبێ؟ واتە رووداوەکان کیڤە دەچن و بە چ ئاکامێك دەگەن, ئەمەش دەکاتە ورووژاندنێکی هونەرییانەو وەستایانەی ئیشتیای گوێگرتن یا خوێندنەوە.دیارە ئەم رەگەزەش بایەخی زۆر گرینگی خۆی هەیەو هەر ئەمەش لە حیکایەتەکانی هەزارو یەك شەوەدا، شەهرەزاد لەمەرگ رزگار دەکات. واتە شەهرەزاد دەیزانی وەستایانەو هونەرییانە چەکی((چاوەروانی)) بەکاربێنێ و وا لە بەرانبەرەکەی بکات کەچاوەروانی ئاکامی رووداوەکان بکات. هەڵبەتە بۆ بەکارهێنانی ئەم چەکە، پێویست بەوەسفی وردو دڵگیر ودروستکردن و خوڵقاندنی رووداوی تازەو هۆشمەندانەو وێنەی زندوو هەیە. واتە ئەمانە هەموو دەبێ لە خزمەتی رەگەزی چاوەروانیدا بن, چاوەروانی ئەنجامی ئەم پرسیارە:- پاشان چی روودەدات؟

((3))

گوتمان، یەکێك لەبنەما هەرە سەرەکییەکانی رۆمان، حیکایەتو نەقڵە،... حیکایەت و نەقڵیش گێرانەوەی رووداوەکانە بەپێی تەرتیبی زەمان, ئەمەش خۆی لە خۆیدا، گرینگی زەمان لەرۆماندا دەردەخات, چونکە رۆمان بەبێ زەمان و لە دەرێی زەماندا ناتوانێ هیچ شتێك بەیان بکات یان دەرببرێ.

((4))

رەگەزێکی زۆر گرنگی دیکەی رۆمان بریتییە لە قارەمان. دەتوانین بڵێین هۆکاری بەرجەستەبوونی رووداوە لەچوارچێوەی زەمەنی هونەرییانەی چیرۆکدا. دیارە قارەمان راستەوخۆ و وەکو چۆن لەواقیعدا هەیە، ناگوێزرێتەوە بۆ نێو دنیای رۆمان وچیرۆك, بەڵکو دەسکارییەکی هونەرییانەی ئەوتۆ دەکرێت کە تەنیا لەنێو واقیعی رۆمان و چیرۆکاندا، پاساو بۆ بوونی دەمێنێ. هەرکە لەو واقیعە هەڵاوێردرا، ئیدی ئەو بوونە زندوو وکاریگەرەی نامێنێ.. واتە چیرۆکنووس و رۆماننووس پتر بەدیووی ناوەوەی کاراکتەرو قارەماندا شۆر دەبێتەوەو بۆ خوێنەری کەشفدەکات. بەکورتی رۆماننووس، قارەمانێك دروستدەکاو دەخوڵقێنێ کە زۆر جیاوازە لە قارەمانی واقیعی, خۆ ئەگەر لەواقعیشەوە وەریبگرێ کوتومت وەو خۆی وەریناگرێ, بەڵکو دەیکات بەخەڵقەندەیەکی هونەری و پۆشاکی خوێندنەوەیەکی تازەی نووسەر یا هونەرمەندی بەباڵادا دەبردرێ..دیارە ئەم خوێندنەوەیە لایەنەکانی هەستو ئارەزوو, وخەون وخۆشی و شادی وخەمو ئەو خەون و خەیاڵ وهزرو بیرکردنەوە هەرە تایبەتییانە دەگرێتەوە کە رەنگە داب و نەریت و یاساو رێساکۆمەڵایەتییەکان و شەرمو حەیا رێگەی بەرجەستە بوون و



www.pertwk.com

دەربرین و نیشاندانیان نەدەن..چونکە نیشاندانی ئەم لایەنانەی تەبیعەتی مرۆڤ یەکێکە لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی رۆمان.. بەهەرحاڵ رۆمان, بەرهەمێکی هونەرییە بنەماو رێساو یاسای خۆی هەیە.. قارەمانی رۆمان وەختێ واقیعییە کە لەگەڵ ئەو یاساو رێسا تایبەتیانەدا بگونجێن و– هەڵبەتە دەشێت هەر رۆمانێك یاساورێسای تایبەت بەخۆی بخوڵقێنێ– کاتێ پێیان دەگوترێ واقیعی کە لە نێو کەشو هەواو یاساورێسای تایبەتی رۆمانەکەدا، وەکو کارێکی هونەری, قەناعەت بەخش بن. نەك لە نێو ژیانی رۆژانەدا نموونەو وێنەی زۆر بێ..

دیارە لەنێو قارەمانانی رۆمانو چیرۆکدا قارەمانی ئاڵۆزو فرەلایەن هەیەو قارەمانی سادەو یەکلایەن یا کەم لایەن هەیە . قارەمانی ئاڵۆزو فرەلایەن، بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و لە ئەنجامی گۆرانی رووداو و کەشو هەوای رۆمانەکەوە دەگۆرێن و بەشێوەیەکی قەناعەت بەخش خوێنەر رووبەروی سەرسامی دەکەنەوە.. بەڵام سادەو کەملایەنەکان, زوو دێنەناسین و ئەگەر هونەرمەندانە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ بەئاسانی لە هزو بیری خوێنەردا دمێننەوەو خوێنەر تووشی سەرسامی ناکەن .. بەکورتی قارەمانی چاك ئەوەیە کە هەم بەژیانی ئاساییەوە پەیوەستبێ و هەم لەکەشو هەوای خۆیدا, واتە لە دنیای رۆمان و چیرۆکەکەدا بژی و ئەو رووداو بەسەرهاتانەی بەسەریان دێن, تووشی هەڵچوونمان بکەن و لەزەتێکی ستاتیکی بەروحمان ببەخشن.

((5))

گرێ,یا هۆکارو ئەنجام , رەگەزێکی هەرە گرنگی تری رۆمان و چیرۆکە.لە سەرەتادا گوتمان نەقڵ و حیکایەت دەکاتە گێرانەوەی رووداوەکانی رۆمان بە پێی تەرتیبی زەمان .هەڵبەتە گرێ–ش گێرانەوەو نیشاندانی رووداوەکانە بە پێی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان هۆ و ئەنجامدا هەیە . وا تە هەر هۆیەك یان چەند هۆیەك, ئەنجامێك یان چەند ئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە و ئەمە پێی دەگوترێ رێسای هۆو ئەنجام. بۆ وێنە گەر بگوترێ:((شا مرد و پاشان شاژن مرد))ئەمە حیکایەت و نەقڵە..بەڵام کە بگوترێ:(( پاشا مردو دوای ماوەیەك شاژن لە سوێیاندا مرد))ئەمە گرێ یە..هەرچەندە لێرەشدا تەرتیبی بەدوا یەکدا هاتنی زەمەن پارێزراوە، بەڵام رێسای هۆو ئەنجام زاڵە.. گوتمان نەقڵ و حیکایەت وەکو رەگەزێکی رۆمان بەشێوەیەکی راستەوخۆ و نا راستەوخۆ ئەم پرسیارە دەوروژێنێ:–پاشان چی دەبێت ؟ بەڵام گرێ ئەم پرسیارە دەگرێتە خۆ:–بۆچی ؟بۆ نموونە شاژن بۆچی مرد ؟واتە ئەگەر رەگەزو توخمی حیکایەت نەقڵ کەڵکەڵە بوروژێنێ, ئەوا گرێ هۆش و هزر دەوروژێنێ. ئەمە جگە لەوەی کە هەموو گرێیەك دەبێت جۆرە نهێنی یەکی وەهای تێدا بێ کە بە بێ هزر و هۆش نەدۆزرێتەوە. واتە هەر گرێیەك نهێنی یەکی تایبەتی خۆی هەیە و هۆش و بیر دەدوێنێ . بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە ئەو نهێنی یە دەبێت کورت و پوخت پەسەند و بەجێ بێت . خۆ ئەگەر هەندێك ئاڵۆزو تەماوی _ش بێت ئەوا نابێت بەو رادەیە بێت کە خوێنەر چەواشە و گومرا بکات.

((6))

فانتازی وەکو چۆن هەوێنی ژیان و ڕەواندنەوەی سەرگەردانی مرۆڤە، ڕەگەزێکی پێویستی جیهانی ئەدەبیاتیشە..فانتازی، لایەنی بەرزە خەیاڵی و نائاسایی و ناواقیعی دەگرێتە خۆ و بە و مەبەستە ڕۆماننوس و چیرۆکنوس پەنای وەبەر دەبەن کە پتر هونەرییەت بە دەقەکانیان دەبەخشێت وجوانییەکی هونەرییانەی گەشکە بەخشی پێبدات و یەکپارچەیی و شکۆی دەق بەرجەستەتر بکات..

ڕەگەزی فانتازی کە لە ڕۆمانی تازەی دنیادا زۆر لە برەودایە, پێویستە یارمەتی پێشڤەچونی حیکایەتی چیرۆك بدات و دەوڵەمەندی بکات. واتە دەبێت لە خزمەتی پێشخستنی دەقەکەدا بێت .دەنا دەبێت بە پەڵیەکی زەق و دەقەکە عەیبدار دەکات. چونکە فانتازیا پتر بە مەبستی بەرجەستە کردن و نیشاندانی هونەرییانەی دیمەن و ڕووداوە پەراگەندەکانی ژیانە...

((7))

هەڵبەتە , ئێمە بەشێوەیەکی گەلەك لەز و پەراگەندە ئاماژەمان بۆ هەندێ توخم و ڕەگەزی ڕۆمان کرد هەر هێندەی گوتارێی ڕۆژنامەوانی هەڵبگرێ مامەڵەمان لە تەکدا کردوون ,لێ لەگەڵ ئەوەش دا دەبێت ئەوە بگوترێ کە سەرا پای ڕەگەزەکان جۆگەلەن و دەبێت برژێنە نێو دەریای ڕۆمانەوە و دەقێکی یەکپارچە پێکبهێنن و بۆ زەرورەت نەبێ, نەکرێ لێکدی هەڵاوێردرێن .

واتە دەبێت هەموو ڕەگەزەکان بەدەوری یەك بابەت دا بسورێنەوەو هەم بۆ خۆیان نەشونما بکەن و هەم گەشە بە بابەتە سەرەکی یەکە بدەن و بابەتەکەش, قارەمانانی ڕۆمان توند لە هەمێز بگرێ و هۆکارو ئەنجام بخەملێنێ و فەراهەمی بکات و لە ئەنجامدا ڕۆمان وەکو دەقێکی زیندووی هونەری لە دایك ببێ و هەموو ڕەگەزەکانی لە یەکەیەکی یەکپارچەدا پێکەوە ببەستێ ئەوجا جاری هونەرییەت و بە دەقبوونی خۆی بدات...

---

تێبینی

بۆ زانیاری زیاتر بروانە

جنبەهای رمان– ادوارد مورگان فورستر

ترجمە –ابراهیم یونسی

چاپ چهارم - 1990



www.pertwk.com

## دەستەوایی یان ڕەخنە

((1))

بێگومان رەخنە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی هوشیارانەی دەق، خوێندنەوەش خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی زەینییە و خوێنەر بە کۆمەکی کۆمەڵە ئامرازێك ئەنجامی دەدات.. کاتێ خویندنەوە دەبێ بە چالاکییەکی ئەکتیف و بە پیت کە خوێنەر توانای تێگەییشتن و لێکدانەوەو موناقەشەو دوواندنی دەقەکەی هەبێ، بتوانێ ئەوەی دەقەکە دەیڵێ یا نیشانی دەدات قبوڵ یا رەفز بکات. بزانێ گوێ لە دەق بگرێ، پرسیاری لێبکات، پرسیارەکانی ناو دەقەکە بخوێنێتەوەو وەڵامەکانیان بدۆزێتەوە.. بەکورتی خوێندنەوەی رەخنە ئامێز ئەوە دەگەیەنێت کە خوێنەر تەنیا گوێگرێکی سەلار نەبێ و بەئاسانی تەسلیمی دەقەکە ببێ، بەڵکو دەبێ لە هەمان کاتدا گفتوگۆکارێکی یەجگار بە هۆش و بە ئاوەز بێ، ناسینی ئەو دەقە بەرهەم بێنێ کە رەخنەگرانە دەیخوێنێتەوە. کەواتە رەخنە بۆیە دەکاتە خوێندنەوە، چونکە پشت بەدەق دەبەستێ و دەق بابەتی هەرە سەرەکی رەخنەیە. واتە رەخنەو دەق لە کارلێکی تەواودان و لە ئەنجامدا ناسینی دەقیان لێدەکەوێتەوە. جا بەم پێیە بۆیە رەخنە دەکاتە خوێندنەوە چونکە هیچ دەقێکی رەخنەیی بەبێ دەقی خوێنراوە لە دایك نابێت. رەخنە تێگەییشتنی دەقی ئەدەبی دەوڵەمەند دەکات.

((2))



www.pertwk.com

دیاره دەق و ڕەخنە پەیوەندییەکی یەجگار پتەویان بەیەکەوە هەیە و بەو ئەندازەیەیە کە دەق ڕەخنە بەرهەمدێنێ و ڕەخنە دەق دەخوێنێتەوەو لە کەشفکردنی دەقەکەدا دەقییەتی خۆی وەردەگرێت و پەیدا دەکات..بۆیە پابەندی بەدەقەوە هەوڵێن ئەرکی ڕەخنەیە. پابەندییش دەکاتە شۆڕبوونەوە بەناو دەقەکەدا بەمەبەستی ناسینی هەموو ئەو پێکهاتەو ڕەگەزو بونیادە شاراوەو دیارانەی کە مانای دەقەکەیان لە هەمێز گرتووە..هەنگێ ڕەخنەگر هەموو ئەو کەناڵانەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە ماناو چۆنییەتی پێکهاتنی مانایان پێدا تێپەڕیووە..کەواتە کاری ڕەخنەیی کارێکی ئەفراندنی شارستانییە و لە ڕووی بایەخەوە هیچی لە کردەی داهێنانی دەقی ئەدەبی کەمتر نییە.. وبۆیە ڕەخنە دەبێ کەرەستەو ئامرازێك بەکار بهێنێ کە بتوانێ مالیجەی دەقە ئەدەبییەکانی پێبکات و دەرەقەتیان بێت.. بەرهەم و دەقی ئەدەبی ئەمڕۆکە لەڕووی بابەتەوە زۆر لێکدی نزیکن و ئەوەی هەندێ لێکدی دووریان دەخاتەوە فۆرم یا چۆنییەتی مامەڵە کردنی ئەدیبە لەگەڵ بابەتەکەدا، بۆیە ڕەخنە دەبێت کەرەستەی تایبەتی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بابەتانەدا بدۆزێتەوەو ئەم ناوەرۆك و تیمانە لەبارەی چۆنییەتی پێکهاتەیانەوە مالیجە بکات و دەبێ خۆی لەوە دوور بگرێت دەقی ڕەخنەیی کلێشەیی وەربگرێت و سووکە دەسکارییەکی بکات و وەکو ڕەچەتە بۆ هەردەقێکی بەکاربێنێ. بۆیە هەر ڕەخنەیەك تایبەتمەندییە پەنامەکی و ئاشکراکانی دەق ڕەچاو نەکات، نە دەقییەت پەیدا دەکات و نە دەشبێت بە داهێنان.

((3))

گوتمان دەق و ڕەخنە پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکترەوە هەیەو هەڵکشان و داکشانی هەریەکێکیان کار لەوی تریان دەکات، بۆیە ئەگەر ڕەخنە لە ئاستەنگ و تەنگژەو قەیراندا بێت، ئەمە تارادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی گوزارشت و دەربڕین و نیشاندان، واتە بۆ قەیرانی دەق، چونکە ئەو پرس و دۆزانەی لە دەقی ڕەخنەییدا ڕەنگ دەدەنەوە، هەمان ئەو پرس و دۆزانەیە کە لە دەقی داهێنراودا بەرهەم هاتوون، بۆیە تەسەور ناکرێ دەقی داهێنراو لە حاڵی هەڵکشان و گەشانەوەدا بێ و دەقی ڕەخنەیی لە داکشان و تەنگە نەفەسی و هەناسەسواری و کورتبینی و تەمەڵیدا بێ. کە ڕەخنە توانای بەسەر ئەرکە ئاسایی و سروشتییەکانی خۆیدا نەشکا، ئەمە تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی دەقی ئەدەبی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیدا، بە تایبەتی ئەرکە ئەستاتیکییەکانی. چونکە پەیوەندییەکی جەدەلی لە نێوان دەق و ڕەخنەدا هەیە

ئەو دۆزو پرسانەی دەقی ڕەخنەیی مالیجەیان دەکات و دەیەوێ ڕیشاژۆیان بکات یا ڕێکیان بخات هەمان ئەو دۆزو مەسەلانەن کە دەقی ئەدەبی نیشانیداون و بەرجەستەی کردوون، وئەم مناقەشەیە لە چوارچێوەی دەقەکە دەرناچێت دەنا پرۆسە ڕەخنەوانییەکە لە خەتی خۆی دەردەچێت و دەکەوێتە گێژاوی شرۆڤەو لێکدانەوەی دوور لە دەقە ئەدەبییەکە. بۆیە هەر ڕەخنەیەك بەهەر بیانوویەکی وەکو دۆزینەوەی قەرینەی مێژوویی و کۆمەلایەتی بۆ دەقە ئەدەبییەکە، زۆر لە جەوهەری دەق دوور بکەوێتەوە، ئەگەر دەقایەتیش وەربگرێ ئەوا



www.pertwk.com

شانبەشانی دەقە ئەدەبییەکە دەڕوات و کەم و زۆر ناگەنەوە یەک، ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لە داهێنان ، و دەقە ئەدەبییەکە دەکرێت بە ئەوزارێك بۆ دەربڕینی هەندێ مەبەست و گوتاری تایبەتی رەخنەگرو نووسینەکەی هیچ ناسنامەیەکی نابێ و ناچێتە خانەی هیچ چالاکییەکی کاریگەریی رۆشنبیرییەوە. چونکە تەنیا دەقی ئەدەبی ئامانج و جەوهەری رەخنەیە.

((4))

ئاشکرایە هەرزمانێکی رەخنەیی پەیوەندییەکی نزیکی بە زمانی دەقەوە هەیە، بۆیە بەها ئەستاتیکی و ناوەرۆکییەکانی دەق لە دەرێی ئەو چوارچێوەو پەیوەندییەدا بەدەنگی پرۆسەی رەخنەوە ناچنو رەخنە دەبێت بە خوێندنەوەیەکی کاڵ و کرچ لە داوێن و پەراوێزی دەقە ئەدەبییەکەدا و فایدەیەکی ئەوتۆ ناگەیەنێ.. چونکە تیمە ناسنامەی دەق و بەهاکانی دەق دیاریدەکات..هەڵبەتە وەکو چۆن دەشێت یەك بابەت و تیمە ببێ بە کەرەستەی کۆمەڵێك دەقی ئەدەبی جیاواز، ئیدی لەیەك سەردەم و لەیەك رۆشنبیریدابێ یان لە چەند سەردەمێکی جیاوازو لە چەند رۆشنبیرییەکی جیاوازدا بێ، بەهەمان شێوەش دەشێت یەك دەقی ئەدەبی، کۆمەڵێ پرۆسەی رەخنەیی جیاوازی لە یەك رۆشنبیریدا لەسەر ئەنجام بدرێ، ئیدی لە یەك سەردەمدا بێ یان لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا، بەپێی کۆمەڵێك ریبازی جیاواز لە هەڵوێست و رێچکەدا.

بابەتی دەقی ئەدەبی هەموو دنیایە. دنیاش گەلەك بەرینە و هەموو مرۆڤ و ژینگەو دەورو بەری مرۆڤ دەگرێتەوە، دەرێی مرۆڤ و ناوەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەدەب مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دنیادا، دەکات بە بابەت و نێوەرۆکی خۆی، مرۆڤ چۆن دەوروبەرو دیوی ناوەوەی خۆی دەرکدەکات، چۆن ئەم دنیایە دەجولێت. هەروەها پەیوەندی مرۆڤ بەم دنیایەوە، داخۆ پەیوەندییەکی گەرم و گوڕو گونجاوە یا پەیوەندییەکی سست و خاوە، هەروەها پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە.. جا لێرەوە ئەو بەها مرۆڤانیانە بەدیار دەکەوێ کە دەقی ئەدەبی سەروساختیان لە گەڵدا پەیدا دەکات و هەوڵدەدات بانگەشەی بۆ بکات..جا بەم پێودانگە بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ بابەتی هەرە سەرەکی ئەدەبە: جەنگ، خۆشەویستی، مەرگ، ژیان، باوەڕ..جەنگ و خۆشەویستی دەکاتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ. مەرگ و ژیان و باوەڕ دەکاتە پەیوەندی مرۆڤ بە دنیاوە. ترس و هیواو خۆزگە دەکاتە پەیوەندی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە. بەمجۆرە سەرچاوەی شەرعییەتی دەقی ئەدەبی یان مرۆڤە یان دنیایە.

((5))

بەلاّم بابەتی رەخنە، خودی دەقی ئەدەبییە.. بۆیە رەخنەگر بە پلەی یەکەم بایەخ بە چۆنیەتی پێکهاتەی ئەو دنیایە دەدات کە دەقە ئەدەبییەکە مالیجەی دەکات، ئەم چۆنیەتییەش دەکاتە پێکهاتە زمانەوانییەکان.کەواتە بابەتی رەخنەی ئەدەبی، دەقە ئەدەبییەکەیە وەکو فۆرمێکی ئەستاتیکی و وەکو کۆمەڵێك نەسەقی زمانەوانی و سیستەمێکی چڕو پڕی هێمای زمانەوانی و کۆمەڵێك وشەی رێکخراو بە پێی داڕشتنی تایبەتی. کەواتە دەقی رەخنەیی دنیا شیناکاتەوە،

بەڵكو بە پلەی یەكەم دەقێكی زمانەوانی شیدەكاتەوەو دەست لەسەر زمانەكەی و پێكهاتەی زمانەكەی دادەگرێت لە قۆناغی یەكەمدا، ئەوجا لەوە تێدەپەڕێ بۆ ئەو دنیایەی كە دەقە ئەدەبییەكە مالیجەی دەكات..رەخنەو دەق لەوەدا هاوبەشن كە ئامرازی گوزارشتی هەردووكیان زمانە. دەق هەوڵدەدات بە هەموو كەرەستەو ئامێرو ڕەگەزو توخمەكانییەوە تەجرەبەیەكی مرۆڤانی دیاریكراو بگوڕێت بۆ هەست و بیگوازێتەوە بۆ وەرگر، رەخنەش دەیەوێت ئەم پرۆسەی گواستنەوەو نەقڵە دروست و بە سوود بێ، دیارە پابەندی ئەو روانگەیەش دەبێت كە دەقە ئەدەبییەكەی لێوە مالیجە كراوە. ..رەخنە گوتارێكە لە گوتارێكی دیكەوە هاتووە، واتە زمانی دووەمە. بۆیە وەستان لەسەر زمان و شرۆڤەو ڕاڤەی زمان لە ئەدەبدا بابەتێكی یەجگار گرینگەو زانستی دەلالەتان خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان كردووەو زمان بوونەوەرێكی زندووەو پابەندی یاسای پەرەسەندنەو وشە دنیایەكە گوڕ و تینی خۆی هەیەو ژیانی لێدەچۆڕێت و دیارە هەر زندوویەكیش لە كاریگەریی زەمان و شوێن بەدەر نابێت. كەواتە ئەركی زمانی داهێنان، نیشاندانی دنیاو مرۆڤە، هەڵبەتە نیشاندانێكی هونەریانە، بەڵام زمانی رەخنەیی، سەرو ساختی لەگەڵ زماندایە، لەگەڵ زمانێكی دیكەدایە. زمانی رەخنەیی هەوڵدەدات ئەركی زمانی دەق و تایبەتمەندی پێكهاتەی ئەو زمانە راڤەو شرۆڤە بكات و پاشان ئەو دنیایە لێكبداتەوە كە دەقەكە نیشانی دەدات و ئەو دۆزو پرسانە ڕیشاژۆ بكات كە بە شێوەیەكی هونەرییانە خستوونیەتی ڕوو.

((6))

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەكی خێرا بۆ ئەوە بكرێ كە یەكێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەكانی رەخنەو رەخنەگری، بێلایەنییە،واتە رەخنەگر دەبێت مامەڵە لەگەڵ دەقدا وەكو خۆی وەكو چۆن هەیە، ئاوا بكات، نەك بێت سۆزو هەستی خۆی لێبرابكات وشتێك بخاتە سەرزاری دەقەكە كە لە بنەڕەتدا شتی وای نەگوتبێ.. یانی رەخنەگر نابێ دەست لە كاروباری پرۆسە ئیبداعییەكەی ئەدیب وەربدات و ئامۆژگاری بكات و پێی بڵێ نەدەبوو وابكات یان وابڵێ، دەبوو وابكات یان وابڵێ.. بەڵكو دەبێت مامەڵە لەگەڵ دەقدا وەكو خۆی و وەكو چۆن هەیە بكات..ئەمەش بەوە دێتە دی كە رەخنەگر پاشخانێكی رۆشنبیریی دەوڵەمەندی فرە لایەنی هەبێت. چونكە سیحرو ئەفسوون و ئەستاتیكاو هێزو توانای دەق تەنیا لە خودی دەقەكەوە هەڵناقوڵێت، بەڵكو لە دەقە هاوعەسرەكانیشییەوە هەڵدەقوڵێت و لە كارلێكی ژینگە رۆشنبیرییەكەی سەردەمی خۆیشی بەدەر نابێ. بۆیە دەبێ رەخنەگر توانای جیاكردنەوەی رەگەزەكانی دەقی ئەدەبی هەبێت، واتە ئەو رەگەزانەی كە لەناو دەقەكەدا ئەركی فیكرییان هەیە جیا بكاتەوە لەو رەگەزانەی ئەركی ستاتیكیان هەیە، هەروەها ئەو رەگەزانەی كە هیچ دەورێكیان لە دەقەكەدا نییە و تەنیا كاوێژو دووبارە كردنەوەو لاپەڕە رەشكردنەوەن.. هەروەها دەبێ رەخنەگر لە حوكمدا وردبێ و لە ڕەئیدا دروست بێ، نەیەت زوڵم لە دەقێك بكات لەبەر ئەوەی لەگەڵ نۆڕینی ئەودا بۆ دنیا، ناگونجێت، هەروەها نابێ بە تۆبزی ڕۆح بەبەر كارێكدا بكات كە بەهایەكی رۆشنبیریی ئەوتۆی تێدا نییە،

بەلام لەگەڵ نوێبونی ئەودا بۆ ژیان دەگونجێ.. یانی رەخنە دەبێت لە هەموو خاترانەو دەستەواییەك بەدەر بێت..

## دەسەلاتی پەیڤ

((1))

ڕەنگە زاراوەی رۆشنبیر بە ئاسانی پێناسە نەکرێ یان بەگوێرەی مەیدانە زۆرو زەبەندەکانی کاری رۆشنبیری پێناسەی جیاوازو جۆراوجۆر هەڵبگرێ. بەلام رەنگە بتوانرێ دەرهەق بەنیازو مەبەستی ئەم گوتارە، بگوترێ کە رۆشنبیر کەسێکە بەزەبری هزرو بیرو دیالۆگ و نووسین و هەڵوێستەکانییەوە بەرگری و بەرەڤانی لە بەها رۆشنبیرییەکان دەکات، ئیدی چ بەهاێن ناوچەیی و هەرێمایەتی بێ چ بەهاێن مرۆڤانی و نێودەوڵەتی بێ، هەڵبەتە دەشێت رۆشنبیر ئایدیالیست یا مەتریالیست بێ، شۆڕشگێڕ یا ریفۆرمیست بێ، ناسیونالیست یا ئەنتەرناسیونالیست بێ، لەیەك بواری رۆشنبیریدا کاربکات یا لەچەند مەیدانێکدا، خۆی بۆ کاری رۆشنبیری تەرخان کردبێ یا بەدەم ژیانەوەو ناوبەناو مومارەسەی بکات، دەشێت ئەدیب یا فەیلەسوف بێ، زانا یا رۆحانی بێ. بەهەرحاڵ هەر کێیەك بێ، یان واری کارەکەی هەرچییەك بێ، کاری ئەو ئەوەیە ڕای گشتی بە ئاراستەی داکۆکی لە حەقیقەت گووتن، یان ئازادییە مەدەنییەکان یا بەرژەوەندی نەتەوە یان ئایندەی مرۆڤایەتیدا گەلاڵە بکات و بخەملێنێ. ئەمە خەسڵەت و ئەرکی رۆشنبیرە، ئەمە سەرچاوەی مەشروعییەت و بەرپرسیاریەتی رۆشنبیرە، جا بەم پێیە رۆشنبیر دەکاتە دیوەکەی تری سیاسە توان و پرۆژەیەکە بۆنی ئەوەی لێدێ کە جێگەی سیاسەتوان بگرێتەوە. هەر بۆیەش ئاساییە دەسەلاتدارو رۆشنبیر ناتەباو لێکدی نەبان و دردۆنگ و هەندێ جار ناکۆك و دژیش بن. رۆشنبیر بەو حوکمەی کە دەسەلاتی پەیڤ یان نووسین بەکاردێنێ و لە واری

بەرهەمهێنانی رەمزو رەمزییەتدا کار دەکات، خۆی بە خاوەنی گوتاری تایبەتی دەزانێ و زۆرجار وەکو پێشەنگ رەفتار دەکات. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە عەوامی خەڵکەکە لە هەموو سیفەتێکی رۆشنبیری بەدەرن. نەخێر..چونکە رۆشنبیر بەمانا بەرینەکەی دەکاتە پیشەسازی و دروستکردنی ژیان، وشێوەیەکە لە شێوەکانی بەردەوامانـدن وگۆڕینـەوەی پەیوەندییە مرۆڤانییەکان کە بەم پێودانگە مرۆڤێك نامێنێ جۆرە رۆشنبیرییەکی نەبێ. بەڵام..

((2))

بەڵام ئێستا لە رۆژگارێکی هێندە ئاڵۆزو جەنجاڵ و تێکرژاودا دەژین گومان لە پایەو پەیامی رۆشنبیر دەکرێت. گومان لەوە دەکرێت کە دەنگی خەڵکانی بێدەنگ بێ، گومان لەوەدەکرێت بتوانێ نوێنەری ویژدانی جەماوەری خەڵك بێت. سارتەر لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دان بەوەدا دەنێت کە چیتر ماقول نییە رۆشنبیر لە جیاتی خەڵکانی دیکە بیر بکاتەوە.. بەڵام فۆکۆ شیوەن بۆ (رۆشنبیری جیهانی و کەونی) خودان حەقیقەت و نوێنەری خەڵك دەگێڕێت و پێی وایە ئەو سەردەمانە بەسەرچوو کە رۆشبیر حەقیقەت بەخەڵکی بڵێ، چونکە بەخۆیشی هەر هێندەی ئەوانی لێدەزانێ و لەوان زیاتری نازانێ، ئەمە جگە لەوەی کە بە تێگەییشتنی فۆکۆ حەقیقەت بەدەر لە ستراتیجیاتی دەسەڵات و میکانیزمەکانی کۆیلاندن و گەمە کردن و چاوبەستەکێ نەدەگووترێ و نەدەزانرێ.. ئا بەجۆرە رەونەقی رۆشنبیر هەم لەبەرچاوی خۆی و هەم لەبەرچاوی خەڵکی گۆڕا، ئەو متمانەیەی نەما کە بتوانێ ئەقڵ و ئاوەزان رۆشن و هۆشن بکات و کار لە ڕای گشتی بکات و ئاراستەی بکات و رابەرایەتی خەڵکی بەرەو شۆڕشگێڕاندنی کۆمەڵگەو گۆڕینی جیهان بکات.

ئا بەمجۆرە هەر ئەو رۆشنبیرەی کە جاران دەسەڵاتەکانی بەرەخنە دادەبێژت، خۆی بووە بە بابەتی رەخنەو پاش ئەوەی وەکو پێشەنگی هزرو دروستکەری ڕای گشتی تەمەشا دەکرا، لەبەرچاوی خەڵکی بوو بەپاسداری ڕژێم و نیگابانی بیرەکانی..

((3))

جا ڕۆشنبیری کورد، نەدەرفەتی بۆ رەخسا هەمان دەوری رۆشنبیرانی رۆژئاوایی وەکو ڤۆلتیرو رۆسۆ یان سارتەرو فۆکۆ ببینێ، واتە بەشداری دروستکردنی ڕای گشتی و داڕشتنەوەی هوشیاری کۆمەڵایەتی پێنەکرا،و نەتوانی ببێ بەدەسەڵاتێکی رەمزی کە ئیعتراف بەدەورو بایەخی بکرێ.. هەرگیز نەیتوانیوە پەیوەندییەکی کاریگەرو هاوسەنگ دەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا چێبکات، بەکورتی رۆشنبیری کورد نەیتوانیوە شەرعییەت بەبوونی خۆی بدات... هەر ئەمەش وایکردووە کە وەك پێویست دەوریان لە ئاراستەکردنی رووداوەکان و خەملاندنی بیرەکاندا نەبێ. بۆیە مێژووی رەفتارو هەڵسو کەوتیان دەگەڵ دۆزی خۆیان و گەلەکەیاندا، دەگەڵ واقیع و حەقیقەتەکاندا گەواهی لەسەر ناکامی و فەشەل و پەراوێزییەتی دەوریان دەدات. بەخۆیان سەلماندوویانە کە نازانن گەمەکە چۆن دەکرێت، هێز چۆن ڕۆدەنرێ، چۆن حەقیقەت



www.pertwk.com

بەرهەم دەهێنرێ و شەرعییەت چۆن بەرجەستە د ەکرێ. بۆیە بە ئەقڵیەتێکی نیمچە ئەفسانەیی دەوریان دیتووەو لەو کۆنگرەو بەیاننامانەدا بەرجەست بووە سەبارەت بە رووداوەکان بەستوویانە یان دەریانکردووە.

رۆشنبیری کورد تا ئێستاش خەتایەکان دەخاتە ئەستۆی واقیع نەک ئەستۆی بیرەکان یان شێوازەکانی تێگەییشتن یان چۆنییەتی مامەڵە کردن دەگەڵ حەقیقەتەکاندا..ڕ ۆشنبیران قوربانیانی بیر یا شێوازی بیرکردنەوەی خۆیانن ، هەڵبەتە لە دەرێی رەخنەدا شتێك نامێنێ ناوی بیرکردنەوە بێ، چونکە هەموو شتێك دەکەوێتە ناو چوارچێوەی کۆمەڵێك ئایدۆلۆجیای لە قاڵبدراو و ئیدی بەناوی حەقیقەت یان ئازادی یان لە سایەی دروشمی دیموکراسیدا رۆشنبیران، دیکتاتۆرییەتی هزری یا زەبرو زەنگی رەمزی خۆیان بەکاردێنن و هەوڵدەدەن رووداوەکان دەگەڵ گووتە نەزۆکەکانی خۆیاندا بسازێنن، واتە دەیانەوێ رووداوەکان لە قاڵبی گوتەو زاراوەکانی خۆیان بدەن و.. واتە رۆشنبیر هەنووکە وەکو پیرە حەرەسێکی دۆشداماوە بە دیار هەندێ زاراوەو بۆچوونی نەزۆکەوە کە دەرەقەتی مالیجەی رووداوە زندووەکان نایەت، خە تای ئەمەش لە خودی بیرکردنەوەی رۆشنبیردایە کە وای لێکردووە یا لە پەراوێزدا وەکو پیرەژنی دۆڕاو هەر پرتەو بۆڵەی ناواقیعی بێ، یان ببێ بە پەیڤداری دەسەلآتی سیاسی و بەهەق و نەهەق داکۆکی لە هەڵوێست و هەنگاوە باش و خراپەکانی (واتە هی دەسەلآتی سیاسی) بکات!!..

## دەق بەڵگەنامەیەكی هونەرییە

((1))

ئەگەر هەندێ بەوردی سەرنجی جیهانی ئەدەبیات بدەین ،بەتایبەتی دەقە ئەدەبییەكان، ئیدی لەدەقی فۆلكلۆری حیكایەت و ئەفسانەو خورافەوە بیگرە تا دەگاتە دەقی نووسراوی سەردەمی دەست پێكردنی نووسین و تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، دەبینین ئەو دەقانە ئەگەر زۆریش لێكدی نەچن و كاریگەرییان بەسەر یەكدییەوە كەمتر دیار بێ، ئەوا لایەنی لێكچوونیان زۆرە، ئیدی لەهەر كوێیەك ڕسكابێ، هەڵبەتە سەبارەت بەدەقی فۆلكلۆری كە زادەی قۆناغی منداڵییەتی كۆمەڵگەی بەشەرە، ئەو لێكچوونانەی لە نیوان دەقەكاندایە، دەگەڕێتەوە بۆ نزیكی ئاوات و خولیاو خۆزیاو خەون و ترس و نیگەرانییەكانی سەرلەبەری تیرەی بەشەرو هەوڵدانی مرۆڤە بۆ هونەراندنی خودی خۆی و واقیعەكەی، یانی دەق بەڵگەنامەیەكی هونەریانەی هەستەو ئەوەی تایبەتمەندی بە دەقی فۆلكلۆری هەر میللەت و نەتەوەیەك دەبەخشێت، شێوەو شێوازی بەرجەست كردنە هونەرییەكەیە..

بەلاّم سەبارەت بە قۆناغی پەیدابوونی نووسین و پاشان سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی، ئەوا ڕەنگە كاریگەرییەكە زۆر زەقتر و زیاتر بێ، چونكە ئەدیب دەخوێنێتەوە، زۆرجار پێ بحەسێت یا نەحەسێت، هەندێ خۆشاوی ڕۆحی ئەو دەقانە خۆیان دەبن پەردەكانی خوارەوەی هەستی نووسەر داوێن و لەوێندەر مت دەبن، جا ئەو متبوونە زۆرجار سەرهەڵدانەوەو بۆژانەوەی دەبێ، بەلاّم نەك دەقاودەق بەشێوازە ئەسڵییەكە، بەڵكو بە شێوازێكی نزیك لە شێوازە ئەسڵییەكە و

ئەمەش هەرگیز ناکاتە دزی ئەدەبی، چونکە لێکچوونی بابەت، مانای وانییە لێکدی وەرگیرابن، یان ئەگەر وەرگیراو شێوازێکی جیاوازی درایێ و نەفەسی داهێنەری دووەم بەتەواوەتی بەرجەستە بووبێ، هونەرییەتی خۆی وەرگرتبێ، ئەمە نیشانەی دانەبڕانی ئەدیبە لە کاروانی ئەفراندن ونزیکییەتی لە جیهانی کارلێکی ئەدەبییەوە..هەڵبەتە ئەم قسانە بەمانای هاندانی خوانەخواستە دزی ئەدەبی نییە، چونکە ملوانکەی دزێتی مەگەر بەشەوان لە مل بکرێ، خۆ لەم سەردەمەدا بەشەویش لەمل ناکرێ.. بەهەرحاڵ مەبەست ئەوەیە کە دەقی ڕەسەن لە پاشخانی جیهانی دەقی دنیا نایەتە دابڕان و ئەدیبێك کە لەپرۆسەی کارلێکە ئەدەبییەکە دابڕابێ، ئەمە نیشانەیەکی باش نییە، بەڵکو نیشانەی گۆشەگیرییە، لەکاتێکدا ئەدەب هەوڵی سڕینەوەی تەنیایی و بەردەواماندنی پەیوەندییە مرۆڤانییەکان دەدات.

((2))

ئەدەب ،بەتایبەتی بۆ میللەتی بندەست و چەوساوە، بمانەوێ و نەمانەوێ هەوڵدەدات و هەوڵێکی ڕەواشە ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتی و مێژووییانەی کە دەکەونە ژیانی میللەتەکەوە، پڕی بکاتەوە.. بۆیە لەکەش و هەواو هاماجی سەرکوتکاری و زەبرو زەنگدا، ئەوەی ئەدەب دەتوانێ بیڵێ وبەرجەستەی بکات و پیشانی بدات، ئەوا مێژووی ڕاستەقینە نایتوانێ و مێژووی ساختەو دەستکرد و بێ بنج و بناوان لەو سەروبەندەدا دروست دەبێ..مێژووی قورو قەپ، کەرو کوێرو لاڵ لەو جۆرە قۆناغانەی ژیاندا دروست دەکرێن. بۆیە کە دەگوترێ ئەدیبان ئاڵا هەڵگری میللەتن، مەبەست لەوەیە ئەگەر ئەدەبی گەورە هەبێ، ئەدیبی ڕاستگۆو بەتوانا هەبن، دەتوانرێ بکرێن بە بنەمای لێکۆڵینەوەی مێژووی ((ڕۆحی))ی میللەتی مەزلومو بندەست لە هەر قۆناغێکی ژیاندا، چونکە بۆشاییەکان پڕدەکاتەوەو بوونی ئەو جۆرە میللەتانەش لەو بۆشاییانەو لە جۆری پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەدا کەشف دەبێت.

((3))

سەربەخۆیی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ کورد،یەکێکە لە گرفتە هەرە گرنگ و بەرچاوەکان و هیچ نەبێ لەودیوی هزرو هەستی هەرکوردێکەوە سوێیەکەو لە نێوان سارێژبوون و کولانەوەدایە. هەڵبەتە ئەمە لە ئەدەبیاتشدا ڕەنگ دەداتەوە، بێگومان لە دەقە ئەدەبیەکانی ئێمەدا،بەتایبەتی لە دەقە شیعرییەکانماندا رەنگی داوەتەوە، بەڵام ڕەنگە گلەیی ئەوە بکرێ کە کەمتر هونەرییەتی گرتۆتە خۆ، ئەمەش وادەکات ئەو دەقانە بایەخی مێژووییان زیاتر بێ لە کاریگەریی هونەری!.. پێم وایە هەرکاتێ خەونی لە مێژینەی سەربەخۆیی هاتەدی هەنگێ دکارین پڕاو پڕی حەزی خۆمان گوزارشت لە خودی خۆمان، هەڵبەتە گوزارشتێکی هونەریانە بکەین. هەرکاتێ ئەمە هاتەدی ئەوا شەوی مێژووییمان روناك دەبێتەوەو ڕابردوومان ئاوێتەی ئێستامان دەبێت و... چیدی لە پەراوێزی ژیاندا وەپیر خۆکوژییەوە ناچین.

## دەق و یاساشکێنی

((1))

زۆرجار دەقێکی ئەدەبی یا کارێکی هونەری لە قۆناغێکدا رەواجێکی زۆر پەیدا دەکات، دیارە مەرج نییە هەردەقێکی رەواجدار دەقی چاك بێت.بەڵام دەقی چاك هەمیشەو بەزەبری هونەرییەتی خۆی ڕەواجدار دەبێت.

((2))

چیرۆك پتر مامەڵە دەگەڵ تەبع و تەبیعەتی مرۆڤانیدا دەکات، مامەڵە دەگەڵ هەستەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، بۆیە تا چیرۆکنووس شارەزایی لە تەبع و تەبیعەتی مرۆڤدا پتر بێ و زانیاری قوڵ و دەوڵەمەندی لەم بارەیەوە هەبێ کارەکەی زندووترو دووربوردتر دەبێت.

((3))

نووسەر بەتایبەتی چیرۆکنووس بۆ ئاسودەیی ویژدان و ڕەواندنەوەی نیگەرانی خۆی دەنووسێت، بۆیە دەبێ خاوەنی ڕوانین و جیهانبینییەکی مرۆڤانی روون و دیار بێ، تا بتوانێ بە ئەمانەتەوە روانین و جیهانبینی خۆی لەمەڕ مرۆڤ و دنیای دەوروبەری نەقڵ بکات.

((4))

نووسەر ئەگەر ئەزموونی خودی خۆیشی بکات بەکەرەستەی نووسینی چیرۆك و رۆمانەکانی، نابێ هەرگیز وەکو لایەنێکی هاوکێشە هونەرییەکە دەربکەوێت، نابێ ببێ بەلایەنێکی رووداوەکان، بەڵکو دەبێ تەنیا چاودێری رووداوەکان بکات و لە هەموو شوێنێکی



www.pertwk.com

دنیای چیرۆکەکەدا ئامادەیی هەبێ و لە هیچ شوێنێکیدا دیار نەبێت. دیارە هەندێ نووسەری زۆر گەورە هەن لەم یاساو ڕێسایە بەدەرن و بۆ خۆیان یاساشکێنی دەکەن کە ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرە زندوویەتی و نەمرییەك بە کارەکانیان دەبەخشێت.. نووسەر یا چیرۆك نووس نایەت ڕێگە بە خەڵکی نیشان بدات یان بەرنامەی کاریان بۆ دابنێ، بەڵکو فێری چۆنییەتی لەخۆ گەییشتنیان دەکات، هەڵبەتە ئەمە بەزەبری هونەرییەت دەکات.

چیرۆکنووس نابێ ببێ بە وەعزدادەری کۆمەڵایەتی و ئامۆژگای خەڵك ناکات کە چیبکەن و چینەکەن، بەڵکو تەنیا چاودێرێکە کامیرایەکی زۆر حەساسی لەناو هەموو هەستەکانیا شاردۆتەوەو زندووترین ساتە مرۆڤانییەکانی ناو بزاڤی ژیانی هونەرمەندانە پێدەگرێت و نیشانی دەدات، چونگە چیرۆك پتر نیشاندانە تا گووتن.

((5))

یەکێك لەسەرچاوە هەرەگرینگەکانی چیرۆکنووس، ئەزموون و خبرەیە. ئەمە بەڕادەیەك بۆ چیرۆکنووس پێویستە کە دەشێت بە ڕەسەنترین سەرچاوە بزانرێ و هەر شتێك کە خبرەی دەربارەی نەبێ نابێ خۆی لەقەرەی بدات، چونکە بەدڵنیاییەوە تووشی ناکامی دەبێت. هەڵبەتە مەبەست لە خبرەو ئەزموون تەنیا ئەزموون و تاقیکراوە شەخسییەکانی خۆی نییە، بەڵکو ئەوەی دربارەی کەسانی تریش دەیبیستێ و دەیبینێ ودەیخوێنێتەوە هەر دەکاتە خبرەو دەبێ بە موڵکی چیرۆکنووس و بۆی هەیە و دەتوانێ ئەوپەڕی سوودی لێوەربگرێ.

((6))

ئاڵۆزی و غموز یەکێکە لە سیماکانی ژیانی مرۆڤ و بگرە ڕەگەزێکی ڕەسەن و گەوهەری ژیانی مرۆڤە، واتا هەرمرۆڤێك بگری، بەتایبەتی لەم سەردەمە جەنجاڵەدا، کۆمەڵێك ئاڵۆزکاوی خۆی هەیە، ئەمە جگە لەمەرگ، کە ڕەنگە یەکێك بێ لەو فاکتەرە ئاڵۆزانەی کە خودی مرۆڤ و تەبع و تەبیعەتی ئاڵۆز بکات، لە چیرۆکدا چیرۆکنووس نایەت ڕای خۆی لەمەڕ ژیان و مەرگ دەربڕێت، بەڵکو ئەو شتە تۆمار دەکات کە خۆی بەچاو و هەستی هونەرمەندانە دەیبینێ، ئەم حاڵە ئاڵۆزە، کە لەبنەڕەتدا تەموومژی داهێنانە و پێویستە هەبێ، لە هەموو دەقێکی زندوودا ڕەنگدەداتەوە.

((7))

سەرەتاو دەستپێکی چاك بەئاسانی خوێنەر بەگەڵ خۆی دەخات و بەرەو ناوجەرگەی ڕووداوەکانی دەبات، بەرەو قوڵایی دەقەکەی دەبات و ئیدی لەوێندەرەوە بەپێی ئاستی فامیدەیی و سەلیقە و ڕادەی تێگەییشتنی خۆی، مەبەست و ڕەمزو هێماکانی دەق کەشف دەکات و پێوەندی لە نێوان چیرۆکنووس و دەقدا نامێنێ و یان نووسەر دەچێتە خانەی نەبووانەوەو لەبری ئەوە پەیوەندی لە نێوان خوێنەرو دەقدا چێدەبێت.

((8))

قارەمان کۆڵەکەیەکی زۆر گرنگی چیرۆکە، بۆیە دەبێ زۆر زندوو بێت، واتا دەبێ پەیوەندییەکی زندووی پڕژیانی لەگەڵ هەموو شتەکانی تری ناو دنیای چیرۆکەکەدا هەبێ،



www.pertwk.com

سەربەخۆیی خۆی هەبێت و نەبێ بە بلّندگۆی بیرو بۆچوونی سیاسی چیرۆکنووس، بەلّکو دەبێ بوون و ئامادەبوونێکی بەشەری ئەوەندە زندووی هەبێ کە ژیانی لێوەهەلّبقولّێ.

((9))

هەرچەندە کەرەستە و بابەتە ئەدەبییەکان مولّکی باوو حەلاّلّی هەموو کەسێکن، بەلاّم عیبرەت لەوەدایە کە هەر نووسەرێك ڕێبازی تایبەتی نووسینی خۆی هەبێ و نەفەس خۆی بەبەر ئەو دەقەدا بکات کە دایدەهێنێ، ڕاستە نووسەری گەورەی ئەوتۆ لە دنیادا هەن و هەرچی بکەی ناتوانیت لە کاریگەرییان دەربچیت و یاخی ببی، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشا نابێ لاسایی مووبەموو بکرێنەوە، چونکە وێڕای دووربوردی و ئایندە ڕوانیان، هەر ڕۆلّەی سەردەمی خۆیانن، بۆیە هەر بەهەمان پێوانە، هەر نەوەیەك ڕۆلّەی سەردەمی خۆیەتی و نابێ خۆی بە یەك فۆرم و شێوەوە ببەستێتەوەو دەبێ دەقخولّقێن بێ. دیارە دەق خۆی لە خۆیدا شۆڕشە، شکاندنی شێوەو قالّبەکانە.

((10))

چیرۆکنووس نابێ لەکاتی نووسیندا، جەماوەری خوێنەر لە هزری خۆیدا بەرجەستە بکات و لێی بترسێت، هەر لەم پێودانەگەوە نابێت سلّ لە بەکارهێنانی ئالّۆزترین ووشە و دەستەواژەو ڕستە بکاتەوە، دەبێ سەیرترین ووشە بەکاربێنێ ئەگەر گوزارشت لەو مەبەستە بکات کە نووسەر گەرەکییەتی هونەرمەندانە نیشانی بدات، بەکورتی دەقی چاك ئەگەر پڕاوپڕ بێت لە ووشەو دەستەواژەی غەریب و ئالّۆزو ناباویش، مادامێکی نووسەر دەزانێت ئەو وشەو دەستەواژانە چ دەگەیەنن، ئەوا جەماوەری خوێنەریش تێی دەگەن. بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە کە چیرۆکنووس کەشفکردنی شەخسی لە خوێنەر بشێوێنێ و ڕوانینی خۆی بەسەردا بسەپێنێ، بەهەرحالّ وێڕای ئەو قسانەش، باوەڕناکەم هیچ جۆرە یاساو ڕێسایەك هەبێ بۆ نووسینی ئیبداعی، چونکە ئەفراندن لە بنەڕەتدا بریتیە لە شۆڕش و یاخی بوون لە هەر دەستورو ڕێسایەك، هەرنووسەرە دەتوانێ بەدەر لە سوود وەرگرتن لە تەجروبەو نووسینی کەسانی بەرلەخۆی و کەسانی سەردەمی خۆی، یاساو دەستوری تایبەت بەخۆی دابهێنێ وکاری پێبکات، چونکە تاقە یاسایەکی نەگۆڕ لە بواریئەفراندندا تەنیا ئەوەیە کە هیچ ڕێسایەك نییەو، دەستورو یاسای تایبەتی لەگەلّ لەدایکبوونی هەردەقێکی تایبەتیدا لە دایك دەبێت و ئاوێتەی یەکدی دەبن.

## ڕۆژنامەوانی و دکتاتۆرسازی

دیموکراتیەتی سیاسی بەبێ دیموکاتییەتی کۆمەڵایەتی نابێ، دیموکراتییەتی کۆمەڵایەتی بەبێ دیموکراتیەتی نێونەتەوەیی نابێ، واتە ئەم چەمك و هاوکێشانە لە کارلێکی تەواودان، هەم یەکتر دەخەملێنن و هەم لە کاتی سەنگەلابوونی پەیوەندییەکاندا یەکدی لەناو دەبەن, جا لەم پێودانگەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان دەسەلآت و ڕۆژنامەوانی یا ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە گشت قۆناغەکانداو لە هەموو دنیادا هەر قورس و ئاڵۆز و تێکرژاو بووە . خۆ لەجیهانی سێیەمدا ئەم پەیوەندییە گەلەك ئاڵۆزترە، بەتایبەتی کە دەسەلآتداران یەجگار تینووی دەسەلآترانین و دەسەلآتیان تەنیا لەپێناوی دەسەلآتا دەوێ و.. ئەگەر نەتوانن خەلکی بەقسە بێننە سەربار ، ئەوا چەك ئەرکی ملکەچاندنیان لە ئەستۆ دەگرێت، هەڵبەتەئەمە لە کەشو هەوای ئاوهادا ئاساییە، چونکە کەسێك نەتوانێ لەرێگەی ئەقڵ و ئاوەزەوە ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکیدا چارەسەر بکات، پەنا وەبەرزەبروزەنگ دەبات، دیارە ئەگەر ئەمە لە ئاستێکی بەرینتردا، لە ئاستی گەلان و ولآتاندا پیادە بکرێ ئەوا جەنگی لێدەکەوێتەوە کە لوتکەی کارەساتە مرۆڤانییەکانە. ئاساییە کاتێ کۆمەڵگەیەك نەتوانێ بە ئەقڵ و زمان کێشەکانی لە گەڵ کۆمەڵگاکانی دیدا بەرێوەبەرێ، پەنا وەبەر هێز دەبات و بەلای دیالۆگدا ناچێت، کە شارستانیترین رێگەیە بۆ چارەسەری هەر کێشەیەك .. کۆمەڵگەی بەشەری بە رۆژو دوو رۆژ نەگەییوەتە ئەم ئاستەی ئەمرۆ، دەسکەوتە بەشەرییەکان بەرەنجامی خەباتی ملیۆنان ساڵ و رۆژگارانە و نابێ بە ئاسانی بخرێتە قومارەوە، جا ئەگەر لە ولآتانداو لە زۆر قۆناغی مێژوودا شۆرش، رۆڵەکانی خۆی خواردبێ، و شۆرشگێران بووبن بە سووتەمەنی ئاگری شۆرش، ئەوا لە جیهانی سێیەمداو لەرۆژگارانی نزیکدا ، بە پێچەوانەوە رۆڵەکان شۆرشین بە پەرو باڵەوە و

بەرۆژی روناکو بە بەرچاوی دۆست و دژمنەوە ،خواردووەو دەخۆن و منەتی دنیاش بەسەر خەڵکیدا دەکەن و کەناڵەکانی راگەیاندنان بۆ خۆ قۆرخ کردووەو بەلێشاو زانیاری و هەواڵی نادروست و نیوەچڵ و شێواو بۆ جەماوەری خەڵك هەڵدەرێژن و بەمەش سەرلەبری دەزگای هزرین و بیرکردنەوەی جەماوەری خەڵك وێران دەکەن و لە مرۆڤایەتیان دەخەن.. ئەوەیان بیر دەبەنەو کە تاقە رێگەی شارستانیانەی چارەسەری هەرکێشەیەك تەنیا دیالۆگە. هەڵبەتە دیالۆگ ئەو مەلا بەزێنیە باوەی رۆژهەلات نییە. لە دیالۆگی راستەقینەدا سەرکەوتوو و بەزیو نییە، دیالۆگ لە هەموو زەمینەکانی ژیاندا، بەتایبەتی لە زەمینەی سیاسیدا، بۆ ئەوەیە بزانیت کە بەرانبەرەکەت چۆن بیر دەکاتەوە،واتە دەبێ لە رێگەی دیالۆگەوە هەوڵ بدەیت هزرینی بەرانبەرەکت بخوێنیتەوە، وەکو چۆن ئەویش دەبێ هەمان شت لەگەڵ تۆدا بکات. بێگومان یەکدی خوێندنەوە زەمینە بۆ لێکدی حاڵیبوون دەسازێنێ و خۆش دەکات، کە ئەم زەمینەیە خۆش بو ئیدی ئیدارەدان و بەرێوەبردنی ناکۆکی و ململانێ و کێشەکان بە ئەقڵ دەسپێردرێ و ئەقڵگەرایی دەبێ بە باو و هەنگێ ئەگەری پەنابردنە بەر زەبرو زەنگ و توندوو تیژی و کەلتووی قین یا نامێنێ یا زۆر کەم دەبێتەوە بەمەش کای کۆن ئەوەندە بە با ناکرێتەوەو پتر بایەخ بە ئایندە دەدرێ و کار بۆ ئایندە دەکرێ و کەلتووری مسامەحەکاری و لێبوردەیی ریشاژۆ دەبێ... بێگومان رۆژنامەوانی و راگەیاندن دەوری گرنگ لەم بوارانەدا دەبینن..

((2))

..زۆربە پسپۆران و شارەزایان پێیان وایەرۆژنامەوانی دەبێ موڵکی خەڵکی مەدەنی بێت و، موڵکی دەوڵەت نەبێ، دیارە لای ئێمە کەمەخابن دەوڵەتمان نییە، کە ئەمە بۆخۆی کارەساتە، حیزبەکان رۆژنامەوانی دەکەن بە چەکێکێك بۆ چاو بەستەکێ لە جەماوەری خەڵك،و راستییەکان، بەتایبەتی ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان نەبێ، هەرگیز بە خەڵکی ناڵێن،و بەشێواوی و نیوە چڵی بڵاویدەکەنەوەو بۆ بانگەشەی نادروستی حیزبی بەکاری دێنن، هەڵبەتە بەمەش سەرلەبری دەزگای هزرین و بیرکردنەوەی خەڵکی دەشێوێ و وێران دەبێ و بەرەبەرە لە مرۆڤایەتی دەکەون و دەبن بە مێگەلی گوێرایەڵ و ملکەچ و دکتاتۆرسان... بۆیە ناوەندەکانی راگەیاندن لایەنن لە گەمەی دەسەڵاترانی و چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتدا، دیارە هیچ دەسەڵاتێك بە حوکمی تەبیعەتی خۆی ناتوانێ شۆرشگێر بێ.. جا بۆ دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات، پێویستە بە زووترین کات دامو دەزگاکانی راگەیاندن بە خەڵکی مەدەنی بسپێردرێن و دەسەڵات بە رێژەیەکی دیاری کراو شەریك بێ لە موڵکایەتی ئەو دەزگایانەدا، چونکە ئەوەتا بەئاشکرا دیارە کە لەبری ئەوەی رۆژنامەوانی سانسۆر بێ بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەوەو هەڵەکانیان راست بکاتەوەو پەڵەکانیان پاك بکاتەوە، بە پێچەوانەوە دەسەڵات بووە بە سانسۆر بە سەر رۆژنامەوانی و راگەیاندنەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دورخستنەوەی جەماوەری خەڵکە لەوەی ببێ بە شەریکی دوستکردنی قەرار...

زۆر جارحیزب، مادامێکی خاوەنی دەزگای راگەیاندنە بە پێی یاسا، کە لەبنەرەتدا بە گوێرەی بەرژەوەندی ئەو دارێژراوە، دەست دەخاتە کارو بارەکانی دەزگاوەوبە ئارەزووی خۆی و



www.pertwk.com

بە پێی بەرژەوەندییە حیزبییکان ئاراستەی دەکات، ئەمە لە کاتێکایە هەموو دەزانین هەر کەناڵێکی رۆژنامەوانی و راگەیاندن کە رێزی خۆی بگرێ، لەسەرێتی بێلایەنانە هەواڵەکانی جیهان بتە روو،و بایەخ بە هەواڵەکانی وڵاتی خۆیشی بدات، واتە کادری بواری راگەیاندن پەیوەندی دەکات و مقابەلە دەکات، جا ئەگەر بیەوێ گوێی لێبگیرێ دەبێ ئەویش قسە بکات. ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو نەفەسێکی شارستانیانەی کراوەی دەوێ جا بەدەس هێنانی زانیاری و هەواڵن بەوە نابێ سەرچاوەی زانیاری و هەواڵەکان بەتۆبزی بێنێتە جەواب، بەڵکو ئەمە تەنیا بە دیالۆگ دێتە دی کە پرۆسەیەکی شارستانی هەمە پەسندە..

رۆژنامەوانی و راگەیاندن بەگشتی لە هەر وڵاتێکدا بەشێکە لە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەو لێی جیا نابێتەوە، رۆژنامەش بۆ ئەوە دەرناچێت کە گوزارشت لە راو ئارەزووی خودی ستاف و نووسەرەکانی بکات، بەڵکو بۆ ئەوە دەردەچێت کە گوزارشت لە راو بەرژەوەندی بەرینترین و گەورەترین هێزو توێژی کۆمەڵایەتی بکات، واتە دەبێ زادەی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەکان بێ و شەرعیەتی خۆی لە پێداویستییەکانی قۆناغی خۆیەوە وەربگرێ و ئازادانە گوزارشت لەو راو بەرژەوەندییانە بکات کە نوێنەرایەتیان دەکات هەمیشە فرە دەنگی رەچاو بکات، فرە دەنگی زادەی فرە هێزی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیە. دیارە فرە هێزی و فرە لایەنی بە گوێرەی قۆناغی پەرەسەندنی ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و ئەو هاوکێشەو هاوئاهەنگییانەی لێی دەکەوێتەوە، زەمینە بۆ فرەدەنگی دەرەخسێنێ کە گوزارشت لە فرە هێزی بکات .. هەر ئەم فرە هێزی کۆمەڵایەتییە ئەو هاوسەنگییەی دروستی دەکات ، زەمینە بۆ فرە دەسەڵاتی خۆش دەکات و بەناچاری دەبێ پابەندی یاسا بن و یاسا هێڵی پەیوەندییەکانیان و بەرژەوەندییەکانیان دیاری بکات..دیارە ئەم جۆرە فرە لایەنییە زەمینە بۆ دروستبوونی حیزب و پەرلەمان و حکومەتی زۆرینە خۆشدەکات.. بۆیە لە غیابی رۆژنامەوانییەکی بە هێزو یاسایەکی سەروەردا ژیانی سیاسی لە گرێژەنە دەردەچێت و لە چوارچێوەی تاك دەسەڵاتیدا قەتیس دەمێنێ، کە دەگەڵ تەبع وتەبیعەتی هەمەجۆرخوازی مرۆڤدا ناگونجێ.. هەڵبەتە رۆژنامەوانی هاوچەرخ، لە پاڵ ئەوەدا کە سەرچاوەی هەواڵ و راو بۆچوونان و رۆشنبیرییە ، پیشەسازییەکی گەلەك گەورەو ئاڵۆزیشە، رۆژنامەوانی لە هەر وڵاتێکا لە چوارچێوەی بزاڤی کۆمەڵ و قۆناغەکانی پەرەسەندندا مومارەسەی خۆی دەکات و ئەمەش جۆرە تایبەتمەندییەکی پێدەبەخشێت، هەڵبەتە ئازادی رۆژنامەوانی لەوەدایە کە بەشداری موناقەشەی چۆنیەتی دروستکردنی قەرار بکات و لە ئەنجامەکانی قەرار بەرپرسیار بێ..

(( 3))

رۆژنامەوانی ئازاد لەسەرێتی رۆڵەکانی میللەت فێری زمانی ئازادی بکات، فێریان بکات چۆن بەرگری لە خۆ بکەن، و ئازادانە بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤانی مرۆڤ بکەن.. چونکە هەرکاتێ رۆڵەکانی میللەت، بەتایبەتی هزرڤانان ورۆشنبیران و ئەهلی قەڵەم لە هەر قۆناغێکدا پشتیان کردە پەیامی خۆیان و ترسان ئیدی قۆناغە تاریکەکان دەست پێدەکات ، چونکە قەڵەمەکان پشت

دەکەنە هەر زوڵمو زۆرێك کە دەکریێ، وبەمجۆرە بەشداری لەدروستکردنی دکتاتۆراندا دەکەن و هەر کەسەولە خەمی کلاّوی سەری خۆی دا دەبیێ.. رۆژنامەوان دەتوانیێ خۆی لە رووداوەکان دوور بگریێ وبە نووسین هەڵوێستی خۆی لەمەر بویەرەکان دیاری بکات و لەو رێگەیەوە بەشداری لە خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆی بکات و بەشێوەیەکی کاریگەر دەور لە خولّقاندن و پێکهاتەی بیرو بزوتنەوەی گەل و ولاّتی خۆیدا بکات,, لە کۆتایی دا جێی خۆیەتی ئەوە دووپات بکەینەوە کە رۆژنامەوانی لە هەر ولاّتێکا بەشێکە لە ژیانی سیاسی ئەو ولاّتەو لێی جیا نابێتەوە، واقیعی کوردستانی ئازیز ئەوەمان پێدەڵێت: لە کوردستاندا ئازادی رۆژنامەوانی هەیە ، بەلاّم رۆژنامەوانیی ئازاد نییە...

---

تێبینی: بۆ زانیاری پتر بروانە کتێبی( راگەیاندن لە نێوان حەقیقەتبێژی و عەوام خەڵەتێنیدا)... حەمەکەریم عارف 2005

## هونەرو کەڵکەڵەی نەمری

((1))

مرۆڤ کە خۆی ناسیوەو فامی کردووەتەوە، وێڵ و سەرگەردان خۆی لە نێوان دوو قەدەرو چارەنووسدا بینیوەتەوە کە دەسەڵاتی بەسەر هیچیاندا نەشکاوەو دەستی لە هەڵبژاردنی هیچیاندا نەبووە: چارەنوسێك کە لەدایك دەبێت و چارەنووسێك کە دەمرێت. هەربۆیەش هەوڵیداوە چارەنووسێك بۆخۆی بخوڵقێنێ کە لەسەرووی ئەو دوو چارەنووسەوە بێت، ئەو هەوڵەش خۆهەڵواسین بووە بە نەمریی و جاویدانییەوە، نەمری و جاویدانییەك کە ژیانی هەمیشەیی بۆ مسۆگەر بکات. جا ئەدەبیات، هونەرو زانست بەهەموو لق و پۆپەکانییەوە، هەوڵی هەرە سەرەکی تیرەی بەشەر بووە، بۆ ئەوەی خۆی نەمربکات، واتە بەرزکردنەوەی ژیانی فانی ورەوتەنی بۆ ژیانی نەمری و هەمیشەیی.. ڕەنگە بەهەشت و خەون بینین بە بەهەشتەوە یەکێك لە نیشانەکانی ئەم هەوڵە بووبێ. ترس لەمەرگ ومردن، لە کۆنەوە مرۆڤی هانداوەو تا ئێستاش هانیدەدات بۆ گەڕان بەدووی شتێکدا کە لەمردن بیپارێزێت، بۆ وەدەستهێنانی ئەوزارێك کە دژایەتی وتەحەدای مەرگی پێبکات. دیارە گەڕان بەدوای نەمری و جاویدانیدا خۆی لە خۆیدا هەوڵدانە بۆ ئەوەی ببین بە بونەوەرانی لەمەرگ بەدەر، واتە بکەوینە سەرووی مردن و نەمان و فەوتانەوە. بۆیە داهێنان و نووسین یەکێك بووە لەو هەولانەی کە بۆ وەدەستهێنانی نەمریی دراوە، لەنووسیندا هەوڵدەدرێت مرۆڤ ودنیا وەکو بوونەوەری مەعنەوی، بخرێتە سەربالّی وشەو بەرجەستەو نەمر بکرێت، چونکە لەبەرەبەیانی مێژووەوە عەودالّی بەدەستهێنانی نەمری و مان و هەرمان بووە، جا مرۆڤ پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە هەوێنی مردنی لە خودی خۆیدا هەڵگرتووەو مەرگی وەکو ئەزمونێکی هەرە تایبەتی لە کەسانی دیکەدا دیتووە، ئەوجاش هەر دەسبەرداری بیرۆکەی نەمریی نەبووەو زۆرجار ژیانی بە قۆناغێکی رەوتەنی، بۆ دنیای نەمریی و هەرمان، داناوە.



www.pertwk.com

((2))

که لەبەشەر وردبیتەوە، دەبینی وەکو کەسێك لە بەهەشتێك وەدەرنرابێ، هەرچاوی لەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهەشتە و کەمتر لەم سەرزەمینە مادییە دەهێورێ ودەحەوێتەوەو مەیل دادەنێت و سوکنایی ڕۆحی دێت..بۆیە نەمری وەکو کەڵکەڵەیەکی بەشەری خۆی لە خۆیدا وەکو کرۆك و ناوەرۆك و جەوهەر، دەکاتە ڕەفزکردنی مەرگ و نەمان، دیارە ئەم کەڵکەڵەیە لەلای هەموو تیرەی بەشەر هەیە، ڕەنگە تاقە جیاوازی لەشێوەی دەرکەوتن و شێوازی دەربڕیندا بێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جیاوازییەکی ئاشکرا لە کەلتوری گەلاندا دەربارەی مەرگ هەیە، چونکە هەر کەلتورێك بگری، ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی مێژوویەکە، ئەو مێژووەش گوزارشت لەو ژیانە دەکات کە لەژینگەو دەوروبەردا بەسەر براوە، گوزارشت لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکاندا دەکات، گوزارشت لە چۆنییەتی مامەڵە کردن لەگەڵ غەیبیاتدا دەکات. واتە هەر گەل ونەتەوەیەك، هەرتاقم ودەستەبەشەرێك، وێنای مێژوویی خۆیان لەمەڕ دنیاو مەرگ وپەسلان هەبووەو هەیە. ئاینە ئاسمانی و زەمینییەکانیش لەمە بەدەر نەبوونە وجا لێرەدا دەکرێت وێناو تەسەوری مەرگ بە هەڵوێست یان جۆرە هەڵویستگیرییەك لەمەڕ مەرگ بژمێردرێت. تەمەنی کورتی مرۆڤ وای خواستووە کە ئەو تەسەورەی لادروستبێت کە پاش مەرگ قۆناغێکی دیکەی ژیان هەیەو بوونی زەرورییە، ژیانێك ئارام وئاسودەو هەتاهەتایی، واتە ترس لە چارەنووسی تراجیدیانەی ژیانی مرۆڤی سەرەتا، فاکتەرێکی گرنگ و کارابووە لە خوڵقاندنی جیهانێکی بێترس،بەدەر لەهەر جۆرە ترس و نیگەرانی و دڵەراوکێیەك، بۆیە مرۆڤ پاش تەمەنێکی کورت کە هێشتا لە گڕوگاڵدایە، هێشتا زمانی چۆنییەتی مامەڵە کردن دەگەڵ ژیاندا بەتەواوی فێرنەبووەو لەپڕ مەرگ دەیرفێنێ، بۆیە ئەوەی لەم دنیا فریای نەکەوتووەو ناکەوێ، بەو دنیای دەسپێرێت، کە دنیایەکە نە مردنی تێدایە، نەترس و نە زوڵم و نەبێدادی تێدایە.

((3))

گەر مەرگ حەقیقەتێکی سروشتی بێ و کەس لێی نەخەلەسێت، ئەوا ئەم حەقیقەتە سروشتییە هەرگیز لە هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەر بە مەرگ نایەتە دابڕین.. ئەم هەڵوێستە دەگۆڕێت بۆ چەمکێکی ڕۆشنبیری و فەلسەفی ودەلالەت لەوە دەکات کە گاڤێ مرۆڤ دەمرێت، بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە زندووببێتەوەو نەمریی بەدەسبێنێ، بۆیە مەسەلەی بەهەشت وەکو وێنایەك دەلالەتێکە بۆ هەڵوێستی مرۆڤ لەمەڕ مەرگ.. بۆیە جێی خۆیەتی لێرەدائەوە دووپات بکەینەوە کە ئەدەبیات، هونەرو زانست بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە، هەوڵی هەرە سەرەکی تیرەی بەشەر بووە بۆ ئەوەی خۆی خۆی نەمر بکات، واتە ژیانی فانی و ڕەوتەنی بەرزبکاتەوە بۆ ژیانی نەمریی و هەمیشەیی، ڕەنگە بەهەشت و خەودیتن بە بەهەشتەوە، یەکێك لە نیشانەکانی ئەم هەوڵە بووبێ.

## هەڵوەستەیەکی ئەدەبی

((1))

زمان لەناو دەقی ئەدەبیدا، یان دەقی ئەدەبی لە چوارچێوەی زماندا، بەجۆرێ ئاوێتەی یەکدی دەبن و لەبۆتەی یەکدیدا قاڵدەبنەوەو گەشە دەکەن و لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بەرجەستە دەبن مەگەر هەر زاراوەی دەق پڕ بەپێستی بێت. جا بۆگەییشتن بەو ئاستە هونەرییە باڵایە، واتە لە پرۆسەی بەدەقبووندا، دەق نەك هەرخۆی بەڵکو زمانیش لەگەڵ خۆیدا بەرهەمدێنێ. دیارە ئەم حاڵەتە بۆ رۆمان و لە دنیای رۆماندا یەجگار فراوانترو بەرینتر دەبێتەوە. جا ئەو رۆماننووسە کوردنەژادانەی کە بەزمانی غەیرە کوردی دەنووسن، دیارە لە بنچینەدا خەڵکانێکی بەهرەمەندن، بەهرەش کە تافی هات ئیدی خۆی پێناگیرێت و دەبێت خۆی بنوێنێ، ئەگەرچی هەندێ لەو رۆماننووسانە رەمزی مەزڵومییەتی نەتەوەیین و کۆنەپەرستیەتی سیاسی و ڕەگەزپەرستی نەژادی زمانی زکماکی خۆیانی لێحەرام کردوون، بەڵام بەهرەدارن و کە بەهرەیان سەریکرد ناچار دەبن بە زمانی داگیرکەر، کە بەتۆبزی فێری کراون و بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەو بەهرەیەیان بهونەرێنن و وەکو زمان خزمەت بەداگیرکەری خۆیان بکەن..– هەڵبەتە ئەم بابەتە گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێت– زۆر جاریش بۆ سەلماندنی تواناو بەهرەی خۆیان، هەندێك لە کەلەپوری کەلتووری نەتەوەیی خۆیان دەرێژنە ناو دەقەکەوەو بەمەش هەڤرکیی رۆڵەکانی نەتەوەی سەردەست دەکەن، دیارە بەمەش بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە پاژێك لە کەلتوری خۆیان دەخەنە سەردەفری هونەرو پێشکەش بە داگیرکەری خۆیانی دەکەن و.. بەرەبەرە ئاوێتەی کەلتووری عەرەبی و فارسی و تورکی دەبێت و بەئاسانی بۆمان وەرناگیرێتەوە،



www.pertwk.com

وەکو هەموو ئەو ئاوازە کوردییە رەسەنانەی کە هونەرمەندێکی وەکو ئیبراهیم تاتلیسان، ئارەزوومەندانە پیشکەش بە دنیای گۆرانی و ئاوازی تورکی کردووە. هەڵبەتە زمان و کەلتوری کوردی لەلایەن داگیرکەرانی کوردەوە مامەڵەیەکی سیاسی کۆنەپەرستانەی لەگەڵدا کراوە، بۆیە بوژاندنەوەوبەکارهێنانی ئەم زمانە بووە بەلایەنێکی گرنگی ئەرکی خەباتی رۆڵەکانی کورد،وهونەراندنی زمانی کوردی لەلایەن رۆڵەکانییەوە شێوازێکی هەرەپەسەندی خەبتینە لە پێناوی ئازادیدا،کە خەڵکی کۆیلە ڕەنگە لەباری مەبدەئی ئەخلاقییەوە بەمرۆڤ حەساو نەکرێت!

((2))

.. جا بەندە پێموایە چەند رۆمانی نامۆی ئەلبێرکامۆی ئەدیبی فەرەنسی بە بەشێك لە کەلەپوری ئەدەبی عەرەبی دەژمێردرێ، دەقی ئەو رۆماننووسە کوردانەش بەزمانانی تورکی و عەرەبی و فارسی، هەر ئەوەندە بە ئەدەبی کوردی حەساو دەکرێت..بۆ نموونە ئەگەر منی کورد بمەوێ قاموسێك بە زمانی کوردی دابنەم، هەرگیز ناتوانم پشت بەرۆمانە عەرەبی زمانەکانی سەلیم بەرەکاتی کورد یان رۆمانە تورکییەکانی یەشار کەمال ببەستم. بەڵام عەرەب و تورك بێ چەندوچوون دەتوانن ئەمە بکەن.

بەندە وێڕای رێزم بۆ ئەو کوردانەی چ وەکو خەڵکانی مەزڵومی مەحرومکراو لە زمانی زکماکی خۆیان و چ وەکو بەهرەمەندانێك کە ناچارن تواناو بەهرەی خۆیان بنوێنن و بۆ ئەمەش تەنیا زمانی داگیرکەری خۆیان شك دەبەن.. بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتەش بگوترێ کە وەکو چۆن داگیرکەرانی کورد مامەڵەیەکی سیاسی رەگەزپەرستانەیان لەگەڵ زمانی کوردیدا کردووە، زمانی کوردیش بۆ کورد نیشتمانێکی مەعنەوییەو لە پاڵ بایەخە رۆشنبیریی و هونەری و ئەدەبییەکەیدا بایەخێکی سیاسی گەورەی هەبووەو هەیەو تا ئێستاش ئامرازێکی گرینگی داکۆکییە لە بوونی نەتەوەیی و سیاسی و تەنانەت کۆمەلآیەتیشمان...بۆیە کاری ئەو رۆماننووسە کوردانە، وەکو هونەر موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە بە کوردیشەوە، بەڵام وەکو زمان خزمەتی زمانی بێگانەیەو خەسارەتێکی گەورەیە بۆ زمانی کوردی، لاشموایە هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە..

## هەرتازەیەکی ئەمڕۆ کۆنەی سبەینێیە

((1))

مەسەلەی کەلەپورو خوێندنەوەو هەڵوێست وەرگرتن لەمەڕ کەلەپورو پاشان بەکارهێنانی یان موتوربەکردنی بە ئێستا یەکێکە لەو بابەتانەی زۆر جار لەهەردوو ئاستی هونەری و ئاستی کۆمەڵایەتی و شارستانیدا رووبەرووی بیرو بیرکردنەوەی مرۆڤ بووەتەوەو مشتومڕی لە نێوان لایەنگرانی توندڕەوی کەلەپورو کەلەپورپەرستان و نەیاران و رەفزکارانی کەلەپور ناوەتەوە. دیارە ئەمەش بۆخۆی وەکو بابەت دەهێنێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای لەمەڕ بێتە دەربڕین. دیارە کەلەپور تەنیا کەڵەکەی ڕابردوو نییە، پتر خوێندنەوەمانە بۆی، هەڵوێستمانە دەربارەی موتوربەکردنی بە ئێستا، بۆیە دەبێت بەر لەهەر شتێك بتوانین(واقیعی کەلەپور) بدینین و بخوێنینەوەو لە زەمەنی خۆی دەریبێنین و ئێستامانی پێ دەوڵەمەند بکەین و...بۆیە رەفزکردنی کەلەپور بەشێوەیەکی موتڵەق، کارێکی منداڵانەیە و بگرە کۆنەپەرستانەیە، کەلەپور بتێکی پیرۆز نییە، بەڵکو زادەیەکی مێژووییە و وەڵامدانەوەی پرسیارە زۆرو زەبەندەکانی سەردەمی خۆیەتی و ئێمە دەبێ زاتی موناقەشەکردنی کەلەپورمان هەبێت نەك بێ چەندو چون تەسلیمی ببین. چونکە ئەگەر رابردوو نەبێ ئێستا چ ناسنامەیەکی نابێ، بۆیە ڕەگی ئێستا لە ڕابردوودایە و لەوێندەرەوە خواردن وەردەگرێت و بالاْ دەکات و لق و پۆپ بەرەو ئایندە دەهاوێت.. هەڵبەتە کەلەپور لە کرۆك و جەوهەریدا کۆمەڵە شتێکی سەلماو نییە، بەڵکو



www.pertwk.com

کۆمەڵە وەڵامێکی کۆمەڵە پرسیارێکە کە لە قۆناغ و سەردەمی خۆیەوە هەڵقولاوە، دیارە هەرقۆناغێك وەکو چۆن پێداویستی خۆی هەیە، بەو جۆرەش پرسیاری خۆی هەیەو بەشوێن وەڵامدا دەگەڕێت.. بێگومان کۆمەڵگەی هەر قۆناغێکیش لە نێو دنیایەك پرسیاری جەنجاڵ و تێکرژاودا دەژی. پرسیاری نوێ و کۆن. هەڵبەتە خەڵکی هەر قۆناغێك بەرپرسە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی.

((2))

زۆرجار باسی ڕەسەنایەتی دەکەین، هەڵبەتە ڕەسەنایەتی دەکاتە واقیع بە هەموو ڕەگەزو بە هەموو بەرینی و قوڵی شتەکانییەوە. هاوچەرخایەتیش بریتییە لە بەکارهێنانی میتۆدێکی زانستی لە بیرکردنەوەو مامەڵەکردندا.. کەلەپور قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوی نییە، بەڵکو بەر لەچێبوونی نەتەوە و پاش چێبوونی نەتەوەیشە. کەلەپور ئاوێتە بوونی مێژوویی و مەتریالی و مەعنەوی نەتەوەیە لە کۆنی کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. واتە کەلەپور لەوە دەوڵەمەندترو فراوانترو بەروماوەکراوەترە، بە تۆبزی لە قاڵب و قەفەزی یەك قۆناغی شارستانی بنرێ. ئیدی ئێمە ئەوەی کە لەکەلەپور وەریدەگرین، ئەوەیە کە بونیادی شارستانییەتی ئەمڕۆمانی پێ مکوم بکەین و قایم بکەین، دیارە شارستانیەتیش لە کرۆك وجەوهەردا بەروبومی ئینسانییە، واتە هەرچی شارستانییەتی ئەم گێتییە هەیە کەم و زۆر لە کارلێکدابوون، لێکتریان وەرگرتووەو بە یەکتریان بەخشیوەوهەر ئەم پرۆسەی دان و وەرگرتنەشە کە زندوویەتی پێ بەخشیوە.. کەواتە لەسەرمانە بەپێی میتۆدێکی زانستی کەلەپوری شارستانیانەی خۆمان بە شێوەیەکی بابەتیانەی دوور لە حەزو ڕق و بانگەشەی سیاسی دابڕێژینەوە. کەواتە ئەگەر رەسەنایەتی واقیع بێ بەهەموو قوڵی و بەرینی و رەگەزەکانییەوە، کە یەکێکیان کەلەپورە، ئەوا جارێکی دی هاوچەرخێتی دەکاتە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی لەبیرکردنەوەدا.. دیارە هەرواقیعێك کۆمەڵێك مەوداو ڕەهەندی خۆی هەیە، کۆمەڵێك تەبیعەت و پێکهاتەی خۆی هەیە و تا ئەو ڕەهەندو پێکهاتانەی واقیع دەرك نەکەی ناتوانی تواناو کەرەستەو ئاڕمانجەکانی گۆڕان و گۆڕنکاری بدۆزیتەوەو بەدەست بێنی. دیارە بە تێگەییشتنی واقیع بەو مەبەستە، ئێمەی هاوچەرخ دکارین هەڵوێستی خۆمان لەمەڕ کەلەپور دیاری بکەین. هەڵبەتە دەبێ ئەو ڕەگەزانەی کەلەپور وەربگرین کە دەتوانن بەشداری کاریگەرو ڕاستەو خۆ لە گۆڕینی واقیعی ئێستاماندا بکەن..کەواتە کەلەپوری هەموو مرۆڤایەتی دەشێت بەو عەیارو مەحەکە مامەڵەی لە تەکدا بکرێ و ئیلهامی لێوەربگیرێت کە خێرایی بە پرۆسەی گۆڕانکاری ئەمڕۆمان بدات، هەڵبەتە هەموو گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی لە جەوهەرو کرۆکیدا بریتییە لە تێپەڕاندنی واقیع و گوێزانەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوترو بالاتر. کەواتە دەبێ مامەڵەکردنمان لەگەڵ کەلەپوردا بریتی بێ لە دۆزینەوەی شێوەو شێوازێکی شارستانیانەی ئەوتۆ کە بگونجێ لەگەڵ ڕاپەڕینی نەتەوەییماندا، دیارە ئەم مامەڵەیەش لەحەوادا یا لە بۆشاییدا ناکرێ. بەڵکو لەناوجەرگەی واقیعدا ئەنجامدەدرێ و هەر واقیعەش دەرهاویشتەو پێداویستی خۆی هەیەو لەگەڵ تەبیعەتی قۆاغی خۆیدا دەگونجێت. دیارە ئەگەر بە شێوەیەکی واقیعبینانە و بەپێی میتۆدی زانستیانەی



www.pertwk.com

بیرکردنەوە مامەڵە لەگەڵ کەلەپوری خۆمان و خەڵکیدا نەکەین ئەوا دەبین بە کۆمەڵانێکی مێملێ بەسەر شارستانییەتەوە نەك کۆمەڵانێکی بەشدار لە بەرهەمهێنانی شارستانییەت. کەواتە پێویستە لەبەر رۆشنایی بیرکردنەوەی زانستیانەی نوێ، بەکەرەستەی بیرکردنەوەی زانستانەی هاوچەرخ مامەڵە لەتەك کەلەپوردا بکەین، تێروانینێکی تازە بۆ کەلەپور بگرینە بەر. چونکە بەها پۆزەتیف و نێگەتیفەکانی نێو کەلەپور، بەهای مێژوویین، واتە بەپێی شوێنیان لە مێژوودا، پێشکەوتن یا پاشکەوتنی ئەو بەهایانە دیاری دەکرێن. کەواتە دەبێ روانینێکی مرۆڤانیمان لەمەڕ کەلەپور هەبێ و بەپێی یاساو ڕێسای وەرگرتن و بەخشین مامەڵە لەتەك تێکڕای کەلەپوری تیرەی بەشەر بکەین و بەجۆرێکی وردبینانە و هوشیارانە ئەو کەلەپورە هەڵبژێرین کە واقیعی ئێستامان بگۆڕێ و خێرایی بە پێشکەوتنمان ببەخشێت و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و نەوەییەکانمان بەدی بێنێ و بەرەو قوڵایی مێژوومان بەرێ و بمانکات بە شەریکی بەرهەمهێنانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، نەك لە پەراوێزی مێژوومان گیرۆدە بکات و بەرەبەرە ببین بە بەشێك لە پەراوێزی مێژووی مردوودا.

## مەرگی شیعر

((1))

وێنەی هونەری،ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەکرۆك وجەوهەری کای هونەرییەوە. واتە بەجۆرێ ئالکاوی یەکدی دەبن کە زۆر زەحمەتە لێکدی جیابکرێنەوە، واتە هونەرێکی جیهانی دروست دەبێ، وبەزمانی وێنە دەدوێ. ئەزموونان هونەرمەندانە دەگوازێتەوەو لە ویژدانان و روحاندا ریشاژۆی دەکا. ئیدی وێنەی هونەری دەبێت بە پردێکی زۆر سەلامەت و ئەمین لەنێوان داهێنەرو وەرگرا. وێنە هونەری دەبێ بەزمانی هاوبەشیان وپەیوەندی لەگەڵ دینامیکییەتی خەیاڵدا پەیدا دەکات. خەیاڵ تەڕی وتازەیی وێنە دەپارێزێ و گەشکەو لەزەت بە روح دەبەخشێت.

جا لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسە وێنەی شیعری پێویستە, وێنەی شیعری هەڵتۆقینێکی کوت وپڕ زندووە لەقولایی روحەوە هەڵدەکشێت و بالا دەکات ودێتە سەرێ وبوونی خۆی رادەگەیەنێت. وێنەی شیعری دەنگدانەوەی رابردوو نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رابردووی دوور لەناو بریسکە بریسکی وێنەداو لەقولاییەکی قوڵەوە دەنگدەداتەوە. هەڵبەتە تەڕیی و تازەیی و زندوویەتی ناسنامەو دینامیکییەتی تایبەتی بە وێنەی شیعری دەبەخشن، بوونێکی ئەنتۆلۆجی وەردەگرێت و، توانای وێنەی شیعری لە بەردەوامانـدنی پەیوەنـدی لەگەڵ وەرگـردا، بۆخۆی بویەرێکەو دەلالەتێکی ئەنتۆلۆجی مەزنی هەیە.. بێگومان داوا لە خوێنەری شیعر ناکرێ کە وێنەی شیعری بەشتێك یان بە ئەلتەرناتیفی شتێکی دی دابنێ، بەڵکو حەقیقەتی تایبەتمەندییەکانی بقۆزێتەوەو وەکو خۆی مامەڵەی لەتەکدا بکات . وێنەی شیعری پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ئەکادیمی نییە، چونکە خەسڵەتی هوشیاری سادەو سەرەتایی هەیە، زمانی

دەربڕینی لاوانەیە و بگرە زمانی وێنەیە، وێنەی نوێ و تازەو جددی. لەشیعردا وێنە پێش بیرۆکەیە، واتە شیعر پتر دیاردەیەکی روحییە تا دیاردەیەکی ئەقلانی بێ.. ئەمەش ((خەونە هۆشی)) لێدەکەوێتەوە، هۆشی خەونئامێز,, دیارە لێرەدا وشەی رۆح و ئەقڵ دوو وشەو زاراوەی هاو واتا نین وشەی روح نەمرە، مەحاڵە لەهەندێ شیعردا بشاردرێتەوە، چونکە وشەیەکە لە هەناسەمانەوە لە دایك بووە، زادەی هەناسەیە، دەنگی هەناسەمانی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە، جا بۆ تێگەییشتن، یان تۆ بڵێ بۆ لەزەت وەرگرتن لە هەر شیعرێکی خالیسە، دەبێ بچینەوە سەر سەرچاو زوڵاڵ وبەخوڕە خوڕەکەی رۆح کە شیعر لەوێوە هەڵدەقوڵێ و مانا پەیا دەکات ، کە مەخابن زۆربەی شیعری تازەی کوردی ئەم سەرچاوەیەی تەرککردووەو تەڕی وتازەیی شیعریان لەدەست داوەو لەبازنەی کۆسمۆپۆلیتزمی بێهودەییدا هەنگڵە شەلێیانە,, چونکە رۆح تیشکێکی خودی خۆکردی هەیەو لەناوەوە پرشنگ دەهاوێ و تیشکە رەنگینەیەکەی ژیان بەخشی وەکو تیشکی هەتاو، بەسەر سەرانسەری شیعرەکەدا پەخشدەکاتەوە، هەرکەسێك بییەوێ لەوێنەی شیعری و لە شیعری خالیسە تێبگات و خۆشی بوێ دەبێ ئاوێتەی ئەو تیشکە خودییە بێ، نەك تیشکێك یان روناکییەك کە رەنگدانەوەی تیشکێکی دەرەکی بێ, شاعیر دەبێ کەسێکی تیشکسازو پرتەو خوڵقێن بێ، هیچ سەرچاوەیەکی گەرمی تیشکدەر فەرامۆش نەکات، دەنا هەزار ساڵ بخوێنێ ئاوازێکی نەمر بەرهەم ناهێنێ و رۆحی لەوتاوی پاقژنایێتەوە,, جا شیعر تا لەرۆحەوە نزیکتر بێ، لەنەخشەو بەرنامەی پێشوەختە دوور دەکەوێتەوە, زووتر لەقاڵبی وێنەدا دەمەیێ و شیعرییەت پەیدا دەکات . واتە رۆح دەرگا لە فۆرمان دەکاتەوەو شێوە بەوێنەی شیعری دەبەخشێت و دەیکات بە ئاوەدانییەکی جوان و دڵگر.. دەیکات بەدەنگێك کە دەنگدانەوەی هەبێت. دەیکات بە لەرەیەك لەرینەوەی هەبێ.بە لەرە گوێ لە قەسیدە دەگرین، بە لەرینەوە دەیڵێین، ماڵی و کەوی دەکەین، لەرینەوەو دەنگدانەوە گوڕان لە بوون دروستدەکەن.. چڕی و قووڵی دیاردەیەکی دوولۆنەی دەنگ و دەنگدانەوەی قەسیدەیە. قەسیدە بە زەبری چڕی و قوڵی و دەوڵەمەندی و بە پیتی خۆی ناخێکی تازە لە دەروونماندا بێدار دەکاتەوە..دەنگدانەوە لەواری خەیاڵی شیعریدا تەبیعەتێکی دیاردەگەرایانەی هەیە، چونکە رابوون وبێداربوونەوەیەکی راستەقینە لە داهێنانی شیعریدا و تەنانەت لە رۆحی خوێنەریشدا چێدەکات.. و بە زەبری دەنگدانەوەی وێنەیەکی شیعری تەرو تازە سەرلەبەری زمان دەکەوێتە جوڵەو ژیانێکی ئەنتۆلۆجی تێدەگەرێو دەپژێ.

((2))

هەندێ خوێنەر، تەنیا بەمەبەستی چێژو لەزەت خوو دەدەنە خوێندنەوەو لەزەتێکی رۆحی لەم خووەی خۆ دەبینن و بەدەنگدانەوەی وێنەیەکی شیعری، بەخنەخنی پەیڤێك ، بەگروگاڵی حەرفێك گەشکە دەکەن و لەدەروونەوە دەشنێنەوە، ئەم خوێنەرە جیاییە لە رەخنەرێك، جیایە لەو رەخنەگرەی داوەری دەکات و حوکم لەسەر کارێك دەدات کە کە بەخۆی ناتوانێ بیخوڵقێنێ یان وەکو دەڵێن نایەوێ بیخوڵقێنێ. بۆیە گومان لەوەدا نییە کە رەخنەگری ئەدەبی بەزەرورەت

کەسێکی جددی و سەختگیرە. بۆیە رەخنەگری ئەدەبی ومامۆستای لۆجیك كە هەمووشتێك دەزانن و حوكم لەسەر هەموو شتێك دەدەن زۆر بەئاسانی تووشی بەرزیخوازی و خۆبەزلزانی دەبن. بەلاَم سەبارەت بەخوێنەرێکی لەزەتخواز، ئەو شتە دەخوێنەتەوە کە حەزی لێدەکات و هەرکاتێ بییەوێ دووبارەو سێبارە دەیخوێنێتەوەو کەسیش تورەناکات و ئەگەر هەست بە جۆرە کبریایەك یا گەشکەیەك بکات، کە زۆر جار زادەی دڵبەندیە بە وێنە یا دەقە شیعرییەکە ئەوا لە دڵی خۆیدایە و لەناخی خۆیدایەو ئاسیو بەکەس ناگەیەنێ و کەسیش هەست بەوە ناکات کاتێ کە شیعرێك دەخوێنێتەوە رەنگە خۆزیا بخوازێ کە شاعیر بوایە یان شاعیر بێ, هەر خوێنەرێکی جدی و تامەزرۆ و گەرم وگوڕ، جۆرە خۆزیاخوازییەکی نووسەریی لەلایە، و ئەگەر زۆر دڵبەندی بابەتەکە بێ خۆی دەخاتە پێستی نووسەرەکەوە.

((3))

بەهەر حاڵ سازگاری دەگەڵ خوێندنەوەدا هەرگیز لە دڵبەندی بەدەر نییە، و دەبێ بەر لەهەر ئیحتوبارێکی رەخنەیی ئەو دڵبەندییە بێتە دەربڕین تاوەکو کاریگەری دیاردەگەرایی (فینومینولوجی) وێنە شیعرییەکە بە فیرۆنەچێت.. چونکە لەمیانەی ئەم دڵبەندییە راست و رەوانەوە لەزەتی خوێندنەوە بەرجەستە دەبێ و وادێتە بەرچاو کە رەنگدانەوەی لەزەتی نووسین بێ، وەکو ئەوەی خوێنەر سێبەرو تاپۆی نووسەر بێ. دیارە ئاوێتەبوون و بەشداری خوێنەر لە لەزەتی داهێناندا نیشانەی داهێنانە، نیشانەی سەرکەوتنی داهێنانە.. رەگی وێنەی شیعری لە زماندایە و لەزمانەوە هەڵدەقوڵێ، و هەمیشە لەزمانی ئاسایی رۆژانە ، لەزمانی ئاسایی لێکدی حاڵیبوون ، هەندێ بەرزترە. بۆیە کە شیعری رەسەن، هونەری دەخوێنییەوە وەکو ئەوەیە ئەزموونی ژیانەوەو هەڵقوڵینەوەیەکی بەلەزەت تاقی بکەیتەوە. ئیدی بەمجۆرە زمان بە بەردەوامی دەژێتەوەو لە زمانی رۆژانە جیا دەبێتەوەو لەوە دەردەچێت ئامراز بێ، دەبێ بە واقیعێکی بارگاوی بەژیان و شیعر و وێنەی شیعری هەم ئەو واقیعە دەسەلمێنن و هەم بەرهەمی دەهێنن.. ئیدی بەوجۆرە زێدەباری ژیانی پەیڤان وەکو لە کاروانی پەرەسەندنی زماندا بەدرێژایی رۆژگاران دەردەکەوێ، وێنەی شیعرییش نموونەیەکی ئەم پەرەسەندنە دەخەنە روو. بۆیە شیعری مەزن، شیعری شکۆدار، کارێکی گەورە دەکاتە سەر رۆحی زمان و ئەو وێنانە دەژێنێتەوە کە سڕدراونەتەوەو جەخت لەسەر سروشتە زمانەوانییە چاوەروان نەکراوەکەی دەکاتەوە، وغەرقی ئازادی دەکات، بەمجۆرە شیعرو زمان و ئازادی لە یەکدیدا بەرجەستە دەبن و یەکدی بەرهەمدێنن و شیعر دەبێ بە دیاردەیەکی ئازادی.

((4))

شیعر هەمیشە جوڵەو بزاوتی خۆی هەیە، وێنە خۆی بە دێڕ دەسپێرێ و خەیاڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگێ و ئاوێتەی خەون دەبێ و تانو پۆی ئەو ئەزموونە زمانەوانییە پێکدێنێ کە مرۆڤ جەرباندوویەتی و تیایا ژیاوە، بۆیە شیعر لەدەرێی خۆیدا، لەدەرێی وێنەدا، وێنەی بێ کۆتایی دا لابوونی نییە، وتەنیا بە کەرەستەو ئامرازی شیعری مامەڵەی لە تەکدا دەکرێ و شیعر تەنیا

زمانی وێنە دەزانێ و بەو زمانە خەیاڵی داهێنەرانە بەرهەمدێنێ و دەق و دەقایەتی دەدوێنێ، و لق و پۆپ بۆ داهێنانی موتڵەق دەهاوێ، چونکە لەلای عەیانە لە دەرێی داهێنانی موتڵەقدا لە شیعرییەت دەکەوێ و بڕشتی لەبەر دەبرێ وبەڤیانی شتێکی نادیار بارگاوی نابێ.. کەواتە هەر کارێکی هونەری بەتایبەتی شیعر کە هونەرییەتی پەیدا کرد، خۆی بوو بەسەرچاوەو کانگەی ژیانی خۆی، پشت لە رابردوو وبەئاراستەی ئایندە تیشک دەخاتە سەر خۆی و تازەبوونەوەو تازەیی دەدوێنێ وسنووری هەر دەستەمۆبوونێك دەبەزێنێ و تا چاو هەتەر بکات دەدرەوشێتەوەو تیشکەرەنگینەیەکی هێندە سەیر دەنوێنێ کە هزر دەرۆستی شرۆڤەو لێکدانەوەی نەیەت.. کەواتە یەکێك لەنیشانەکانی هونەرییەت وروژادنی سەرسامییە لەلای وەرگر. و پتر پیتاندنی ژیانە، هۆش لەسربوون و چاو لە رۆتین بینی ، و زمان لەهەرزە ویژی وروح لەنزمە فڕی دەپارێزێ و مرۆڤ لە پوکانەو دوور دەخاتەوە، وخەیاڵ دەمەزەرد دەکاتەوە، هەڵبەتە خەیاڵ لایەنێکی هەرە سەرەکی سروشت و تەبیعەتی مرۆڤە وسەرچاوەی هەموو داهێنانێکەو زۆر جار لەبەر بەرزە فڕی ولەزی خۆی لەرابردوو و واقیع دورمان دەخاتەوەو بەناو ئایندەمان دەخات، چونکە ئەگەر خەیاڵ نەمێنێ، هیچ جۆرە پێشبینییەکیش نامێنێ کە رەنگە بەهەوێن و ماکی بەردەوامبوون بژمێردرێ, چونکە هەر خەیاڵە بەبێ وچان و لەرێگەی وێنەی تازەوە خۆی بەرهەمدێنێ وخۆی دەوڵەمەند دەکات، بۆیە نابێ بەزێدەوێی گەر بگوترێ هەموودەسکەوتە ژیانی و ژیارییەکان بەوێنەی شیعریشەوەزادەی خەیاڵن..و خەیاڵسزی سەرچاوەی کارەساتە مرۆڤانیەکانە چونکە سەرچاوەی هەرپێشبین و ئایندەروانی و ژیاندۆستییەك کوێر دەکاتەوە..

## مەحەكی شیعر

هەمووومان دەزانین لەبەرەبەیانی پەیدابوونی مێژووەوە بەشەریەت خولیای نەمری كەوتووەتە سەرو ڕێگای جۆراوجۆری بۆ وەدەستهێنانی ئەو كەڵكەیە گرتووەتەبەر. یەكێك لەو هەولاّنە شیعر بووە. دیارە بە درێژایی مێژوو خەڵكانێكی زۆر خۆیان لەم بوارەدا جەڕباندووەو كەسانێكی زۆر كەم گەییونەتە ترۆپكی شیعرو عەرشی شیعریان ئاوەدان كردووەتەوە. بۆ نموونە تەنیا یەك (حافیز) یان یەك( شەكسپیر) لەم دنیایەدا هەن. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەیە كە ڕازێك لە شیعردا هەیەو بە هەموو كەس هەڵنایەت، بۆیە شاعیر لەسەرییەتی كار بۆ دۆزینەوەو نیشاندان و شیعراندنی ئەو ڕازە بكات، دەنا شەوو رۆژ لافی شاعیری لێبدات، لە هەرزەبێژیّ بەولاوە چیتر نییە. و بەگەڵ كاروانی رۆشنبیركوژی دەكەوێ و... شاعیر لەسەرێتی خۆی لە تەجرەبیاتی رەمەكی مەردم دا غەرق بكات، بێ ئەوەی مەسخ ببێ، شاعیر لەسەرێتی بەزەبری شیعر كار بۆ شۆرەتی نەتەوەیی و جیهانی خۆی بكات بێ ئەوەی ببێ بە توفەیلی و مشەخۆری دام و دەزگا جۆراو جۆرەكان و كورسی هەرەبەرزی شیعر واز لێبێنێ و خۆی لە سوچ و كەلێنی رۆژنامانی بازاڕی بخزێنێ . شاعیر نابێ سایەنشینی كەس قەبوڵ بكات، چونكە شاعیر داهێنەرەو دەبێ هەر بەداهێنەری بمێنێتەوە، شاعیر گەر داوای نەنووسینی لێكرا، دەبێ سورتربێ لەسەر نووسین، نەگووتەنییەكان بكات بەڕەمزو بە خەڵكی بڵێ، شاعیر هەمیشە دەبێ بەدەنگی بەرز بانگەوازی (اناالشعر) بكات و دنیا بكات بە چراخانێك ئەوسەری دیار نەبێ..بەلاّم ئەمە مانای وانییە هەرشیعارێك بە شیعر بزانرێ، چونكە ئەم جۆرە شیعارانە نە بایەخی هونەرییان دەبێ و نە كاریگەری رۆشنبیری، ئەگەرچی ڕەنگە لە هەندێ قۆناغ دا بایەخێكی

ڕەوتەنی کۆمەڵایەتی هەبێ. هەر شیعارێك بگری، هەوێنی مەرگی خۆی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە.. شیعرییەت و حەساسییەتی شیعری ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر شیعرێکی زندوو و نەمرەو هەر شیعرێکی ڕەسەنیش بگری خۆبەخۆ پەیامی مرۆڤایەتی و مرۆڤپەروەری لەخۆ دەگرێت و لەوە دوور دەکەوێتەوە کە ببێ بە دەهۆڵ وزوڕنای هیچ دەسەلاّت و دۆزێك، و ناچێتە سایەی هیچ تەقسیم بەندییەکی سیاسیانە و دەستکردەوە: شاعیر سایەنشینی کەس قەبوڵ ناکات، چونکە بەخۆی خودان عەرشە، خودانی جوانترین عەرشە، ئەویش عەرشی بێ هاوتای عەزیمی شیعرە و گەر شاعیر بەهەر عەرشۆکەیەکی دیکەی بگۆڕێتەوە، خوای شیعردەیگرێ..

## زمان و نووسین

((1))

خەڵکی کورد هەقی خۆیەتی هەر ڕێگەیەکی بەرەڤانی لە بوونی بەشەری و سیاسی و رۆشنبیری ومێژوویی و جوگرافیایی خۆی بگرێتە بەر، شارستانیانەو واقیعبینانە مامەڵەی لە تەکدا بکات و لە ناوجەرگەی مێژوودا دەوری خۆی بدینێ وهەرگیز بەوە قاییل نەبێ بخرێتە دەرێی بازنەی مێژوو یا لە پەراوێزان بخرێ. یەکێك لەو ڕێگایانە نووسین و بەکارهێنانی زمانە.

((2))

نووسین و بەکارهێنانی لە بوارە مەعریفییەکاندا، لە بنەڕەتدا، بەتایبەتی بۆ خەڵکی چەوساوەو بن دەستی وەکو کورد، کە سیاسیانە مامەڵە لەگەڵ زمانەکەشیدا دەکرێت، هاوتای ژیانە. کە تیرەی بەشەر کەوتە بەکارهێنانی زمان و گێڕانەوەی سەربردەکانی خۆی، بەمە درێژەی بەشەری پەیدا کرد. خۆی و دەورو بەری خۆی و دیاردەو ڕووداوەکانی تۆمار کرد.ئیدی لەوێندەرەوە کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر کە بەزەبری زمان خۆی و مرۆڤایەتی خۆی تۆمار بکات و بکاتەوە، بەردەوامی بە پەیوەندییە زەمەنی و شوێنییەکانی خۆی ببەخشێت.

((3))

دیارە زمان کاتێك لەوە دەردەچێت کە تەنیا هۆیەك لە هۆیەکانی لێکدی گەییشتن بێ و دەبێت بە کەرەستەو ئەوزاری بەرهەمهێنانی مەعریفەت ودەرککردن کە پێی بنووسرێت. هەڵبەتە لەو حاڵەتەدا نووسین دەبێت بە پارسەنگی بوونی هەرگەل و نەتەوەیەك، دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین

کە زۆرجار نووسین و بەرهەمی قەڵەم بەڕادەیەك چڕو خەست دەبێتەوە، بەتایبەتی لە دەقە داهێنراوەکاندا، هەر بەوە قاییل نابێت لە بازنەی کەرەستەی مەعریفەت و دەرك کردنا بمێنێتەوەو قەتیس بمێنیّ، بەڵکو بۆخۆی دەبێت بە بابەتی مەعریفەت و ئیدراك.

((4))

دیارە زمان پەیوەندی بە چاپ و بڵاوکردنەوەشەوە هەیە، هەموو دەزانین بزاڤی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە باشوری کوردستانا ولە پاش ڕاپەڕینەوە گوڕو تینێکی چەندی و چۆنی وەهای بەخۆوە بینیوە کە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیدا وێنەی نەبووە، دیارە هەر بزاڤێکی وەها لە جۆرە پاشاگەردانییەك بەدەر نابیّ، کە ماکی سروشتی خودی بزاڤەکەیە و درەنگ یا زوو بندەنێتەوەو دەنیشێتەوە.

((5))

بەهەرحاڵ ئێمەی کورد زۆر بەکەمی خودانی خۆمان بووین و تەنانەت لەو قۆناغانەشدا کە خودانی خۆ بووبین، بەجۆریّ گووشارمان خراوەتە سەرو لە هەموو روویەکەوە گەمارۆ دراوین، کە نەپەرژاوینەتە سەر ئەوەی لە ڕێگەی نووسینەوەو بە بەرنامە گەشە بە زمانەکەمان بدەین و نووسین بکەینە فاکتەرێکی کاراو گرنگی سەلماندنی لایەنێکی هەرە گرنگی بوونی بەشەریمان.

داگیرکەرانیش لە پێودانگی سیاسییەوەو لە روانگەی گرنگیی ئەم مەسەلەیەوە، خێرا پەلاماری زمانیان داوین و بە تۆبزی لێیان قەدەغە کردووین و زمانی خۆیان، ئیملاو ڕێنووسی خۆیان بەسەرا سەپاندووین و تا بۆیان کراوە بوونی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیان شێواندووین و مەسخیان کردووین. کارێکی وەهایان کردووە کە ئەگەر نووسەرو هزرڤان و رۆشنبیرانمان تێدا هەڵکەوتبن بەزمانی ئەوان کار بکەن، بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانیان هەر هیچ نەبیّ لە رووی شێوەوە– کە لێرەدا مەبەست زمانە– ببێت بەموڵکی داگیر کەرانمان و زمان و فەرهەنگ و کتێبخانەی ئەوان دەوڵەمەند بکات.

هەڵبەتە ئەم دیاردەیە لە هەندیّ پارچەی کوردستانا زۆر زەق ودیارەو لە هەندیّ پارچەی دیدا کەمتر دیارە. هەڵبەت ئەم حاڵەتە ئەگەر هەندێکی بۆ خەمساردی و بیّ موبالاتی خۆمان بگەڕێتەوە ئەوا خەتاو تاوانە هەرە گەورەکەی لە ئەستۆی داگیرکەرانماندایە و ئەمە پێشێلکردنێکی زۆر زەقی سەرەتایی ترین مافی مرۆڤانی ئێمەیە لەلایەن ئەوانەوە.

((6))

نەزانینی زمانی کوردی لەلایەن هەندێك نووسەری کوردەوەو لە هەندیّ پارچەی کوردستاندا بەو ڕادەیەی کە نەتوانیّ بابەتی هزری و هونەری و فەلسەفی و زانستی پیّ بەرهەم بێنیّ ئەگەرچی لە روویەکەوە نیشانەی مەزڵومیەتی مرۆڤی کوردە کە ڕێگەی زمانی زکماکی خۆی پێنەدراوە، لە روویەکی ترەوە کە بەزمانانی دیکەش کاری رۆشنبیریی کردبیّ، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا وەکو کوردێکی عەربی زمان یا فارسی زمان یا تورك زمان مەعەڕەفی کراوە.

((7))

بەهەرحاڵ ئەمڕۆ لە بەشی باشوری کوردستاناو لە ئەنجامی خەباتی بێ پسانەوەی ڕۆڵەکانی کوردەوە، خودانی جۆرە سەروەرییەکین، لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا خۆمان تاقیدەکەینەوەو دەمانەوێت ڕێگاکان قەدبڕبکەین و لە کاروانی ژیارو شارستانییەت دانەبڕێین.

یەکێك لەو مەیدانانە، مەیدانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبانە. ئەگەرچی ئەمە کارێکی فرە گرنگەو کاریگەریی رۆشنبیری و بایەخی مێژوویی زۆر مەزنی هەیە، بەڵام لە سەرووی باری سەرنج و رەخنەوە نییە. بەخۆمان دەبینین زۆر کتێبی بە ناوەرۆك و بە بابەت کوردی، بەشێوەی عەرەبی واتە بە زمانی عەرەبی چاپ و بلاو دەکرێتەوە کە بە قەناعەتی بەندە هەڵوەستە یەك هەڵدەگرێت. ئەگەر چاپکردنی ئەو کتێبانە بۆ ناردنە دەرەوە بێت و بەو مەبەستە بێ دۆزی کورد بە عەرەب بناسرێنرێ ، ئەمەیان رەنگە پاکانەیەکی بۆ بکرێ، بەڵام ئەگەر بۆ ناو کوردستان بێ ئەوا بێگوومان لەرووی شێوەوە– مەبەست زمانە– لەسەر حەساوی زمانی کوردییە.. خۆئەگەر وابێ ئەوا دەبێ بە زمانانی دیکەش هەمان ئەو کارە بکرێ!! بەتایبەتی زمانانی دەوڵەمەندترو بەربڵاوتر لە عەرەبی و کاریگەرتر لەرووی سیاسییەوە کە ئێمە تا ئەمڕۆ زورمان پێویست پێیەتی. من لێرەدا رووی گلەییم زۆر لە نووسەرەکە نییە کە کوردی نازانێ، یان بە هەرمەبەستێکی دیکە بە عەرەبی دەنووسێت، بەڵکو گلەیی لە دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوەیە کە دەتوانن هەمان ئەو کتێبانە بکەن بە کوردی و بڵاوی بکەنەوەو بەمەش هەزاران وشەو زاراوە دەرژێتە نا زمانەکەمان و ئیدی دەبێت بە زمانی نووسین و بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

خۆ ئەگەر قەراربێ بە بیانوی مێژووی هاوبەش و کۆمەڵێك پەیوەندی و نیمچە پەیوەندی هاوبەش وهەندێك جار پەیوەندی ناچاری و بەتۆبزی، ئەم نەتەوە یا ئەو نەتەوەی سەردەست، بە زمانی خۆیان بدوێنین، ئەوا بەهیچ کلۆجێك نامانپەرژێتە سەرزمانی کوردی و دەبێت لەبەر خاتری ئەوان ئارەزوومەندانە زمانی خۆمان تەرك بکەین.

خۆ ئەگەر کاریش بگاتە سەر ئەوەی زمانی خۆمان ترك بکەین، ئەوا باشتر وایە خوو بدەینە زمانی دەوڵەمەندتر و پڕ بەخششتر و بەرینتر لە زمانی داگیرکەرەراستەو خۆکانمان، هەنگینێ دۆزەکەمان بە خەڵکانێکی زۆرترو بەدەسەلاتترو قەرارسازتر دەناسێنین.. وگومانیش لەوەدا نییە کە مێژووی هاوبەش و پەیوەندی و نیمچە پەیوەندی هاوبەش لە نێوان سەرلەبەری تیرەی بەشەردا هەبووەو هەیە. .

جارەکی دی دەیڵێمەوە کە ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی وەکو زمانێکی زندوو ببێت بەکەرەستەو ئەوزاری بەرهەمهێنانی مەعریفەو ئیدراك، دەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بێتە جەرباندن و پێی بنووسین.

## وەعزدادەرانی سوڵتانان

((1))

وەعز و قسەی رووت بە تەنێ گۆڕانی پێ چێناکرێ. و ئەگەر هەر لە چوارچێوەی تیۆریدا بمێنێتەوە ئەوا بەرە بەرە شەقڵێکی رۆتینی وەردەگرێت و چەشنە چەنەبازییەکی بێهودەیی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر مرۆڤ لێبڕێ بەسەر شتێکدا زاڵ بێ و کۆنترۆڵی بکات ئەوا دەبێ ماك و هەوێن و ریشەو خەسڵەتە بنەرەتییەکانی بخاتە بەر باس و وردەبینی لێکۆڵینەوە.

بێگومان مرۆڤیش بەشێکە لە ژینگەو دەوروبەری خۆی و لێی جیا نابێتەوە، بۆیە هەر هەولێك بۆ گۆڕینی تەبیعەتی مرۆڤ بەدەر لە ژینگەو دەوروبەر، بێهودەیە و هیچ ئاکامێکی پراکتیکی نابێت و مرۆڤەکە بە دەقی خۆیەوە دەمێنێتەوە، بەڵگەش ئەو هەموو پەند و ئامۆژگاری و وەعزدادان و وەعزخوانی یەیە کە سەدان ساڵە لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا هەزار بارە دەکرێنەوە.

مرۆڤ خەڵقەندەیەکی ئاوەزدارە و پێویستی بەوەیە گوزارشت لە خۆی بکات و رێگەی دروستی لێنەگیرێت، چونکە کە رێگەی لێگیرا دووچاری کەچڕەوی ولادان دەبێت و مەحاڵە بەوەعزدادان بێتەوە سەر راستە رێگەو ببێ بە کەسایەتییەکی سروشتی دوور لە هەر گرێیەکی دەروونی و کۆمەلأیەتی. کەواتە بۆ ئەوەی رۆڤی ساغلەم بەرهەم بێ، دەبێ هەر لە منالییەوە رێگە بدرێ لە سنووری بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵەداکە تیای دەژی ئازادانە مافەکانی خۆی بەکار بێنێ و

ئەرکەکانی ئەنجام بدات و پێویستە تەبیعەتی مرۆڤانی بەشەر لە هەموو شتێکدا ڕەچاو بکرێت و مرۆڤ لەسەر ڕووناکی ڕابهێنرێ تا پەنا وەبەر تاریکی نەبات.

((2))

وەعزدادەرانی لای ئێمە، چونکە دەسەندەخۆری دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران بوون و نانیان لەسەر ئەوان بووە، هەمیشە ڕەزامەندی ئەوانیان بە لاوە مەبەست بووە مدارایان کردوون و چاوپۆشیان لە هەموو زوڵم و زۆر و ڕابواردنێکی نارەوایان کردووەو بە قازانجی ئەوان قسەیان کردووەو چاوبەستەکێیان لە جەماوەری خەڵك کردووەو داوای مەحاڵیان لێ کردوون و بوون بە پشتیوانی زۆردارو دەسەڵاتداران و مەسئولیەتی زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی و ڕامیارییان لە ئەستۆی زۆرداران و دەسەڵاتداران لاداوەو خستویانەتە گەردنی خودی زوڵم لێکراوان کە گوایە خەتایان کردووەو خوا غەزەبی لێگرتوون و ڕۆژی گیاندوونەتە ئەم ڕۆژە ڕەشە. هەرچی دزی و فزی و بەدئەخلاقی دەسەڵاتدارە حەلاڵی دەکەن و پاکانە تەنانەت بۆ ماڵ و منداڵ و کەسوکارو دەستو پێوەندو خزمی خەزووری سەپانی شێخیشی دەکەن، بە هەق و نەهەق لایەنی دەسەڵاتدار و حوکمران دەکەن و کە کارو کردەوەیان هەڵدەسەنگێنن ئاماژە بۆ تەبیعەتی نوقستانی بەشەر دەکەن و کاتێك دێنە سەر زوڵم و زۆردارییەکانی دەڵێن: نیازی پاك بوو، ویستی خزمەت بکات، بەڵامە هەڵەی کرد، لە پێناوی خزمەتی جەماوەری خەڵکدا تووشی ئەو هەڵەیە بووە، دەنا ئەگەر لە ماڵی خۆیدا دانیشتبووایە دووچاری ئەو هەڵەیە نەدەبوو. مەگەر هەر یەزدانی مەزن لە سەرووی هەڵەوە بێ و لە هەڵە بەدەربێ.

دیارە ئەم جۆرە وەعزانە گەر درێژە بکێشێت و زۆرترین کەناڵ بۆ گشتاندنی بەکاربرێ ئەوا بیرکردنەوەیەکی زۆر سەقەت و نامرۆڤانەی لێدەکەوێتەوەو بە قازانجی دەسەڵاتدارو بە زیانی بێدەسەڵات دەشکێتەوە و کۆمەڵگە دووچاری سەنگەلایی دەبێ و هەرچی هاوسنگی یەك هەیە لە دەستی دەداو بە جۆرێ دەشێوێ و ژیانی لەبەر چاو دەکەوێ بەو بێ دنیا لە خۆی و لە خەڵکانی دی بکات بە دۆزەخی ڕەش.

لە کاتێکدا تانوپۆی ژیان تەنیاو تەنیا خۆشەویستی و مرۆڤپەروەرییە.. هەر لەناو پرۆسەی خۆشەویستیدا مرۆڤ گەشە دەکات و بوونی مرۆڤانی خۆی دەسەلمێنێ و ڕوحی پاراو دەبێ و خێر هەم بۆ خۆی و هەم بۆ خەڵکی دەداتەوە.

بەڵام مەخابن مرۆڤ و مرۆڤپەروەری لە وڵاتانی ئێمەدا تەنیا قسەی ڕووتەو پتر بۆ جوانکاری گوتارو ڕەفتاری دزێو و ناشیرین و نامرۆڤانەی دەسەڵاتدارانە، هەر دەسەڵاتدارانیش سەرچاوەی هەموو جۆرە زەبر ز زەنگ و تیرۆریکن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا.. هەڵبەتە کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژارو بێنەوا کە زۆربەی هەرە زۆری ڕێژەی کۆمەڵگە بەشەرییەکان پێکدەهێنن جورئەت پەیدا بکەن و بتوانن بەرگری لە بوونی مرۆڤانی خۆیان بکەن و میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی زەمینە خۆش ببێ کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هاوتا بن، و کۆمەڵگە لەوە پتر هاوسەنگی خۆی لە دەست نەدات و مل بە نادیارەوە نەنێ و مرۆڤی دەڤەری مە لەوە مەستتر نەبێ.

((3))

هەر کۆمەڵێك کە پێ دەنێتە قۆناغێکی شارستانی تازەوە دووچاری جۆرە ئەنارشیزمێك دەبێت ئەنارشیزم زادەی قۆناغی ئاوس بە گۆڕانە. جا دووفاقی کەسایەتی لەم چەشنە قۆناغەدا زۆر بەزەقی بەرجەستە دەبێ و خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونە عارەب لە قۆناغی پەرەسەندنی شارستانیانەی خۆیدا کەوتە ژێرکاریگەری دوو دژە فاکتەرەوە: بەدەویەت و ئیسلام. عارەب لەسەرەتادا لە بیاباناندا دەژیا وکۆمەڵێك بەهای وەکو ڕوحزلی وزەعامەتسالاری و بابسالاری هەبوو, ئەوجا ئیسلام هاتو کۆمەڵێك بەهای پێچەوانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا وەکو: خواناسی ودادپەروەری وسازان و سازگاری.. هەڵبەتە هەر قۆناغێکی کۆمەلایەتی یا شارستانی کەبەسەردەچێت تاماوەیەکی زۆر کارو کاریگەرییەکەی دەمێنێ و وەکو میراتییەکی دابو نەریتی کۆمەلایەتی لەناخی خەڵکانێکی زۆردا دەپارێزرێ. هەرئەمەش ئەوەمان بۆ ساغدەکاتەوە کە مرۆڤ خودانی دوو ئەقڵ و ئەقڵییەتە، ئەقڵییەتی دیارو ئەقڵییەتی پەنهان. ئەقڵییەتی دیار بەئاسانی گێڕدەگۆڕێ و لەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکاندا دەسازێ . ئەقڵییەتی پەنهان چونکە ریشەی لە کەلەپوری دابونەریتی دوورو درێژی کۆمەلایەتیدایە نە بەئاسانی دەگۆڕێ و نەبەئاسانی لەناودەچێت یا دەسازێ. هەربۆیەش عارەبی سەرەتاکانی ئیسلام لە ئەقڵی دیاریاندا موسوڵمان بوون و لەئەقڵی پەنهانیاندا بەدەوی بوون و ئەمەش کەسایەتییەکی دووفاقی و ناکۆکی بۆ دروستکردن کە رەنگە تائێستاش بەپەنهانی و بەزەقی ماکی لە کۆمەڵگەی عارەبدا مابێ. بێگومان دیاردەی دووفاقی کەسایەتی تا لە لادێ دوور بکەویتەوە و بەرەوقولایی شار بچی کەمتر دەبێ... جا ئەم دووفاقی کەسایتییە هەرگیز بەشێوازی ڕۆمانسیانە چارەسەرناکرێ. چونکە هەڵقولاوی واقیعی ژیانو مێژووە بۆیە تەنیا بەشێوازی واقیعی و نزیك لە ژیانی خەڵکییەوە دێتە چارەسەرو کەمبوونەوە. دەنا بۆشاییەکی زۆر گەورەو بێهودە دەکەوێتە نێوان واقیعیەتی ژیانو ئایدیالیزمی بیر و بیرکردنەوە... بۆشاییەکی کوشندە دەکەوێتە نێوان دەسەلات و جەماوەری خەڵکەوە، کە ئەمە بێگومان ئاژاوە و شۆڕشی لێدەکەوێتەوە.

((4))

هەرچەندە مرۆڤ بە سروشت و تەبیعەتی خۆی تازەخوازە, بەلام هەرتازەیەکی کاریگەر بگری هەم کۆسپی دەخرێتە ڕێ وهەم تاوانباردەکرێ بەوەی کە دەستی بێگانەی لەپشتە، بەتایبەتی خەڵکانی دەوڵەمەندو زەنگین و دەسەلاتدارو خۆشگوزەران هەموو ڕێیەك بۆ دژمنایەتی کردنی هەر دیاردەو ڕووداوێکی تازەی کاریگەر وشۆڕشگێڕ دەگرنەبەر.. دەوڵەمەند لە کانگەی دڵەوە حەزدەکات خەڵکی، محافەزەکاربن و پابەندی میراتی بابو باپیرانی خۆبن لەهەموو ڕوویەکەوە، خۆئەگەر کەسێکیان تیا هەڵبکەوێ ورێچکەیەکی نوێ بگرێتەبەر ورای تازەو بۆچوونی نوێی هەبێ، خێرا بە نۆکەرو دەستنێژو دەسەندەخۆری بێگانەی لە قەڵەم دەدەن. هەڵبەتە خەڵکی عەوام و نەفام و زوو باوەڕ بەو تۆمەتانە دەکەن. وئیدی ئەو تۆمەتە دەلکێ بەخەڵکی نوێخوازو تازەخوازەوە، جا ئەو تازە خوازە ئەگەر سەرکەوت ودەسەلاتی گرتە دەست ئەوا تۆمەتەکەی



www.pertwk.com

لەسەر لادەچێت، خۆ ئەگەر فەشەلی هێناو سەرنەکەوت ئەوا نەوە لەدووی نەوە بەتاوانباری دەمێنیتەوە.

جا هەر بۆچوون و رایەکی تازە بگری ، چونکەخەڵکی هێشتا پێی رانەهاتوون، غەریبو نامۆو بێگانەیە و ناوو ناتۆرەو تۆمەتی سەیرو سەمەرەی دەخرێتە پاڵ و دژایەتی دەکرێت.. رەنگە ئەم هاوکێشەیە هەوێنی پەسەندن بێ لە هەموو روویەکەوە.. مێژوو وەکو مرۆڤ لەسەر لاقان دەوەستێ، لاقێکی رادەگرێ و یەکێکی دەهاوێ وبەمەش هەنگاوی پێشڤەچوون دروست دەبێت.

جا لە هەموو هەنگاوو قۆناغێکی مێژوودا خەڵکانێك هەن محافەزەکار یان کۆنەپەرستن، وخەڵکانێك هەن تازە خوازو شۆرشگێرو گۆرانخوازن و بگرە فاکتەری گۆڕانیشن. جا ململانێی ئەم دوو جەماعەتە هەر دەمێنێ وچەرخی رۆژگار و کۆمەڵگە بەو ململانێیە دەسوڕێ. هەر یەکێك لەو دوو جەماعەتە ئەویدی قەرزاربارو تاوانبار دەکات و ناوو ناتۆرەی دوا دەخات ، تازەخوازان لەروانگەی محفەزەکارانەوە کەچڕە و نۆکەر و داردەستی بێگانەن، محافەزەکارانیش لەروانگەی تازەخوازانەوە زۆردارو بێ ئینساف ومێملێ وحەرامخۆرن. جا ئەوەی سەیرە وەکو چۆن هەموو کۆنەیەك رۆژێ لە رۆژان تازە بووە، هەموو تازەیەکیش رۆژێ لە رۆژان دەبێ بەکۆن و هەر تازە خوازێك هەر کە سەرکەوتنی بەدەست هێنا دەبێ بە محافەزەکار، واتە لە رابردووی خۆی هەڵدەگەرێتەوەو خیانەتی لێدەکات، هەنگێ تازە خوازێکی دی پەیدا دەبێ و لێی یاخی دەبێ. ئیدی بەمجۆرە رەورەوەی مێژوو هەر دەروات و بەردەوام دەبێت.

سەرکەوتن، دکتۆر عەلی گوتەنی گۆڕی شۆڕشە. تازەخوازی شۆرشگێر هەر کە دەگاتە ئامانج و مەبەستەکانی دێتە دی و ماندوویەتی دەحەسێتەوە، ئیدی ئاهەنگ بە بۆنەی سەرکەوتنەوە دەگێرێت و شادی و شایی دەکات، ئەم شادییە خاوی دەکاتەوە، بەرە بەرە تەمەڵ دەبێ و دەخوازێ بە ئاسوودەیی بەری هەولو کۆشش و خەباتی خۆی بخوات و بەو بێ مێژوو لەبەر خاتری ئەو بوەستێ و لە جێی خۆی جوڵە نەکات !.. لێ ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ، مێژوو هەمیشەرەوە، نە لادەدات، نە هێواش دەبێتەوە و نە خاو. لاقەکانی لە جوڵەی بەردەوامدان. ئەو لاقەی ئەمرۆ لەپێشەوەیە سبەی دەکەوێتەدوواوەو ئەمە حوکمە، حوکمی پێشڤەچوونە و بەهیچ کەسو دەستو دەسەلاتێك ناوەستێنرێ وناگۆڕدرێ... بۆیە دەسەلاتداران و حوکمرانان لەسەریانە ئەو هەقیقەتە دەرك بکەن و رێگە بەهێزێن نوێخواز بدەن بە شێوەیەکی ئاشتیانە وهێمن گوزارشت لەخۆی بکات و رۆڵی مێژوویی خۆی لە بواری پەرەسەندنی کۆمەلایەتی ودادوەری کۆمەلایەتیدا بدینێ و.. . لەئەوروپادا هەڵبژاردن بۆ ئەم پرسە دۆزراوەتەوە کە جێگەی شۆرش و توندو تیژی گرتووەتەوە. واتە هەڵبژاردن لبمان گووتەنی شۆرشێکی دەمامکدارە، لەبری تفەنگ کارتی دەنگدانی تێدا بەکاردێ. دیارە هەر کۆمەڵگەیەك نەهێڵرێ و نەتوانێ لەرێگەی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە دەسەلادارانی خۆی بگۆرێ وخۆی تازە بکاتەوە، ئەوا هەرکە دەرفەتی بۆ بلوێ پەنا وەبەر توندو تیژی وشۆرش دەبات و ئیدی گێژاوی ئاژاوەو هەراو هەنگامەو بێدادی کۆمەلایەتی لوولی دەدات و لە کاروانی شارستانییەت دوادەکەوێ ودەرفەتی خۆتازەکردنەوەو گەشەکردنی مرۆڤانی وپێشکەوتنی شارستانی لەدەست

دەدات.هەر پێشکەوتنێك بگری نرخی خۆی هەیە. واتە پێشکەوتن بیرۆکەیەکی رووت نییە بەمێشکی زانایاندا بێ وئیدی پیادەبکرێ، بەڵکو زادەو بەرەنجامی کارلێك و پێکدادانی سەخت ودژواری نێوان هێزی محافەزەکارو تازەخوازە. گەر هەموو خەڵکی محافەزەکاربووایەن ودەستیان بەکلاوی خۆوە بگرتبوایە ئەوا کۆمەڵگە لەخێی خۆە دەچەقی و وەکو مێروستان وهەنگستان ملیۆنان ساڵی بەسەردا دەرۆیی و وەکو خۆی لەجێی خۆی دەمایەوەو پێشنەدەکەوت.

((5))

بەشەر بوونەوەرێکی گەلەك سەرسەختە، خۆپەرستەو هەرچی دیاردەو رووداوو هەقیقەت هەیە، بەگوێرەی گرێ دەروونییەکانی خۆی، بەپێی بەها کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ولە گۆر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی، شەرح و شرۆڤەدەکات ومامەڵەیان لەتەکدا دەکات، واتە مرۆڤ زۆر بەزەحمەت دەتوانێ بێلایەنانە بیربکاتەوە یا مامەڵە بکات یا بژی. هەر بۆیەش لەوەتای سەری مرۆڤ لە هێلکە جوقاوە هەر لە هەوڵی ئەمدا بووە بگاتە هەقیقەتی تەواو یا لێی نزیك ببێتەوە، هەر نەیتوانیوە. جا لە ئایندەدا دەیگاتێ یا نایگاتێ ئەمە شتێکی دیکەیە و رێگەش لە هیچ هەوڵێك نایەتە گرتن، لێ دەبێ ئەوە لەبەر چاوبگیرێ کە تەنیا ئەو کەسە دەتوانێ لە هەقیقەت نزیك ببێتەوە کە هەمیشە بەگومانەو بێلایەنانە دەروانێتە هەر راو بۆچوونێك. گومان رێگەی باسی ئەکادیمییە.

((6))

پێشینان پێیان وابووە کە دادوەری کۆمەڵایەتی لە بیرێك یان بیرۆکەیەکەوە سەرهەڵدەدات و ئیدی حوکمران دەیگرێتە بەر و درەنگ یا زوو دادوەری کۆمەڵایەتی دێتە دی. هەڵبەتە ئەمە تەنیا قسەی رووتە و لۆجیك پەسندی ناکات و بیری رووت نا توانێ هەڵسوکەوت و رەفتاری مرۆڤ ئاراستە بکات. چونکە مرۆڤ هەرگیز لە بارودۆخ و زروفی دەروونی و کۆمەڵایەتی و شارستانی بەدەرنییەو بیر بەتەنیا و لە دەرێی ئەو زروفانەدا مەگەر زۆر بە ئاستەم و لە سنورێکی دیاریکراودا کار لە ئاکار و رەفتاری مرۆڤ بکات... دادپەروەری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە پێداویستییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤانی و شارستانییەکانەوەهەڵدەقوڵێت و شەرعییەتی خۆی وەردەگرێت و هیچ حوکمرانێك بە بێ گوشاری کۆمەڵ ناچێتە ژێر باری ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییە قورسە، وەکو دەڵێن جەوهەری مرۆڤ یا لە دەوڵەمەنیدا یا لە دەسەلآتدارییدا دەردەکەوێت.

هەر حوکمڕانێك بگریت، دەست و پێوەندێك دەوریان داوە و لە جەماوەری خەڵکیان دابڕیوە، نایەڵن حەقیقەتەکانی پێبگات، راستییەکانی لێ دەشارنەوە و رەشی لێ دەکەن بە سپی و بە پێچەوانەوە... ئیدی نەك هەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بگرە لە رووی مرۆڤایەتیشەوە بە تەواوەتی لە کۆمەڵی دادەبڕن و بۆشاییەك دروست دەبێ کە درەنگ یا زوو قووتی دەداو بەرەو زبڵدانی مێژووی دەنێرێت.



www.pertwk.com

سەرهەڵدانی دەوڵەت و حوکمران لە مێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی شارستانییەت و دروست بوونی شار، واتە سەرهەڵدانی شار، سەرهەڵدانی حوکمرانی بە دوودا هات و شارو شارستانییەت وێرای ئەو دەسکەوتە زۆر و زەبەندانەی لەگەڵ خۆیدا هێنای، لە هەمان کاتدا زوڵم و زۆر و چەوسانەوەشی هێنا. واتە شارستانیەتە کۆنەکان لەسەر شانی جەماوەری ڕەش و ڕووتی خەڵك ڕۆنراوە، ئەگەر لە ڕووی مادییەوە پێشکەوتن بێ ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پاشکەوتن بووە.. ئیدی لە مێژوودا دوو ڕێچکەی هزری پەیدا بوو: یەکێکیان داوای شکۆو ڕابواردن و ولاّتگیری دەکردو یەکێکیان داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکرد. واتە خەڵکی بوون بە دوو بەشەوە: لایەنگرانی دەوڵەت و لایەنگرانی شۆڕش.

مێژووی شارستانیەت تۆمارێکی دوورو درێژی کێشمانەکێشی نێوان ئەم دوو ڕێچکەو هزرینانەیە.. بەم پێیە، کۆمەڵگەی شارستانی ناتوانێ دەستبەرداری کەڵکەڵەی شۆڕشگێڕانەی خۆی بێ، شۆڕشیش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێك دەگۆڕێ و خۆی تازە دەکاتەوە و شێوازی تازە وەردەگرێت. بۆ نموونە ئەو دیموکراتییەتەی لە هەندێ شوێنی دنیادا دەبینرێ زادەی قەرار یا کۆمەڵە قەرارێکی چەند کەسێك نییە، بەڵکو زادەو بەرەجامی شەر و ململانێی سەخت و دژواری ڕەش و ڕووتی خەڵکە لەگەڵ حوکمرانانی زۆردارو ملهوڕدا، بۆیە دیموکراتییەت شێوازێکی شۆڕشەو شیوازێکی چاکیشە. بۆ نموونە سیستەمی دەنگدان کە بەردی بناغەی دیموکراتییەتە لە ڕاستییدا شۆڕشە. جاران خەڵکی دەستیان دەدایە چەك و دەچوونە مەیدانی شەڕ. ئێستا خەڵکی دەست دەدەنە کارتی هەڵبژاردن و دەچنە بەردەم سندوقی هەڵبژاردن و بەبەر چاوی هەموو دنیاوە حوکمرانە ملهوڕ زۆردارو گەندەڵکارەکانی خۆیان دەگۆڕن و بە تۆبزی لایەنی کەمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەسەپێنن و بەرگری لە بوونی بەشەری خۆیان دەکەن و لەم شەڕەدا لە بری گوللەو تفەنگ کارتی دەنگدان بەکاردەهێنن.

بۆیە هەر حکومەتێك بگرێ و بەرژەوەندی ولاّتی بوێ دەبێ خەڵکی ولاّتی خۆی لەسەر شۆڕش ڕابهێنێ، واتە لەسەر دیموکراتییەت کە بەردی بناغەکەی هەڵبژاردنە، دەنا درەنگ یان زوو ڕوو بەڕووی شۆڕشی خوێناوی و بە زەبر و زەنگ دەبێتەوەو بەرەو زبڵدانی مێژوو ڕەوانە دەکرێت... هەڵبەتە مێژووی شارستانییەت دەکاتە تۆماری ململانێی نێوان کۆن و تازەو ئەمەش بۆ خۆی هەوێنی هەر تازە بوونەوەیەکەو لە ئاکامدا هەر نوێخوازی و نوێخوازان سەردەکەون. چونکە نوێ و نوێخوازی زادەی پێداویستییەکانی سەردەم و قۆناغی خۆیەتی و لە واقیعەوە شەرعیەتی خۆی وەردەگرێت هەر ئەم حاڵەتە زامنی سەرکەوتنی دەبێت...

---

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

1-وعاظ السلاطين. الدكتور علي الوردي.

2-سنت و مدرنيتة. دكتور صادق زيبا كلام.

پێرست:


- وتەیەك
- تیرۆرێکی ئەدەبی
- رۆمان دەکاتە دەقاندنی رەگەزەکانی خۆی
- راوە هەست
- دروست خوێندنەوە
- دیکتاتۆریەتی زەین
- شیعرییەت دەکاتە ئەفسانەسازی
- غوربەت و نامۆ بوون
- هونەر مرۆڤ ئاوەدان دەکاتەوە
- چالاکی رۆشنبیری و سیاسی

- هەڵوەستەیەكی ئەدەبی
- دەردی پیرۆزاندن
- هونەر دەبێ لە واقیع باڵاتر بێ
- ئەفراندنی میللی
- ئەدەبو سیاسەت
- بەردو وشە
- تایبەتمەندییە سایكۆلۆژییەكانی پاشكەوتن
- تیرۆژێكی ئەدەبی
- خوێندنەوەی چیرۆك
- دەربارەی رۆمان
- دەستەوایی یان رەخنە
- دەستەڵاتی پەیڤ
- دەق بەڵگەنامەیەكی هونەرییە
- دەقو یاسا شكێنی
- رۆژنامەوانیو دیكتاتۆرسازی
- هونەرو كەڵكەڵەی نەمری
- هەڵوەستەیەكی ئەدەبی
- هەر تازەیەكی ئەمڕۆ كۆنەی سبەینێیە
- مەرگی شیعر
- مەحەكی شیعر
- زمانو نووسین
- وەعزدادەرانی سوڵتانان



www.pertwk.com

## حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری ساڵی 1973 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1976ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, نووسەری کورد, گوڵانی عەرەبی, ئاڵای ئازادی تا ژمارە 00222, گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی, بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند, زنار, سیپان,

پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.

- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی، پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانە لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم 1988
3- بەیداخ، چیرۆك، 1988
4- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان
6- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم 1987 شاخ
7- نینا ، رۆمان، سابت رەحمان، دوو چاپ، شاخ، شار 2002
8- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، دوو چاپ، شاخ، شار 2003 دەزگای ئاراس
9- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، یەك چاپ (شاخ)
10-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)
11 – هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، دوو چاپ، شاخ، شار 2000 گوڵان
12- بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، 3 چاپ شاخ، شار 2003
13- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دووره وڵات، رۆمان ع. قاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان
15- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، دوو چاپ، شاخ، شار 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985
18- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەف دەهقانی، چاپی شاخ
19- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عزیز شەریف
20- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، یەك چاپ



www.pertwk.com

21- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ, مەسعودی ئەحمەد زادە, چاپی شاخ
22- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو, د. کوینتەر دیشنەر, چاپی شێیەم 2004 دەزگای ئاراس
23- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس, نەجەف قولی پسییان
24- گوزارشتی مۆسیقا, د. فؤاد زەکەریا.
25- دەربارەی شیعر و شاعیری, رەزا بەراهەنی.
26- ڤنسنت ڤان گوگ, شانۆنامە, باول ئایز لەر
27- بە دوعا شاعیرەکان, شانۆنامە, جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
28- جولەکەکەی مالْتا, شانۆنامە, مالرۆ.
29- دادپەروەران, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.
30-بەد حالْی بوون, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.
31- چاو بە چاو, شانۆنامە, گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
32- ریچاردی سێیەم, شانۆنامە, شەکسپیر.
33- گەمەی پاشا و وەزیر, شانۆنامە, عەبدوڵلائەلبوسێری.
34- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا, چاپی یەکەم 1998 وەزارەتی رۆشنبیری.
35- هونەر و ژیانی کۆمەلایەتی, پلیخانۆڤ, چاپی یەکەم 2005 دەزگای موکریانی
36- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت, ئیڤلین رییدی.
37- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ, لویس ریی.
38- مندالْە دارینە, چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.
39- فاشیزم چیی؟ کۆمەلْە چیرۆك بۆ مندالان, یەلماز گونای
40- شوانە بچکۆلەکە, چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان
41- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)
42- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.
43- کۆمەلێك ئەفسانەی جیهانی (23 ئەفسانە)
44- زندە خەون, کۆمەلْە چیرۆکی چیخوف, چاپی یەکەم (2001) دەزگای موکریانی
45- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی, چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران, هەولێر
46- جیٚ پیٚ, کۆمەلێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت, جەلال ئال ئەحمەد, بوزرگی عەلەوی, سادقی چوبەك, مەنسوری یاقوتی)
47- چیرۆکستان, کۆمەلێك دەق و رەخنە, چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك
48- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی, چاپی یەکەم (2000) حەمە کەریم عارف
49- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف
50- پەلکە رەنگینە, حەمە کەریم عارف, چاپی یەکەم (2004) وەزارەتی رۆشنبیری
51- کۆمەلێك چیرۆکی بێگانە


www.pertwk.com

52- چزیشفسکی, فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
53- چایکۆ فسکی, ژیان و بەرهەمی.
54- ئیدگار ئالین پۆ, ژیان و بەرهەمی.
55- جاك لەندەن, ژیان و بەرهەمی
56- گوگول, نووسەری ریالیست
57- یەڵماز گونای, ژیان و بەرهەمی
58- سادقی هیدایەت, ژیان و بەرهەمی
59- خافرو غ لە شیعر دەدویٚ, ژیان و بەرهەمی
60- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
61- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا, چاپی یەکەم (2004) دەزگای سپیرێز
62- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەلاتدا ( بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گولان
63- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەلەتێنی دا, حەمە کەریم عارف
64- دیدار و دەق و رەخنە.
65- دیداری چیرۆکڤانی.
66- قوتابخانە ئەدەبییەکان, رەزا سەید حسەینی.
67- ناودارانی ئەدەب, حەمە کەریم عارف
68- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی, حەمە کەریم عارف.
69- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا, کریس کۆچرا, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران
* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بلاو دەکاتەوە..
70- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).
71- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).
72- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).
73- دەربارەی رۆمان و چیرۆك
74- چینی کۆن
75- پەیڤستانی من.

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بلاو کردنەوەی هەبن, پێویستە پرس بە نووسەر بکرێت..


www.pertwk.com

www.pertwk.com